# ڕازەکانی گەنجێک ٢

أحمد الشقيري



وەرگێڕانی: هێمن قادر

Scanned with CamScanner




Scanned with CamScanner



# ڕازەکانی گەنجێک ٢

ئەحمەد شوقەیری

وەرگێڕانی: هێمن قادر شاسواری

Scanned with CamScanner

ناوی کتێب: ڕازەکانی گەنجێک٢

ناوی نووسەر: ئەحمەد شوقەیری

وەرگێڕانی: هێمن قادر شاسواری

پێداچوونەوەی: ئازاد عەبباس گڵێجاڵی

دیزاینی بەرگ: ناوەندی ڕێنوێن

دیزاینی تێکست: دانا حەسەن

نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٨

چاپ: ناوەندی ڕێنوێن

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

نرخ: (٤٥٠٠) دینار

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٦٤٣)ی ساڵی (٢٠١٨)ی پێ دراوە.

**مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕێنوێن©**

RENWEN

**ناوەندی ڕێنوێن**

07701932749 - 07501269689

hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com

سلێمانی- بازاڕی ئاوباریک- نهۆمی یەکەم
بەرامبەر کاسۆمۆڵ- دوکانی ژمارە (٦٦)

Scanned with CamScanner



## پێرست


پێشــەكی ناوەندی ڕێنوێن ........................................ ٩
پێشــەكی چاپی پێنجەم ........................................ ١١

ڕازەكانــی دڵ ........................................ ١٣
٢٤ كاتژمێـر ........................................ ١٥
ئایـا پارێزراویت؟ ........................................ ١٨
باشییەكانی ئیبلیس ........................................ ٢١
تیرێـك لە دڵتدایە! ........................................ ٢٥
ســوپاس بۆ پەروەردگار كە محمد(ﷺ) پێغەمبەری خودایە .... ٢٨
دڵسۆزی ........................................ ٣١
ناوبانگی نەفرەتی ........................................ ٣٤
سەركێشی ........................................ ٣٨
بۆ كوێ ڕائەكەی؟ ........................................ ٤٢
ژیاننامــەی پێغەمبەر (ﷺ) (خۆشەویســتی یـان ڕق؟ دڵ ڕەقیی یان
میهرەبانی؟) ........................................ ٤٦




Scanned with CamScanner

رازەکانی هزر ........................ ٤٩
وتاری ڕۆژی هەینی بۆ سـەدەی بیسـتویەک ........ ٥١
زیندەبەچاڵی سـەدەی بیستویەک ........ ٥٤
نەوەی خزمـەت ........ ٥٨
گرنـگ و گرنگتر ........ ٦٠
چیمان پێشـکەش بە جیهان کردووە؟! ........ ٦٣
فتوایەکی زۆر نامۆ و سـەیر ........ ٦٧
ئەتەکێتـی جەنـگ «بیـلال! ئـەوە سـۆز و میهرەبانیـت لـە دڵا نەماوە؟» ........ ٧٢
سەرنجی ڕەوشـت بەرزی ........ ٧٦
لەسـەر ڕێگای پابەندبوون ........ ٧٩
نادروسـتەکان (الحـرام) ئاسـانن و دروسـتەکان (الحلال) ئەسـتەم بوون ........ ٨٤
بەد گومانی دەربارەی ئیسـلام ........ ٩٠
بانگخوازان لەسـەر زەوی ........ ٩٦

رازەکانی گەشەپێدان ........ ١٠١
ڕۆشـنبیری سێکسی لای پێغەمبەری خودا (ﷺ) ........ ١٠٣
چـۆن بوونە داهێنەر؟ ........ ١٠٧
تێشـکێک لەسەر جگەرەکێشان ........ ١١٢
چـۆن واز لـە چەلەحانێ (الجدال) بهێنین؟ ........ ١١٥
بۆچی بخوێنینـەوە؟ ........ ١١٨
ئـــاو ........ ١٢١



Scanned with CamScanner

باشترین پەروەردە .............................................. ١٢٦
بە هەزار پیاو .............................................. ١٣١
دوژمنەکەت بناسە .............................................. ١٣٥

پاشکۆی وێنەکان .............................................. ١٤١



Scanned with CamScanner



## پێشەکی ناوەندی ڕێنوێن

ئایینی ئیسلام کە خەڵاتێکی مەزنە لەلایەن خوای گەورەوە بۆ مرۆڤەکان پێویستە وەک خۆی بپارێزرێ و ڕێزی لێ بگیرێت، هەروەها پێویستە لەسەر موسوڵمانان هەوڵ بدەن زۆر بەجوانی و پوختی لە ئایینی ئیسلام تێبگەن و پیادەی بکەن.

یەکێک لە کێشە زۆر گەورەکانی ئەمڕۆی موسوڵمانان ئەوەیە کە زۆربەیان لە ناوەڕۆک و ئامانجی ئایین تێنەگەیشتون و بانگەوازیشی بۆ ئەکەن، ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کە زیانی لە قازانجی زیاتر بێت، چونکە بێگومان ئەو کەسەی بانگخوازە دەبێ مەرجەکانی بانگخوازی تیا بێتەدی، بزانێ چۆن خەڵک بانگ ئەکات، کردارەکانی وەک گوفتاری بێ، تا بەر (لم تقولون مالا تفعلون ) نەکەوێت، پێویستە بانگخواز بە حیکمەتەوە کارەکانی ئەنجام بدات، سەر لە ئامانج و مەبەستەکانی ئایین دەربکات، شارەزای هەڵسوکەوت و داب و نەریتی ئەوانە بێت کە بانگیان ئەکات، پێویستە لەکاتی گوفتارا نەرم و نیان بێت و پەند و قسەی نەستەق و بەسەرهاتی گونجاو و راستەقینە و خۆش بگێڕێتەوە ئەم کتێبەی (خواطر) یەکێکە لەو کتێبانەی کە پێویستە گەنجان و بەتایبەت بانگخوازان لێی ئاگاداربن.



## پێشەکی چاپی پێنجەم

سوپاس و ستایش بۆ خودای پەروەردگار درودو سەلام لەسەر پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ)، پاشان:

لە ساڵی (٢٠٠٢) خوا ویستی چوومە ناو ڕاگەیاندن لە بەرنامەی (یەڵا گەنجان)، ئەو کاتەم بە دەرفەتێکی باش زانی، بتوانم خزمەت بە گەنجان بکەم، بۆیە هەر ئەوکاتە بڕیارێکی وەهامدا، بەهۆی ئەوەی لایەنی مادییم زۆر باش بوو خۆم خاوەنی بەشێک بووم لە کۆمپانیایەک، لە باوکمەوە خودا لێی خۆشبێت بۆم مابوویەوە.

یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی بەردەوام بونی پرۆژە خێرییەکان، پێویستی بە بونی داهاتێکی داراییە، بۆ ئەوەی گەورەتر بێت، بەرەو باشتر بڕوات، بەبێ ئەوەی چاوی لە هاوکاری بێت کە پێشکەشی بکرێت. بۆیە پێویستە هەرچی ئەو داهاتەی لەو پرۆژەوە دەست دەکەوێت. بۆ گەورەکردنی ئەو پرۆژەیە دیسان خەرج بکرێتەوە بۆئەوەی زیاتر پەرەی پێ بدرێت، بە بڕوای من ئەم بیرە لە بنەمایەکی ئیسلامییەوە وەرگیراوە کە ( لە ڕابردوودا پێیان دەوت دارایی تەرخان کراو (الوقف) )، لەم سەردەمەی ئێستاماندا زۆر پێویستمان بەو تەرخانکردنەیە، کاری چاکە لەم



Scanned with CamScanner

ڕۆژگارەدا یـان بـەردەوام نابێـت یـان بـە لاوازی بـەردەوام دەبێـت؛ ئـەوەش بەهـۆی نەبوونـی دەسـتکەوتی مـادی و، پشـت بەسـتن بـە کاری خۆبەخشـیو بەخشـش کـە ئەمـەش ئـەو پرۆژەیـە لاواز دەکات.

ئامانـج لـە خوێندنـەوەی ئـەم کتێبـە ئەوەیـە، بـە ئاسـانی خوێنـەر بتوانێـت سـود لـە کورتـی وتـار و، جـۆراو جـۆری بابەتەکانـی بینێـت، لـە هەمـان کاتـدا, داواکاریـن لـە خـودای پـەروەردگار ئـەم کتێبـە بروسـکەی هەڵگیرسـاندنی گۆڕانبێـت لـە لای گەنجانمـان، دڵەکانیـان ڕابکێشـێت بـۆ دروسـتکردنی دڵێکـی بنیـات نـەری جیلـی (٢٠٣٠)....

هەرچەنـد لـە هەندێـک بابەتـدا لـە ڕێـڕەوی ئاسـای و، چەمکـی سـەرەکی و، نەریـت لامانـداوە، ئەمـەش بۆ مەبەسـتی ئەوەی بروسـکەی گۆڕانـکاری کۆمەڵگـە و، دەرهێنانـی مرۆڤـە لەسـەر ئـەوەی کـە خـوی پێـوە گرتـووە بـۆ ئـەوەی بـە بیرێکـی نـوێ و چاوکراوەیی سـەیری شـتە نوێـکان بـکات، ئـەدگاری والا بـکات بـۆ کردنەوەی لـەڕوی زانسـتییەوە، لـە ژێـر سـێبەری یاسـا گشـتییەکانی شـەرعیەتدا...

خودا سەرپەرشتیار و پشتیوانە.

ئەحمەد مازن شوقەیری

١٢/ ٩/ ٢٠١٣



Scanned with CamScanner

# ڕازەکانی دڵ



Scanned with CamScanner



# ٢٤ کاتژمێر

چی دەکەیت ئەگەر پێت بڵێن: (٢٤) کاتژمێرت لە ژیاندا ماوە، دوای ئەو (٢٤) کاتژمێرە دەمریت؟!

چی دەکەین؟!!

بیر بکەرەوە ئەگەر ئەمە ڕاستییەک بێتو هیچ کەمو زیادی نەبێت، بیر بکەرەوە کە تۆش تەواو بڕوات بەو کارە هەبێت، تۆ چی دەکەیت؟

هیوادارم دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە لەگەڵ خۆت دابنیشیت و، پلانی ئەو (٢٤) کاتژمێرە دابنێیت کە لە ژیاندا ماوتە، پاشان چەند پرسیارکم بۆت هەیە بۆ ئەوەی هاوکاریت بکات لە نوسینەوەی پلانی ئەو ماوەی لە تەمەنت کە ماوتە.

- ئایا ڕاسپاردەکانت (الوصیە) نوسیوەتەوە؟ دیاری کردووە لە کوێ بە خاک بسپێرێیت، دەتەوێت کێ لەسەرت نوێژی مردوو بکات؟
- پەیوەندیت لەگەڵ هیچ کەس تێک چووە؟ ئایا ئەگەر لەسەر جێگەی مردن بیت دەتەوێت پەیوەندی بە کێوە بکەیت بۆ ئەوەی لێت ببورێت؟ دەتەوێت تەلەفونەکەت هەڵبگریتو لەگەڵ کێ بدوێیت بۆ ئەوەی دەنگی ببیستیت؟ ئایا سەیری دژایەتییەکانی



Scanned with CamScanner

ناخـت دەکەیـت. لـە ژیانتـدا ئەنجامـت داون. بەهەمـان گرنـگ گرتنـی کێشـەکە و. لـوت بـەرزی و. لەخۆبایـی بونـەوە ئێسـتاش دەتەوێـت هەمـان کار بکەیتـەوە ئەگـەر بزانیـت مـردن هێنـدە لێـت نزیکـە؟

- ئایـا دەڕۆیـت بـۆ ئـەوەی سـەر لـە یەکێـک لـە ماڵەکانـی پـەروەردگار بدەیـت؟ دواجـار کـەی بـووە ڕۆشـتویتە مزگـەوت؟ کـەی بـوە دینـی پـەروەردگارت کـردووە لـە یەکێـک لـە ماڵەکانیـدا؟

- وەک ڕۆژانـی دیکـەت بـە هەمـان شـێوە ئـەو ڕۆژەش لـە گزنگـەوە دەڕۆیـت بـۆ سـەر کارەکـەت؟ یـان سـەرقاڵی پەرسـتش دەبیـت؟ بیـر لـەو فەرمـودەی پێغەمبـەر(ﷺ) بکـەرەوە دەفەرموێـت: «ئەگـەر ڕۆژی دوایـی بێـتو یەکێـک لـە ئێـوە نەمامێکـی بـە دەسـتەوەبێت، بـا پێش ئـەوەی ڕۆژی دوایـی بێـت نەمامەکـە بچێنێـت» .... ئایـا گرنگـی ڕۆشـتنی ئـەو ڕۆژەت بۆسـەر کار دەزانیـت چیـە، هەمیشـە ئـەو ڕۆژەت پەیوەندییەکـی بەهێـزی بـە ڕۆژی پەسـڵان (قیامـە)وە هەیـە، چونکـە کارەکـەت لـە دنیـادا بەشـێکی جیانەبووەوەیـە لـە ڕۆژی دوایـی؟ یـان تـۆش وەک زۆربـەی خەڵـک جیـاوازی لـە نێـوان ئـەو دوولایەنـەدا دەکەیـت، واتـە: وا سـەیری خوێنـدن و، کارەکـەت بکەیـت کـە ئـەو دوانـە کاری دنیاییـنو پەیوەندیـان بـە قیامەتـەوە نییـە و، ڕاسـتەوخۆ دوای ئـەوەی کـە تـۆ لەسـەر جێـی مـردن بویـت ئیـدی واز لـەو کارانـە بهێنیـتو پشـتگوێیان دەخەیـت؟!

- ئاخـۆ ئـەو کارە چییـە کـە پێشـتر بـە کاری لەپێشـینەو کاری یەکەمـی خۆتـت دانابێـت، ئێسـتا کـە تـۆ لەسـەر جێـی مردنیـت پشـتگوێت خسـتووە؟ ماڵەکەتـە؟ یـان سامانەکەتە؟ یـان جوانـی و نـاو ناوبانگتـە؟

- ئاخـۆ ئـەو کارە چییـە پێشـتر ڕقـت لێـی بـووە و، ئێسـتا کـە تـۆ

لەسەر جێگای مردنیت هەموو شتێکە بۆت؟ پەیوەندیتە لەگەڵ خێزانەکەت؟ یان دڵتە، بەهۆی بونی پەیوەندییەکی بەهێزی بەخوداوە؟ یان چاکەو بەخشندەییەکانتە کە بەهۆی سەرقاڵ بونی دڵت بە دنیاوە لەبیرتکردووە؟

پێشەوا شافعی دەفەرموێت:

(غفلنا لعمر الله حتى تداركت — علينا ذنوب بعدهن ژنوب

فياليت أن الله يغفر ما مضى — فيأذن في توباتنا فنتوب)

واتە:

(تەمەنێک کە خودا پێیداوین بە سەرقاڵ بون بە دنیاوە بەفیرۆماندا، تاوانەکان لەسەرمان کەڵەکە بووەو کۆبوەتەوە، دەی خێراکەن خودا دەبورێت لەوەی کە ڕابوردو تێپەڕی، مۆڵەتی گەڕاندنەوەی پێداویت پێویستە بگەڕێنینەوە).

بێ ئاگاییمان لە مردن لە گەورەترین جۆری بێ ئاگاییە، هەمیشە بەبەردەوامی بیر لە مردن بکەرەوە؛ تا بیرکردنەوە لە مردن دەبێتە کارە هەرە لەپێشینەکانت...



## ئایا پارێزراویت؟

خاتو عائیشە باسی پێغەمبەر(ﷺ) دەکات دەفەرموێت: ئەگەر پێغەمبەر(ﷺ) هەورێکی ببینیایە بە ئاسمانەوە دەڕۆشتە دەرەوە و دەهاتە ماڵەوە، دەڕۆشتو دەهات، شێوەی ڕوخساری دەگۆڕا، ئەگەر باران بباریایە دڵ خۆش دەبوو، عائیشە بەم شێوەیە باسی ئەو بارەی دەکرد، پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: «نازانیت لەوانەیە: (فَلَمَّا رَأَوْهُ عَارِضًا مُّسْتَقْبِلَ أَوْدِيَتِهِمْ قَالُوا هَٰذَا عَارِضٌ مُّمْطِرُنَا )» .. گەلی عاد کاتێک هەورەکەیان بینی بە ئاسمانەوە هەمویان لە نێوە خۆیاندا دەیان وت مزگێنی بێت ئەم هەورە بەخشندەیی بۆمان هەیە، دەیان وت: ئەوە بارانە، پەنابەخودا لەکاتێکدا ئەو هەورە سزای بۆیان هەڵگرتبوو!.

سەیری حاڵی پێغەمبەر بکە(ﷺ)، ئەو پێغەمبەری خودا بوو(ﷺ) لە حەرەمی نەبەوی و، لە مەدینە دەژیا، هاوەڵانی لەگەڵ بوو، کە باشترین کەسان بوون لەسەر ڕوی زەوی، لەگەڵ ئەو هەموو تایبەت مەندییە هێشتا هەر لە سزای پەروەردگار دڵ ئارام نەبوون!، بەراوردێک لە نێوان ئەم ترسی ئەوانو ترسی ئێمە بکە، ئێمە لەم ڕۆژگارەماندا هەموو ڕۆژێک ڕوداوی سروشتی جۆراو

جۆر بەر چاو و، گونمان دەکەوێت. زەمین لەرزە لە ئەورووپا و، تسۆنامی لە ئاسیا و، زریان و لافاو لە ئەمەریکا. هەستیش ناکەیت ئەمە سزابێت. ئەم کارەساتانە بۆ ئێمە هاتوون، وەک ئەوەی پەنا بەخودا ئێمە هەرگیز توشی ئەو جۆرە سزایانە نابینەوە و، لەلایەن پەروەردگارەوە پارێزراوین! ئەم هەستە کە ئێمە هەمانە پێغەمبەر(ﷺ) لەو جۆرە هەستەی نەبوو، ئەم بێ ئاگابون و نەترسان لە سزای پەروەردگار لە گەورەترین کارە خراپەکانە و، باڵاترین نەخۆشییەکانی دڵە.

لە ساڵی (٩٦ پ.ز) لە باشوری ئیتاڵیا لە نزیکی شارێک گڕکانێکی ئارام هەبوو، لەو ساڵەدا گڕکانەکە چالاک بوو هەڵچوو، لە ئاسماندا هەورێکی خۆڵەمێشی گڕکانی دروست بوو، تەواوی ئاسمانی شارەکەی داگرت، هەرچەند ڕۆژ بوو، بەڵام دنیا گۆڕا وەک ئەوەی شەوێکی تاریک بێت، پاشان لە ئاسمانەوە بەردی ئاگرین بەسەر خەڵکدا باری، دواتر لافاوی ئاگری (لافاو) لە شاخەکەوە هاتە خوارەوە، بە ئەندازەی (١٠) مەتر ئەو شارە کەوتە ژێر لافاوی گڕکانەکەوە... هیچ کەسێک نەبوو شتێک دەربارەی شاری (بۆمبای) بزانێت تا چەند سەد ساڵێک لەمەوبەر، سەیرەکە لەوەدابوو بەهۆی ئەو (لافا)وە وەک چۆن پێش هەزاران ساڵ لەناو چون بەو شێوەیە دۆزرانەوە.

زانایان دەڵێن: هۆکاری سەرەکی بۆ دابەزینی سزای پەروەردگار -پەنا بەخوا- بڵاو بونەوەی ستەمە لە کۆمەڵگەدا، کاتێک ستەم لە وڵاتدا بڵاو بویەوە، ئەوە سزای پەروەردگاریش دا دەبەزێت.

(وَمَا كُنَّا مُهْلِكِي الْقُرَىٰ إِلَّا وَأَهْلُهَا ظَالِمُونَ).

(ئیبن و تەیمییە) (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە تێگەیشتنی



Scanned with CamScanner

بۆ ئـەم یاسـایە، وتەیەکـی زۆر جوانـی هەیـە: (خـودای پـەروەردگار وڵاتێکـی دادپـەروەر رادەگرێـت، ئەگـەر چـی بـێ باوەڕیـش بێـت، وڵاتێـک سـتەم بەرپـا بـکات لەنـاوی دەبـات ئەگـەر چـی بڕواداریـش بـن) پێـوەری سـەرکەوتن لـە دنیـادا دادپەروەرییـە، دیـن هاتـووە بـۆ بەرپـا کردنـی دادپـەروەری. ئەگـەر بـێ بـاوەڕ دادپـەروەر بـوون ئـەوە خـودای پەروەردگاریـش پایەداریـان دەکات.

ئەگـەر سـتەمیش لـە نـاو بـێ باوەڕانـدا بـڵاو بویـەوە ئـەوە لەناویـان دەبـات، پەنـا بەخـودا.





لاشەی مردووەکان پارێزراون، هەروەک کاتی ڕوودانی گڕکانەکە

## باشییەکانی ئیبلیس

- سـوپاس ئیبلیس؛ چونکە فێری ناشرینی خۆ بەگەورە زانی و پێداگریت کردین، لە گفتوگۆکەتدا لەگەڵ خودای پەروەردگارو کڕنوش نەبردنت بۆ ئادەم، بۆم دەرکەوت کە کەللە ڕەقیت بەشێکە لە بەشەکانی بێ مێشکی! خودای پەروەردگار لەبەر چاوت بوو، بەبێ پەردە لەگەڵی دوایت، پاش ئەوەی کە فەرمانی پێکردیت, کڕنوش بەریت بۆ ئادەم بەمل هوری خۆت توشی تاوان کرد، دەستت کرد بە هێنانەوەی بیانو و، بەڵگەی بێ بنەما! بە چی پێوەرێک بۆت دەرکەوت کە ئاگر لە قور باشترە، کردتە بیانوی ئەوەی کڕنوش نەبەیت بۆ ئادەم، خۆت دەزانی ئەو کەسەی (ئاگرو قوڕ)ی دروستکردووە، فەرمانت پێ دەکات بە کڕووش بردن بۆ ئادەم!! بەڵام پێداگریت کوێری کردبویت...

- سوپاس ئیبلیس، لەتۆوە فێری ئەوە بووم کە خودای پەروەردگار چەند میهرەبانو بەخشندەیە... پاش ئەوەی تۆ فەرمانەکەیت جێ بەجێ نەکردو، داوات لێکرد کە مۆڵەتت بدات، بە هەمیشەیی بمێنیتەوەو وتت: (قَالَ أَنظِرْنِي إِلَىٰ يَوْمِ

يُبْعَثُونَ) ئەو فەرمووی: (إِنَّكَ مِنَ الْمُنظَرِينَ) خودا چەند میهرەبانو بەخشندە و لێبوردەیە...

- سوپاس شەیتان؛ چونکە فێری ئەوەت کردین هەر کەسێک دین بەکار بهێنێت، وە ناوی خودا بەکار بهێنێت بۆ فریودانی خەڵک و، پەیدا کردنی ماڵی دنیا، ئەوەم بیر دەخاتەوە کە تۆ بە درۆ سوێندت خوارد، بۆ ئەوەی ئادەم و نەوەکانی لە خشتەبەریت، وتت من ئامۆژگاریتان دەکەم: (وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ) فێرت کردین هەرکەس سوێندی خوارد ڕاستگۆ نییە، هەروەها هەموو ئەوانەی کە ئامۆژگاریت دەکەن مەرج نییە هەموویان بۆ بەژەوەندی تۆ قسە بکەن، فێرت کردین کە بە ئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵک بکەین، بۆیە سوپاس...

- سوپاس ئیبلیس؛ فێرت کردم کە بە پەرستشەکەمانەوە لەخۆ بایی نەبین!, چونکە دوای ئەوەی تۆ نزیکترین بەندە بویت لە پەروەردگارەوەو، لە هەموو بەندەکانی تر پەرستشت زیاتر بوو، تا وات لێهات کە پێت بفەرموێ: لە ئەرزو ئاسماندا جێگەیەک نییە کە شوێنی کڕنوشی تۆی تیا نەبێت... بەڵام بە پەرستشەکەت لەخۆت گۆڕای و لوت بەرزیت نواند و، فەرمایشتی خودات لە زەویدا... سوپاس بۆتۆ فێرت کردم هەر بەندەیەک لەخۆبایی بونو لوت بەرزی لە ناخیدا لە دایک بێت ئەوە بەرەو تیا چوونی دەبات...

- سوپاس ئیبلیس؛ فێرت کردین کە ئیرەیی بردن (الحسد) چاکەکان لەناو دەبات!! جگە لە ئیرەیی بردن، هیچ مانایەک نەبوو بۆ ئەوەی کە کڕنوش بۆ ئادەم نەبەیت؛



Scanned with CamScanner

چونکە خودای پەروەردگار نزیک بو. کە فەرمانی پێکردیت بە کڕنوش بردن بۆی، ڕەنگە تۆ لەو کاتەدا ئاواتت ئەوە بوبێت ئادەم کڕنوشت بۆ ببات، چونکە تۆ لەو زیاتر پەرستشت بۆ کردووە! سوپاس بۆ تۆ چونکە تۆ فێری زیانەکانی ئیرەیی بردنت کرین!

- سوپاس ئیبلیس؛ خۆ داماڵین یەکێکە لە گەورەترین ئامانج و، مەبەستەکانت بۆ لە خشتە بەردنی ئادەم: (يَا بَنِي آدَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ الْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْآتِهِمَا ).

سوپاس لەوە بە ئاگات هێنایین خۆ ڕوتکردنەوە و، داماڵینی حەیا لە گەورەترین هۆکارەکان بوو بۆ ئەوەی لە بەهەشت دەریان بکەیت!

لیستی ئەو کارانە زۆرە کە پێویستە سوپاسی ئیبلیس بکرێت، هیوادارم بەدەم داواکارییەکەمەوە بێن... پێت چۆنە ڕێکەوتنێک ساز بکەین لە بەرژەوەندی هەردووکمان بێت؟ وازم لێ بهێنەو پەیوەندیت بە منەوە نەبێت، خودا پەرستی خۆم بکەمو، هیچ تاوانێک نەکەم، پاشان بە پشتیوانی خودا من بڕۆمە بەهەشتەوە و، تۆش تاوانەکانت کەم ببنەوە؛ چونکە یەکێک لە ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە خشتەت بردون کەم دەبێتەوە، بەم کارەش سزاکانت کەم دەبنەوە؟! ئەی ئەم کارە بۆ لەگەڵ سەرجەم بەندەکان ناکەیت، سەرجەمیان ڕزگار بکەیت؟ ئایا شتێکی ژیرانە نییە کە واز لەم پێداگریەت بهێنیت، واز لە بەندەکان بهێنیت سەرقاڵی داوای لێخۆشبون بن لە خودا، ئێمەو خۆشت ڕزگار بکەیت، یان پێداگیریەکەت

تـۆی لــە ســەرجەم ئــەم کارانــە کوێرکــردووەوە؟

مــن دەزانــم ئەگــەر تــۆ وازم لــێ بهێنیــت، جەنگــی مــن هێشــتا کۆتایــی نایــەت، چونکــە لەناخمــدا دوژمنێکــی بەهێزتــر لەتــۆ بونــی هەیــە و، توانــای ئــەوەی هەیــە کــە مــن لــە خشــتە بەرێــت و لەنــاوم ببــات، ئەویــش نەفســمە! داواکارم لــە خــودای پــەروردگار هاوکاریمــان بــکا بــۆ ســەرکەوتن بەســەر دوژمنەکانــی نــاخ و دەرەوەمانــدا.



## تیرێك لە دڵتدایە!

هەرکاتێـک بـە ئـارەزووەوە سـەیری ئافرەتێـک دەکەیـت، ئـەوە بزانـە بـەو کارە تیرێـک دەدات لـە دڵـت...

**پاسایەکی زۆر سادە:**

تەماشـا کـردن = بیرکردنـەوە = ئـارەزوو= ئەنجـام دانـی کارێکـی نـاڕەوا یـان پـەژارەی ئـەوەی نەتوانـی بـە ڕێگەیەکـی دروسـت چێـژ لـەو کەسـە وەربگرێـت!

کاتێـک سـەیری ئافرەتێـک دەکەیـت، سـەرەتا خەیاڵـی دەکەیـت و بیـری لێدەکەیتـەوە! بیـر دەکەیتـەوە کێیـە لـە ژێـری ئەو پەچەیـەوە... بـە خەیـاڵ تـۆ لـەو ئافرەتـە نزیـک دەکەویتـەوە و، دەسـتی لـێ دەدەیـت!.. پاشـان ماچـی دەکەیـت! مێشـکت بـەم شـێوەیە کار دەکات...

هەرکاتێـک ئـارەزوت کاری کـرد، تێکـەڵ بـەم بیرکردنەوەیـە بـوو ئـارەزوت دەهەژێـت و، کار دەکاتـە سـەر پەرچەکـرداری دڵو جەسـتە لەگـەڵ ئـەوەی لـە مێشـکدا بیـری لێدەکەیتـەوە!

ئەگـەر ئـارەزوت جـوڵا، ئـەوە دەبێـت یان بڕۆیـت بـۆ لای ئافرەتەکەو



Scanned with CamScanner

ئەویش هەمان کارت لەگەڵ ئەنجام بدات، یان ئارەزوی ناخت خامۆش بکەیت، لەو کاتەیشدا توشی نارەحەتیو دژایەتییەک لە نێوان توانای جەستەییو بنەمای رەوشتیدا دروست دەبێت، هەر یەکێک لەو دوانە نەهامەتییە بۆت، ئەگەر بڕۆیت بەرێگەیەکی نادروست ئەو کارە بکەیت, یان بە حەسرەتو پەژارەتی ئەوەی کە بینیوتە دابنیشیت، لە هەر یەکەیاندا نارەحەتیو دڵگوشارت توش دەبێت.

پاشان ئەگەر هەستایت نوێژت کردو ملکەچیو خشوعت پێوە دیار نەبووا, یان قورئانت خوێندەوە و نەیگریانیت!, یان هەستت بە دڵ رەقیو نامۆی دڵت بەرامبەر ئەو پەرستشانە کرد، ئەوە هەمووی لە ئەنجامی ئەو پەیوەندیەی چەوتەوە بوە، مەیلی خۆی بەم لاو بەولادا ناردووە و، پەیامی بۆ شتانێک ناردووە، لای خودای پەروەردگار رێگە پێ نەدراون، بەڵام سەیری پاراستنی چاوت بکە، چۆن پەیوەستە بە پشودانی دەرونی و، جەستەیو بەرژەوەندییەکانت!، چاوگرتن ئاسانترو گونجاو ترە، وەک ئەوەی کە خۆت بگریت لە کاری نادروست، ئەگەر کارێک هێشتا لە قۆناغی سەیرکردنا بوو ئاسانتر لەناو دەچێت، تا ئەو کارەی کە گەیشتوەتەوە قۆناغی بیرلێکردنەوە، چونکە جڵەوی ئاوەز بە ئاسانی ناگیرێت!.

سەرەتا رەنگە داوای ئەوەت لێ بکات کە خۆت لەو جێگایانە بپارێزیت کە ئافرەتی زۆر لێیە، یان دور بکەویتەوە لە سەیرکردنی تەفەلەفزیۆن، یان ڤیدۆ کلیپەکان، بۆ ماوەی مانگێک ئەم کارە تاقی بکەرەوە ئەوکات ئەنجامەکەی دەبینی کە چەند بە چێژو خۆشە، ئەم کارە بکە هیچ زیانێک ناکەیت..

ئـەم کارەی سـەرەوە پێویسـتی بـە تاقیکردنـەوە و پراکتیکـە کـرن هەیـە، نـەک تەنهـا بـە تیـۆری وەربگرێـت. ئەوکاتـە جیاوازییەکـی زۆر گـەورە لـە ناخـی خۆتـدا دەبینـی، کاتێـک کـە چـاوم حوکمـم بـکاتو بەڕێـوەم ببـات. ئـەوە دڵێکـی ڕەقـم دەسـت دەکەوێـت و، زۆر ئاسـانە لەکاتـە ناخۆشـەکاندا لەنـا و بچێـتو لـە بچوکتریـن هەڵوەسـتەتا بپێکرێـت!.

هـەر لەبـارەی پاراسـتنی چـاوەوە چەنـدە سـودی هەیـە بـۆ پیـاو ڕێـک ئەوەنـدەش سـودی بـۆ ژنـان هەیـە. چونکـە ئـەم پرۆسـانە لەسـەر هـەردوو ڕەگـەز ئەنجـام دەدرێـتو دەردەکەوێـت.



Scanned with CamScanner



## سوپاس بۆ پەروەردگار
## کە محمد(ﷺ) پێغەمبەری خودایە

سوپاس بۆ پەروەردگار کە محمد نێردراوی خوایە!، چونکە ئەگەر جگە لەو کەسێکی دیکە بووایە ئەوە لێمان تێ نەدەگەشت، چی لە ناخمدایە، بێ هێزی ناخم بەرگەی ئەوەی نەدەگرت کە زۆر لە خەڵکی لە دوورەوە حوکمت بەسەردا دەدەن و، ڕەخنەت لێدەگرن، ئەوان ئەو ململانێیە نابینن لە ناختدا ئەنجامت داوە، ئەو نهێنییە تەنها پەروەردگار دەیزانێت، ململانێیەک جگە لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) کەس ناتوانێت خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت.

چیرۆکی پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ گەنجێکدا کە تاوانی کردوە چاوی پڕ فرمێسک دەبێت بۆی؛ چونکە شکۆی میهری پێغەمبەر(ﷺ) وێنەی نەبووە:

(عەبدوڵلای کوڕی عەبباس) کوڕە مامی پێغەمبەر(ﷺ) چیرۆکێکمان بۆ دەگەڕێنێتەوە لە ڕێوڕەسمی حەجدا، چیرۆکەکە لەناو حەرەمی مەککە و نێوان پێغەمبەر(ﷺ) و (فەزلی کوڕی عەبباس) ڕویداوە:

فەزڵ و پێغەمبەر(ﷺ) بەسەر ولاغێکەوە بون، فەزڵ لە دواوە



Scanned with CamScanner

بوو رۆژەكەش رۆژى جەژنى قوربان بوو، فەزل پیاوێكى قۆز بوو، پێغەمبەر(ﷺ) جار جار بۆ پرسیارى خەڵك دەوەستا و، وەڵامى دەدانەوە، ئافرەتێكى جوانى خەسعەمى هات بۆلاى پێغەمبەر(ﷺ) و پرسیارى لێكرد، لەوكاتەدا وا ڕێكەوت فەزل سەیرى دەكرد، جوانیەكەى سەرسامى كردبوو، پێغەمبەر(ﷺ) دەستى خستە سەر چاوى فەزل، فەزلیش لەشوێنێكى دیكەوە سەیرى كرد، پێغەمبەر(ﷺ) هەم دیسان دەستى خستە پێش چاوى، بۆ ئەوەى سەرى بسوڕێنێتو سەیرى نەكات...ئافرەتەكە وتى: ئەى پێغەمبەرى خودا، پێویستییەكانى حەج لەسەر بەندە ئەوەیە كە خۆى بیكات، باوكم پیاوێكى بە تەمەنە، ناتوانێت خۆى بەسەر سوارەوە ڕابگرێت، ئایا من دەتوانم حەجى بۆ بكەم؟ وتى: (بەڵێ)

.

سەرنجى ئەوە بدەن، فەزل لە هاوەڵان بووە و، لە ڕێوڕەسمى حەججدایە و، لەگەڵ پاكترین مرۆڤدا، لەگەڵ ئەوەشدا سەیرى ئافرەتێك دەكات!! تەماشا بكەن (ئیبنو عومەر) چۆن وەسفى ئەو ئافرەتە دەكات دەفەرموێت: ئافرەتێكى جوان بووە!

هاوەڵانیش مرۆڤ بوون، مرۆڤى ئاسیى چیان هەیە لە ویتسەمەنىو ئارەزو و، ئەوانیش هەیان بووە، سەیر بكە پێغەمبەر(ﷺ) چۆن بەو پەڕى نەرمو نیانىو ناسكییەوە لەگەڵ فەزل جولایەوە، نەڕۆشت وانەیەكى زۆر دورو درێژى لەسەر ڕەوشت بۆ باسبكات، تەنها هەوڵى دا سەرنجى بۆ جێگەیەكى دیكە ڕابكێشێتو، ڕەوشتى ڕێك بكاتەوە بەبێ نارەحەت كردنو دەمارگیرى!

**با سەیرى بكەین بزانین لەگەڵ عارەق خۆردا چۆن جولاوەتەوە:**

پیاوێك هەبوو نازناوى (كەرە)ى (الحمار)ى هەبوو، هەمیشە

دیاری بۆ پێغەمبەر(ﷺ) لە هەنگوون و ڕۆن و شتی دیکە دەهێنا، ئەگەر خاوەنی ئەو کاڵایانە بهاتنایە لای پێغەمبەر(ﷺ) و سکاڵایان لێ بکردایە کە قەرزیان لایەتی، بە پێغەمبەری(ﷺ) دەوت: نرخی ئەو کاڵایەی بە دیاری بۆم هێنایت ئەوەندە بووە، پارەکەیان پێی بدە، پێغەمبەر(ﷺ) تەنها خەندەی بۆ ئەم کارە دەکرد. ئەویش فەرمانی دەکرد کە پارەکەی بدەن، جارێک هێنایان بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) عارەقی خواردبووەوە، پیاوێک وتی: نەفرینی خودات لێ بێت بۆ هێندە عارەق دەخۆیتەوە، پێغەمبەر(ﷺ) پێی وت: «نەفرینی لێ مەکە، سوێند بەخودا خوداو پێغەمبەری زۆر خۆشدەوێت» .

لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی دەکرد لەسەر عارەق خواردنەوەکە سزا بدرێت، لە هەمان کاتدا شاهیدی ئەوەی دا کە خوداو پێغەمبەری خۆشدەوێت!! لەم چیرۆکە ئەوە تێدەگەین، نابێت حوکم بدەین بەسەر دڵی خەڵکەوە، ڕەنگە گەنجێک بێتە لات و نوغرۆی تاوان بێت، بەڵام ڕەنگە دڵی خێرو چاکەی بۆخودا تیابێت!

بریا ئێمەش هەمان میهرەبانی لە دڵماندا هەبوایە کاتێک کە لەگەڵ کەسێک قسە دەکەین کە هەڵە دەکات.

خۆزگا هەرکەسێک کە لەگەڵ گەنجێکی تاوان بار قسەی دەکرد پێغەمبەری(ﷺ) دەکردە پێشەنگ بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵیدا... ئەمە پێغەمبەری ئازیزە(ﷺ) خۆشتان بوێت؛ لەبەر ئەوە بەم شێوەیە زۆربەی خەڵک لە خۆتان و گرفتەکانتان تێدەگات!.

# دڵسۆزی

کتێبێکم دەخوێندەوە بە ناو نیشانی: ( چیرۆکی ئەزمون لەگەڵ ڕاستییەکان – یادەوەرەییەکانی مهاتما گاندی بە پێنوسی خۆی) بوو، لە سەرەتاوە ئەم کتێبە سەرسامی کردم، کەم کتێب هەیە بەم شێوەیە سەرنج ڕابکێشێت... دڵو دەرونو ئاوەزی ڕاکێشام...

یەکێک لە پارچە هەرە سەرنج ڕاکێشەکانی ئەم کتێبەتان بۆ باس دەکەم، کاتێک مهاتما گاندی لەسەر مردنی باوکی نوسیویەتی، گاندی دەڵێ: باوکم نەخۆش بو، من و مامم بە دیاریەوە بوین:

( کاتژمێر دە یان، یانزەی شەو بوو. پشتی باوکم دەشێلا، مامم پێی وتم بەسە. ئەمەم پێ خۆشبوو، ڕۆشتم بۆ ئەوەی بڕۆمە ناو ژوری نوستن، هاوسەرم بینی، سەرەتای شەوەو نوستووە، منیش پرسیارم لەخۆم کرد پاشە چۆن دەبێت بنوێتو من هێشتا نە نوستوم؟ منیش هەڵمسان لەخەو. نازانم پێنج خولەک بوو یان شەش خولەک، خزمەتکارەکە هاتو دای لە دەرگا. زۆر شپرزە دیاربوو. پێی وتم: (هەستە باوکت زۆر نەخۆشە) منیش دەمزانی کە زۆر نەخۆشە، کە وتی زۆر نەخۆشە من لەو کاتەدا زۆر بە



Scanned with CamScanner

گرنگییەوە لە(زۆر نەخۆشە)؟ ڕوانیم. لە جێگەی خۆم دەرپەڕیم ...

- چیی بووە؟ پێم بڵێ.

- باوکت ڕۆشتە جێگەو شوێنی خۆی.

بەم شێوەیە هەموو شت کۆتایی هات. هیچم پێ نەکرا جگە لەوەی دەست بە یەکدا بدەم. هەستم بە گەورەترین شەرمەزاری و بێ ئومێدی کرد. ڕامکرد بۆ ژورەکەی باوکم. سەیرم کرد ئەگەر ئارەزوە ئاژەڵییەکانم هانی نەدامایە، ئەوە زۆر بە ئاسانی ساتە ناڕەحەتەکانی جیابونەوەی باوکم‌و گیان دەرچونی باوکم لەوێ دەبووم، پێویست بوو قاچەکانی بۆ بشێلم، و لە نێوان دەستەکانمدا گیانی دەربچوایە. بەڵام ئێستا مامم ئەو خەڵاتەی بردەوە.

زۆر ڕێزی براگەورەکەی لابوو تا گەیشتوە پلەیەک خزمەتکردنی وەک شەرەفێکی گەورە وابوو، هەستان‌و دانیشتەکانی کۆتایی تەمەنی لەگەڵیدا بوم، کاتێک باوکم هەستی بەوەکرد کە کاتی ماڵ ئاوایی یەکجاری هاتووە، داوای پێنوس‌و کاغەزێکی کرد و نوسیی: ( خۆتان ئامادە بکەن بۆ دوا ماڵئاوایی )، پاشان نوشتەکەی داکەند لەدەستی و، ئەنگوستیلە ئاڵتونەکەی لابرد، لەتەنیشتی خۆیەوە دایان. پاش چەند ساتێک، کۆتا هەناسەکانی دا.

ئەو شەرمەزاریەی کە هەستم پێکرد کە لە بەشی پێشوودا باسمکرد، بەهۆی شەرمەزاری ویستەمەنی‌و ئارەزووەکانمەوە بوو، ئەو کاتە کە باوکم کۆچی تیا کرد پێویست بوو بە خەبەر بومایە. ساتێکە کە هەرگیز شیاوی لەبیر چونەوە نییەو برینێکە هەرگیز سارێژ نابێت، هەمیشە بەخۆم دەڵێم: لەگەڵ ئەوەی کە دڵسۆزیم

بۆ باوکم بێ سنور بوو، بەڵام هێشتا هەر پێویست بوو هەموو شتێک لە پێناوی بەخت بکەم، چونکە ئەو دڵسۆزیەی پێوانەیەکی هەبوو، بینیم کەمو کورتییەکی تیایە کە هەرگیز لێخۆشبونی بۆ نییە؛ چونکە لەو کاتەدا ئاوەزم لە دەستی حەزێکی چڵێسدا بوو. لەبەر ئەوە هەمیشە خۆم بە هاوسەرێکی هەوەس بازی زانیووە، هەرچەند زۆر دڵسۆزیش بووم بۆ هاوسەرم. ساڵانێکی زۆر گلەیی ئەوەم دەکرد کە لە چنگی ئارەزووەکانم ڕزگارم نابێت، پێویست بوو لەسەرم چەند ئەزمونێک تاقی بکەمەوە بۆ ئەوەی سەر بکەوم بەسەریدا.



## ناوبانگی نەفرەتی

ناوبانگ تایبەت مەندێتو ویستەکانی مرۆڤ لە ژیاندا لەکیس دەدات، نارۆیت بۆ چێشتخانە، یان فرۆکە خانە، یان جێگەیەکی گشتی خەڵک دەست دەکەن بە سەیرکردنو ئاوڕ لێدانەوە.... (سەیری جلو بەرگەکەی بکە، دەبینی چۆن نان دەخوات، بڕوانە چۆن بەخۆی دەنازێت، بۆ قژی وایە... شێوەی لە تەلەفزیۆندا درێژترە..هتد) نارۆیت بۆ هیچ جێگەیەک بێزارت دەکەنو قسەت لەسەر دەکەن، یان لەگەڵ ئەوەی لەگەڵدا دێت قسە دەکەنو بێزاری دەکەن، بۆ هەر جێگەیەک بڕۆیت چاوێکی تیژ لەسەرتەو قسەت لەسەر دەکات، بۆیە دەڵێن ناو بانگ بە شێوەیەک لە شێوەکان نەفرەتییە.

هاوڕێی زۆر لە دەورتن، هاوڕێیانێک پێت وایە ئەوانە تۆیان خۆش دەوێت و، ڕێزت لێ دەگرن، پاشان لەپڕێکدا لە نزیکترین تاقیکردنەوەدا دەبینی ئەوانە یەکەم کەسن کە ڕەخنەت لێدەگرن و، تۆمەت بارت دەکەن و بەجێت دەهێڵن، لەوەش خراپتر یەکەم کەسانێکن کە تۆمەت بارت دەکەنو



Scanned with CamScanner

ڕقیــان لێیتــە، کاتێــک کــە تــاوان بــار کرایــت دەبینیــت هیــچ کەســێک لــە دەورت نیــن، خۆزگایــە بــە تەنهــا بــە جێیــان نــە دەهێشــتن، پێشــتر نــەم دەزانــی ئەمانــە هاورێــی ئاینــدەم نیــن، دڵســۆزانی مــن بــە دوو ڕوو دەرچــوون، بۆیــە نــاو بانــگ نەفریــن لێکــراوە.

ســەرجەم کارەکانــت بــۆ ئاســان دەکرێــت، لــە فرۆکــە خانــە بــۆ هەمــوو کارە لەپێشــینەکان تۆیــت، تــۆ دەخرێیتــە پێشــەوە، لــە ئوتێلــەکان ژوری تایبەتیــت بــۆ ئامــادە دەکرێــت، ئەگــەرچ ژوریــش نەمابێــت، لــە کاروبــاری پاســپۆرتدا کارئاســانیت بــۆ دەکرێــت! کەســی ســاویلکە وادەزانــن ئــەم هەمــوو کار ئاســانییە بــۆ ئەوەیــە کــە تــۆ جیاوازیــتو خۆشەویســتیت... نەخێــر ئەمــە تەنهــا لەبــەر ئەوەیــە کــە تــۆ نــاو بانگــت هەیــە، بۆیــە نــاو بانــگ نەفریــن لێکــراوە.

وتــی وتــیو قســەو قســە لــۆک لــەدەورت زۆر دەکرێــت، زۆر درۆزنــان لــەدەورت کــۆ دەبنــەوە... ئیرەیــی بــەران و، بوهتــان کارەکان لــەدەورت کۆدەبنــەوە... گۆشــتی تــۆ دەبێتــە خۆشــترین گۆشــت، خەڵــک ڕۆژانــە لــەدەوری کۆدەبنــەوە و، هــەرکات بیانەوێــت دەیخــۆن... نازانــن ئــەی کەســی بەنــاو بانــگ، تــۆش کەســێکیت وەک ئــەوان، هەســتت هەیــە و بێــزار دەبیــت و، ئــازار دەچێژیــت کاتێــک بەخــراپ باســت دەکــەن. بۆیــە نــاو بانگــی نەفریــن کــراوە.

بــەراوردت دەکــەن، پێــت دەڵێــن تــۆ چەنــد گەورەیــت، پاشــان کــە لای تــۆ دەردەچــن، دەڵێــن: زۆر بــێ نرخــە، کــە لەگەڵــت دادەنیشــت سوپاســت دەکــەن و، کــە لەگــەڵ کەســانی دیکــەدا



Scanned with CamScanner

دادە نیشت بە خراپ باست دەکەن... ناوبانگی بێزراوە.

زۆر پیاتدا هەڵدەدەن و بە گەورەت دادەنێن، وا دادەنێت کە تۆ باشترین مرۆڤیت تەنها لەبەر ئەوەی تۆ لەنێو ئەو شاشە بچوکەوە دەردەکەویت، ڕەنگە خراپترین کەسیش بیت، خەڵک وا مامەڵە لەگەڵ تۆ دەکات کە لە هەموو ڕویەکەوە تەواویت، نە خراپییەکت هەیە و، نەتاوانێک کردووە، هەڵەشت نییە، بیریان چووە کە تۆش ئەوەی ئادەمیت هەموو ئەوەی ئادەمێک توشی هەڵە دەبێت، ئەگەر هەڵەت کرد هەڵەکەت گەورە دەکەن و بەرزی دەکەنەوە و دەیخەنە ڕوو، وەک ئەوەی تۆ یەکێک لە تاوانە هەرە گەورەکانت ئەنجام دابێت، ئەگەر پێیەک لار دابنێیت هەرگیز لێت خۆشنابن، بەڵکو دەیکەنە هەڵایەکی گەورە لەسەرت و، بە دوو ڕوو تەڵەکە باز ناوزەدد دەکەن، وەک ئەوەی کە مرۆڤ نابێت هەڵە بکات، بۆیە ناوبانگی نەفرین کراوە.

لەکۆتاییدا ئەوە دەڵێم: ئێستا لە بڕیارەکەی (شێخ عائیز قەرەنی) دەگەم کە بڕیاریی دا واز لە ژیانی گشتی بهێنێت؛ بەهۆی زۆر وتی و تی و هێرشکردنە سەری بەهۆکارو بێ هۆکار، ئەمە لەکاتێکدا کە زانایی پایەداری وەک (عائیز قەرەنی)، چی بەخۆم بڵێم، من بە دەنکە گەردیلەیەکی زانستی (شێخ عائیز) نابم، هەروەها گەردیلەی ئیمانی ئەویشم نییە، هەروەها بەهێندەی گەردیلەیەکی ئەو ئارامی و، میانڕەوی و، ئەزمونی ژیانم نییە... بۆیە دەڵێم ناوبانگی نەفرین لێکراوە.

هەرچی لە دەوری تراویلکە بێت... ئەو تراویلکە (السراب)

فریوی دەدات... هاوڕێ و خۆشەویستانم بانگ دەکەم... لەکاتی تەنگانەکانمدا لە کوێن... ئەمانە تەنها بەهۆی ناوبانگمەوە لەدەورمن... بۆیە ناو بانگ نەفرین کراوە..

خەڵکی بە تامەزرۆوە بەدوای ناو بانگدان، سوێند بەخودا نهێنیو ناهەموارەکانی نازانن.. خەڵک شتە بەنرخەکانی خۆیان لە پێناویدا بەفیڕۆ دەدەن، ئەو شتەش تەنها خەیاڵە... ئەو دەستەکەوتەش شتێک نییە جگە شتانێکی فریودەر نەبێت... ئەگەر کەسێک پرسیاری ناو بانگ لەمن بکات.. دەپرسین، دەڵێم... ناو بانگی نەفرین لێکراوە.



Scanned with CamScanner



# سەرکێشی

سێ ساڵ بەسەر ئەو ساتەدا تێ دەپەڕێت بەشوێن حقیقەتدا دەگەڕام، لەکاتی دەست پێکردنمدا هەستم بە نزیکی لە خودا کرد.. سیازدە ساڵ بەسەر ئەو ڕوداوەدا تێ پەڕیوە، من بەدوای کاری تەواوتردا (الکمال) دەگەڕێم!، بەشوێن ڕێگەیەکدا دەگەڕێم کە هەرگیز تاوانی تیا ئەنجام نەدەم! لەم ماوەیەدا زۆر توند بوم لەسەر خۆم، هەرکاتێک تاوانێکم دەکرد خۆم دەچەوساندە و سزای خۆم دەدا... لەو ماوەیەدا بە ژیانێک ژیام جار جار لە خودا نزیک دەبومەوە و، جار جاریش لێی دور دەکەوتمەوە، لە کۆتاییدا هەندێک بیرۆکەم بۆ دەرکەوت، پوختەی ئەوانەش....

بیرم لە چیرۆکەکەی ئادەم کردەوە، کە ڕۆشتە بەهەشت لەگەڵ هاوسەرە جوانەکەیدا، پێی وترا: هەرچیت لە بەهەشت هەیە بۆتۆیە و، چێژی لێوەرگرە، هەموو بەخششەکانی بەهەشت، جگە لە تاکە یەک دار! بیربکەرەوە: ئادەم پێغەمبەر بوو، بڕوای بەخودا هەبوو، یەکێکە لە نزیکترین بەندەکانی پەروەردگار؛ چونکە لە بەهەشتدا بوو؛



Scanned with CamScanner

یەکـەم مـرۆڤ بـو کـە بـە دەسـتی قودرەتـی خـۆی بـەدی هینـا. هیـچ ئـەرک و، قەدەغەکراویکـی لەسـەر نەبـوو! بـە بـڕوای مـن ئـەو گرێبەسـتێکی زۆر نایـاب و، مەترسـیدارە لـە نێـوان خـودای پـەروەردگارو ئادەمـدا؟ ئەنجامـدرا، هەندێـک جـار بیـر دەکەمـەوە - بـە لوتبـەرزی مـرۆڤ بونـی خـۆم- ئەگـەر مـن لـە جێگـەی ئـادەم بومایـە سـەرپێچی فەرمانـی پـەروەردگارم نەدەکـرد و، لـە بەرهەمـی ئـەو دارەم نەدەخـواردا، پاشـان دەگەڕێمـەوە، بیـر لـە حاڵـی خـۆم دەکەمـەوە، بـۆم دەردەکەوێـت مـن زۆر لـەوە لاوازتـرم کـە بیـر دەکەمـەوە، ئەگـەر منیـش لـە بەهەشـتدا بـمو بەهـۆی ئـەوەی کەمرۆڤـم لـەو دارە دەخـۆم! چونکـە پێغەمبـەر(ﷺ) زۆر جـوان وەسـفی مـرۆڤ دەکاتو دەفەرموێـت: «هەمـوو نـەوەی ئادەمێـک هەڵـە دەکات وە باشـترین ئـەو کەسـانەی کـە هەڵـە دەکـەن ئەوانـەن کـە دەگەڕێنـەوە!»، بیـر لەمـە بکـەرەوە لـە جیـاوازی نێـوان ئـادەمو ئیبلیـس، هەردووکیـان سـەرپێچی پەروەردگاریـان کـرد!، جیاوازیـان چییـە؟! جیاوازییەکـە لـە یـەک وشـەدا هەیـە ئەویـش سەرکێشـییە (العنـاد)!!! جیـاوازی لـە نێـوان ئـادەمو ئیسـبلیس، ئەوەیـە ئیبلیـس هەڵـەی کـرد پاشـان سەرکێشـی فەرمانـی پـەروەردگاری کـرد، لەکاتێکـدا ئادەمیـش هەڵـەی کـرد، بـەڵام ئـادەم پەشـیمان بویـەوە و داوای لێخۆشـبونی لـە پەرەوەردگارکـرد!!

کەواتـە کێشـەکە لـەوەدا نییـە کـە تـاوان ئەنجـام بدەیـت، بەڵکـو دوای ئەنجـام دانـی تاوانەکەیـە!! تـازە تاوانەکـەت ئەنجـام داوە.. تاوانـت کـردو ڕۆشـت... ئـەوەی لـە دوای هەڵەکـەی داوای لێخۆشـبونو پەشـیمان بویـەوە ئـەوە لـە ئادەمـەوە نزیکتـرە،

بەلام هەرکەسێک کە تاوان کرد و، پاشان هەر سەرکێشی دەکرد ئەوە لە شەیتانەوە نزیکە!

ئەم فەرمودەیە بخوێنەرەوە، پاشان فرمێسکەکانت بسڕەوە، لە پێناو ئەو میهرەبانیەی پەروەردگاردا فرمێسک بڕێژە:

«دەنگوباسی من و جنۆکە و مرۆڤ زۆر گەورە و سەرسوڕهێنەرە، بە دەستی خۆم دروستم کرون کەچی کەسی دیکە دەپەرستن، من رۆزیان دەدەمو سوپاسی کەسی دیکە دەکەن لەسەری، من بەخشندەییەکانم بۆ ئەوەی ئادەم دادەبەزێنم، کەچی ئەوان خراپەکانیان بۆم بەرز دەکەنەوە، خۆشم دەوێن بەوەی من نازو نیعمەتەکانم بەسەریاندا دەبارێنم، کەچی ئەوان تورەم دەکەن بە ئەنجام دانی تاوانەکان، ئەوەی بێت بۆلام لە تەنگانەدا فریای دەکەم، ئەوەی پشتی لێ بکات لە نزیکەوە بانگی دەکەم، ئەوەی واز لە شتێک بهێنێت لە پێناو من لە پێویستی خۆی زیاتری پێ دەبەخشم»١.

خودا داوای ئەوە لە ئێمە ناکات کە دەبێت ببین بە مرۆڤێکی تەواو و، کەمو کورتیمان نەبێت، بەڵکو ئەوەی لە ئێمە دەوێت کە پێویستە بەردەوام بین لە گەڕان بەشوێن تەواو بونەکاندا!، ئەو داوا لە ئێمە ناکات کە هەرگیز تاوان نەکەین، بەلام ئەوەی لە ئێمە دەوێت ئەگەر تاوانێکمان کرد خێرا بگەڕێینەوە، وە داوامان لێدەکات بەردەوامبین لە گەڕان بەشوێن هۆکارەکانی هەڵکەندن و لەناو بردنی تاوان! ئەمە

---

١ بەیهەقی لە (شعب الایمان)دا گێڕاویەتییەوە (بە ژمارە ٤٣٤٣) و تەبەرانی لە مسندی (الشامیین)دا (بە ژمارە ٩٧٤) هێناویەتی.



Scanned with CamScanner

حەقیقەتـــی جیهـــادە.

ئەمـــە جۆرێکـــە لـــە جیهـــاد، هەرکاتێـــک وشـــەی جیهـــادت لـــە قورئانـــی پیـــرۆزدا خوێنـــدەوە بیـــر لەمـــە بکـــەرەوە، جیهـــاد خەیاڵـــت بـــۆ ئـــەوە ڕانەکەیشـــت هەمیشـــە مەبەســـتی جەنگبێـــت، چونکـــە جیهـــادی دەرون گـــەورەتو بڵندتـــرە، ئەویـــش دەڕواتـــە نێـــو مانـــای ئایەتـــی جیهـــاد لـــە پێنـــاوی پـــەروەردگار... تێکۆشـــانی دژی دەورن و نەفـــس جیهـــادە لـــە پێنـــاو پـــەروەردگاردا... بۆیـــە پێویســـتە خـــۆت بـــەدور بگریـــت لـــە سەرکێشـــی؛ چونکـــە سەرکێشـــی لەنـــاو بـــەرە!



Scanned with CamScanner



## بۆ کوێ ڕائەکەی؟

پیاوێک هەبوو دەیەویست خۆی ڕزگار بکات لە سێبەرەکەی.. دەی وت: ئەم سێبەرە بێزارم دەکات، بەخێراترین کات دەڕۆشت.. دەڕۆشتو دەڕۆشت بۆئەوەی دور بکەوێتەوە لە سێبەرەکەی، کەچی هیچ سودێکی نەبوو، ئەوەی لەدەستی هات ئەوە بوو کە دارێکی گەورەی گرتە دەستیەوە، دەستی کرد بە شەڕ کردن لەگەڵ سێبەرەکەی، هەوڵی ئەدا بدات لەو سێبەرەی کە لێی ڕایدەکرد.. بەڵام هیچ سودێکی نەبوو، هێشتا سێبەرەکەی هەر لەگەڵیدابوو، بە درژایی شەستساڵی تەمەنی ئەو پیاوە هەر بەو شێوەیە دەجەنگا! هەر لەسەر لەبەیانییەوە تا ئێوارە لێی ڕایدەکرد و، دەستی دەکرد بە شەڕ کردن لەگەڵیداو سودی نەبوو...

بۆچونت چییە لەسەر ئەم پیاوە؟ شێتە؟ یان بێ مێشک؟ یان دواکەوتوو؟

ئێمە ڕۆژانە لە ژیانماندا چاو لە ژیانی ئەم پیاوە دەکەین، لە مامەڵە کردن لەگەڵ کێشەکانماندا؟

تێبینی ئەوە بکە... کاتێک یەکێک لە ئێمە توشی کێشەیەک دەبێت، ئەوە هەوڵدەدات هەڵبێت لە وجێگەیە، جا ئەو هەڵاتنە



Scanned with CamScanner

ڕۆشتنبێت لەو جێگەیە یان هەڵاتنی بیرو ئەندیشەی بێت لەو کێشەیە.. بەڵام دیسان سودێکی نەبوو، بەڵام هێشتا ستەم هەر لەگەڵیدایە، لە ئەنجامدا دەست دەکات بە جگەرە کێشان و، مادەی بێهۆشکەر و، کحولییەکان، یان ئەنجام دانی سێکس لە هەوڵی هەڵاتنیان لەو کێشەیە.. بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە هەوڵی هەڵاتنی دەدات لە کێشەکەی، کەچی هێشتا کێشەکە بونی هەیە (بەدوامانەوەیە ڕاومان دەنێت!!).

هەندێک جار هەوڵ دەدەین بە توند و تیژی و، هاوارکردنو، تورە بون کێشەکان چارە بکەینو لەگەڵی بجەنگین.. پاش ماوەیەک بۆمان ڕون دەبێتەوە کە هیچمان چارە سەر نەکردووە!.

بۆچونتان چییە لەسەر خۆمان؟ ئایا ئێمە شێتین؟ بێ مێشکین؟ دواکەوتوین؟ یان ئێمە نەزانین بەرامبەر ئەم ڕاستیەی کە ڕۆژانە لە ژیانماندا ڕودەدات؟.

دەگەڕێینەوە بۆ لای چیرۆکی پیاو و سێبەرەکەی، بۆئەوەی چارەسەرێکی دیکەی بۆ بدۆزینەوە، دور لە ڕاکردنو هەڵاتن!، چەند پێشنیارێکم بۆ خاوەن سێبەرەکان هەیە، یەکێک لەم کارانە جێ بەجێ بکات:

١- ململانێ لەگەڵ سێبەرەکەی نەکات، چاوەڕوان بکات تا شەو دادێت، خۆی بۆ خۆی دەڕوات بەبێ ئەوەی کەسێک دەستی هەبێت لە ڕۆشتنیدا!! زۆربەی کێشەکانمان بەم شێوەیە، ئەگەر وازی لێ بهێنین لەگەڵ تێپەڕ بونی کات دەڕواتو بەسەر دەچێت (نابێت لێی ڕابکەین، بەڵام تەنها دەبێت وازی لێ بهێنین)!!

٢- وا سەیری سێبەرەکەمان بکەین کە ئەمە سروشتی ژیانمانە، خۆی بۆ خۆی کێشەیەک نییە، ئەگەر تێڕوانینت بۆی بگۆڕێت



Scanned with CamScanner

کێشـەکە دەڕوات، زۆربـەی کارەکانـی ژیانمـان بەوشـێوەیە کێشـەن؛ چونکـە خۆمـان کردومانـن بـە کێشـە؛ بـەڵام لەڕاسـتیدا بەشـێکن لـە ژیـان، نـەک کێشـە! هەندێـک لـە خەڵـک بەشـێوەیەکی خـراپ مامەڵـە لەگـەڵ کێشـەکانی دەکات، تەنهـا ئـەو کەسـە کێشـەی نییـە، بەڵکـو ئەمـە سروشـتی ژیانـە، کۆتایـی نایـەت، ئـەی بۆچـی هەوڵنادەین وەک ئـەوە سـەیری بکەیـن کـە ئەمـە سروشـتی ژیانـی دنیایـە، نـەک کێشـە، پێویسـتە وەک ئـەوەی کـە هەیـە وەریبگریـت و سـەیری بکەیـت، ئـەوکات کێشـەکانمان نامێنێـت!

٣- ئەگـەر سـەیری سـێبەرە بکەیـن وەک بەشـێک لـە سروشـتی ژیـان، ئـەوە سـود گەلێکـی تیایە، سـێبەری درەخت سـودی بـۆت هەیە لـە گەرمـای، یـان سـێبەری باڵەخانەیـەک بـۆ ئـەوەی سـەیارەکەتی لێ ڕابگریـت لەگەرمـا دەمـان پارێزێـت. زۆربـەی کێشـەکانمان لـە دنیـادا بـەم شـێوەیەن، لـە ڕاسـتیدا دەبینـی ئـەوە بەخشـشێکی پـەروەردگارە لــەو سـێبەرەانەی کـە لەژیانمانــدا هــەن! ئەگــەر کارە خراپــەکان نەبوونایـە ئـەوە هەلـی ئارامگرتـنو پشـو درێژیـت دەسـت نەدەکـەوت؛ چونکـە ئـەو پاداشـتەت لـە دەسـت دەچـوو کـە دەفەمروێـت: ( إنمـا یـوف الصبـرون إجرهـم بغیـر حسـاب)، ئەگـەر کێشـە بونـی نەبێـت ئـەوە ئـارام گرتنیـش بونـی نابێـت، ئەگـەر ئارامیـش نەبێـت ئـەوە پاداشـتی ئـارام گریـت دەسـت ناکەوێـت! ئێسـتا ئـەو یاسـایە دەبینیـت چۆنـە، کـە خـودای بـاڵا دەسـت دایهێنـاوە و بـۆی دارشـتووین، ئـەوە زۆر تـەواوو تێـرو پـڕە لەسـەر ئـەو بارودۆخـەی کە ئێسـتا هەیەتـی، هەر گۆڕانێـک لـەم کارە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە پاداشـتی تەواوەتـی لـە دەسـت بدەیـت، ئـەوەی تـۆ بـە کـەمو کورتـیو ناتـەواوی دەیبینـی، لـە ڕاسـتیدا ئـەوە تـەواوە و بـێ کـەمو کورتییـە، ئـەم یاسـایە وێناکردنێکـی

تـەواوی ژیانـە...

ئـەی خاوەنـی سـێبەر، سوپاسـی خـودا بكـە لەسـەر ئـەوەی كـە تـۆ سـێبەرت هەیـە، ئـەی ئـەوەی كێشـەیەكی هەیـە، سوپاسـی خـودا بكە لەسـەر كێشـەكەت، سـێبەر- كێشـە بەخششـێكە لـە بەخششـەكانی پـەروەردگار، ئەمـە بـۆ كەسـانێكە دڵێكـی وەهـای هەبێـت هەسـت بـكات بـە ڕاسـتی كارەكان.



Scanned with CamScanner



## ژياننامەی پێغەمبەر(ﷺ)
## خۆشەویستی یان ڕق؟ دڵ ڕەقیی یان میهرەبانی؟

هەندێک لە خەڵکی ڕەخنەی ئەوە لەمن دەگرن کە من بەردەوام تیشکئەخەمە سەر سۆزو میهرەبانی پێغەمبەر(ﷺ) و باسی لایەنەکانی دیکەی وەک دڵ ڕەقی و توڕە بونی ناکەم، دەپرسن: بۆچی باسی چیرۆکی توڕە بونو دڵ ڕەقی ناکەی، بۆچی تەنها باسی ئەو فەرمودانە ئەکەی کە باسی میهرەبانی پێغەمبەر(ﷺ) دەکا.

وەڵامی ئەم پرسیارانە لە کتێبی (ڕێنوێنی ژیان نامەی پێغەمبەر بۆ گۆڕانکاری لە کۆمەڵگە) (حەنان لەحجام نوسی) دەست ئەکەوێت... لەم کتێبەدا لە کەسێتی پێغەمبەر تێدەگەیت، ئەوەی کە خۆشت دەوێت و، دڵت وابەستەیەتی، ئەمە ئەو پێغەمبەرەیە کە لە پێناو خوداو و ئیسلام خۆشم دەوێت.

هەمو ئەوەی کە دەمەوێت بیڵێم نهێنی ئەو سەرکەوتنەی پێغەمبەرە، لە بەدەمەوە هاتنی خەڵکی بۆ بانگەوازەکەی لەسەردەمی خۆیدا، ئەمەش بۆ دوو کار دەگەڕێتەوە: خۆشەویستی بۆ ڕێنوێنی کردنی خەڵک و، پەرۆشی بۆ بەرپرسیارێتی پەیوەندی کردنی خەڵک بە ئیسلامەوە، پاشان خاکی بونی لەگەڵ خەڵک بەگشتی بێ باوەڕ



Scanned with CamScanner

بێت یان موسوڵمان، لە چەند دیاردەیەكی كەمو دەگمەندا نەبێت، كە هەندێک لە فەرمودەكان ئاماژەیان پێداوە، ئەویش دیاردەكانی ستەمە بەرامبەر بە كەسێتی پێغەمبەر(ﷺ)، ئەگینا لە ماوەی (٢٣) ساڵ ژیانی پێغەمبەرێتیدا ئەوە ڕێبازو بەرنامەی بووە.

لە ژیان نامەی خۆشەویست(ﷺ)... كەمێک هەڵوەستەی توند دەبینی، ئەویتر هەموی هەڵوەستەی لێبوردەی و نەرم و نیانیە و چەند هێندە زیاترە لە ئەو هەڵوەستانەی توند و تیژی، هەندێک هەڵوەستەی كوشتنو تێكۆشانی هەبووە، بەڵام هەڵوەستەكانی ئاشتی خوازیو پارێزگاری كردن لە مرۆڤو مرۆڤ دۆستی چەند هێندەی هەڵوەستە كانیتری بوە، هەندێک هەڵوەستەی هەبووە بەرامبەر ئەوەی كە لە پێناو پەروەردگاردا توڕە بووە، بەڵام هەڵوەستە میان ڕەویو میهرەبانییەكانی بە چەند هێندە بەسەر ئەوە هەڵوەستە دەگمەنانەیدا بووە..

ئەوەی بیەوێت بە شوێن هەڵوەستە توندەكانی بگەڕێت، بەڵگەی دەست دەكەوێت، ئەوەی بیەوێت ئاماژە بدات بە میان ڕەویو نەرمو نیانی بەڵگەی دەست دەكەوێت، لێرەدا پرسیارێک دەمێنێتەوە بیكەین، كام لەم دوو بنەمایە مەنهەجو بەرنامەی بووە لە ژیاندا؟ كام بنەمایان كارەكتەری كەسێتییەتی ئەو دەخاتە ڕوو؟ ئەوەی كە لەماوەی (٢٣) ساڵ پێغەمبەرێتی چەند جارێک توڕە بووە، یان كە ڕەوشتی بنچینەیی و نەریتی سەرەكی ڕۆژانەی میانڕەوی بووە لە ژیانیدا... پێغەمبەرەكەمان(ﷺ) بەم شێوەیە ژیاوە.

ئەگەر هاوڕێیەكی لەسەر خۆیو ئارامگرت هەبێت، بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بێت بیناسیت، لەم ماوەیەدا بی بینی بۆ ماوەی دوو یان سێجار توڕە بووە، ئایا داد پەروەرییە هەموو تەمەنی بەو دوو یان سێ جارە

بپێویـت و، بـە تـوڕە وەسـفی بکەیـت!! لـە کاتێکـدا ئارامیو میـان ڕەوی خاڵـی بنچینەیـی بەرنامەو خوڕەوشـتی ئەو هاوڕێیـەت بووە؟!

لـە کۆتاییـدا ئـەوەی مـاوە دەبێـت بـی لێیـن: هەمـوو جێگەیـەک وتـەی خـۆی هەیـە، خۆزگایـە ئێمەش تـوڕە ببوینایە لەسـەر ئـەوەی کە پێغەمبـەر(ﷺ)ی توڕەکـردووە، لـەو کاتانەش کە ئـارام دەبویەوە ئێمەش ئـارام ببوینایەتـەوە!.. بـەڵام هەندێکمـان بـە پێچەوانـەوە تێگەیشـتوین، لەکاتێکـدا پێویسـت بێـت تـوڕە بین ئـارام دەگریـن، لەکاتێکدا پێویسـت بێـت ئـارام بگریـن تـوڕە دەبیـن، ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە بەتـەواوی کەسـێتی پێغەمبـەر(ﷺ) لە ژیانمانـدا کاردانـەوەی نەداوەتەوە، ئـەوەی خوێندومانـە هەندێـک جەنـگو غـەزا بـووە، خـۆ بەدرێژایـی ئەو (٢٣) سـاڵەی پێغەمبەرێتـی ژیانـی لـە شـەڕدا نەبـووە، ئەوەمـان بیر چوەتـەوە یـان دەمانەوێـت لـە بیـری بکەیـن کـە پێغەمبـەر(ﷺ) مـرۆڤ بووە!

ئەگـەر ژیانـی پێغەمبـەر(ﷺ) لە یەک وشـەدا کـورت بکەینـەوە ئەوە لـە وشـەی میهرەبانی (الرحمـە)دا کورتـی دەکەینەوە.

چونکـە خـودای پەروەردگاریـش بـەم شـێوەیە باسـی کـردووە: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ). میهرەبانی تەنها بۆ بـڕواداران نەبووە، بەڵکو بـۆ سـەرجەم مرۆڤایەتـی و جنۆکـەش بـووە، بـۆ موسـوڵمانو بـێ بـاوەڕ، هـاوەڵ بـۆ خـودا دانـەر و دوو ڕوەکان، چاکـە کارانو کـەم تەرخەمان.

درودو سـەلامی خـودات لەسـەر بێـت خۆشەویسـتو مامۆسـتاو پێشـەنگمان.

# ڕازەکانی هزر



Scanned with CamScanner



## وتاری ڕۆژی هەینی بۆ سەدەی بیستویەك

ئەگەر سەرجەم وتارەکانی یەک ڕۆژی هەینی گۆی زەوی کۆ بکەینەوە: ئەوە پێویستمان بە (١٥) ساڵی بەردەوامو تەواوە بۆ ئەوەی بە تەواوەتی گوێ لە سەرجەمیان بگرین!...

وتاری هەینی هەلێکی ناوازەیە بۆ هەستانەوەی نەتەوەی ئیسلامی و، چارەسەرکردنی کێشەکانی گەنجان کە ئەمڕۆ بوەتە خەمی هەموولایەکمان.... ئایا ئێمە ئەم هەلەمان بە باشی قۆستوەتەوە؟!

هۆکارێکی نسکۆی نەتەوە لەم سەردەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ نزم بونەوەی ئاستی وتاری وتارخوێنان، تا وامان لێهاتوە لاواز و بێ دەسەڵاتین لە نەبونی هۆشداری ئاینی (مەگەر خودا میهربانی خۆیمان بەسەردا ببارێنێت).

هەندێک پێشنیارمان هەیە بۆ ئەوەی وتارەکان زیاتر کاریگەری هەبێت، بەتایبەت لەسەر گەنجان:

١- واز بێنن لە کاغەز!. چونکە کاتێک بە پارچە کاغەزێک وتار دەدەیت، لەسەرەتای وتار دانی وتاربێژەوە هەموو تەرکیزەکان دەڕواتە سەر کاغەزەکەی دەستی وتار خوێن، هیوادارم وتارخوێنان واز بهێنن لە خوێندنەوەی دەق و، ئاواتەخوازم وتارەکانیان بەبێ کاغەزبێت، ئەگەر



Scanned with CamScanner

هـەر نەیـان توانـی ئـەو کارە بکـەن ئـەوە دەتوانـن سـەرە قەڵـەمو ئاماژە بـدەن بـە هەندێـک ئایـەت و فەرموودە و کاغـەزی بچـوک بەکاربهێنن.

٢- وتاربێژان باشـترە کە باسـی کێشـە زیندووەکانی کۆمەڵگە بکەن؛ بە شـێوەیەک وابکـەن کـە مزگەوت بێتە تۆوی چاکە خـوازی لە کۆمەڵگەدا. بـۆ نمونـە: ئەگـەر ئـەو ناوچەیـە ڕوداوەکانـی هاتو چـۆی زۆربـوو، وتاری ئـەو هەفتەیە باشـترە کـە تەرخان بکرێت بـۆ کەمکردنـەوەی ڕوداوەکانی هاتـوو چۆ.

٣- وتارەکەیـان بگـۆڕن بـۆ چەنـد کارێکـی پراکتیکـی و کردەیـی لـە هەفتـەدا کـە پێویسـتە نوێـژ خوێنـان ئەنجامـی بـدەن؛. بـۆ نمونـە: پێـش نوێـژ باسـی ڕاسـتگۆی دەکات، بـە نوێـژ خوێنـان بڵێـت: ئەرکـی ئـەم هەفتەتـان ئەوەیـە چەنـد درۆتان کـرد بینوسـنەوە، ئەگـەر چی ئەو درۆیـە نـاوی – درۆی سـپی- یـان بـۆ ئامانجێـک بوبێـت بـەم شـێوەیە، شـێوەی وتارەکـە جوانتـر ئەبێـت و، وتـاری هەینی لـە وتـەوە بگوازێتەوە بۆ کـردەوە و بـۆ ئـەوەی ژیـان ڕۆژەکانـی حەفتـە جوانتـر بـکات.

٤- هیـوادارم وتاربێـژان ئامـادەی خولـی هونەری وتاربێـژیو گەیاندن ببـن؛ چەنـد هۆکارێـک هەیـە، پێویسـتە وتاربێـژ چەنـد کارێکـی سـادە فێربێـت، لـە شـێوەیەکی سـادەو سـاکاروە بـڕوات بـۆ شـێوازێکی جۆشو خـرۆشو کاریگـەر لەسـەر نوێـژ خوێنان.

٥- چـی کێشـەیەکی تیایـە کـە هـۆکارە نوێـکان لـە وتارەکانیـان بخەنـەڕووا؛ مـن پرسـیارم لـە چەنـد زانایەک کـردووە، لەوەڵامـدا وتیانە: هیچ کێشـەیەکی شـەرعی تیا نییـە، وتاربێژ شـتێکی وەک (لاپتۆپ، یان داتاشـۆ) یەکـی لابێـت و، هەندێـک لـە خاڵـە سـەرەکییەکانی وتارەکەی بخاتـەڕوو، تەنانـەت هیـچ کێشـەیەکی تیـا نییـە کـە هەندێـک گرتـەی ڤیدۆیـی یـان وێنـە بخاتە ڕوو کە کاریگەری لەسـەر ئامادە بـوان دابنێت!

ئێمە هەینییەکمان دەوێت ئامادە بوانی تەنها بۆ ئەوە نەیەن، نوێژی هەینی لە سەر لابچێت!, وتاریکمان دەوێت لە ڕۆژی هەینیدا کە گەنجانمان بارگاوی بکات بۆ ناو وتارەکە، بۆ ئەوەی بە تەواوی هەست بکەن کە ئەو وتارە کاریگەری تەواوی داناوە لەسەر ژیانی ڕۆژانەیان، تا وای لێدێت وتاری هەینی زیاتر لە تەلەفزیۆن و زنجیرەی دراماو فلیمەکان دابنێت، ڕەنگە هەندێک کەس بڵێن چۆن بەراورد دەکەین لە نێوان ئەم دوانەدا، ئەمانە هاوکێشەیەکی دروست نییە، چۆن بەراورد دەکرێت لەنێوان شاشەی تەلەفزیۆنو وتاری هەینیدا؟ هیچ کێشەیەک نییە لەبەراوردکردن لە نێوانیاندا، پێغەمبەر(ﷺ) سەرجەم هاوەڵانی لە خۆشترین شتەکانی دنیا دابڕی، سەرجەمیان ڕاکێشا بۆ لای خۆی، وتارەکانی پێغەمبەریان لە سەرجەم چێژەکانی دنیا لە عارەق و، ئافرەت و، دانیشتن و، هاوڕێکیانیان خۆشەویستتر بوو، وایان لێ هاتبوو سەرجەم ئەو شتانەیان لەپێناو دانیشتن لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) واز لێهێنا، دەهاتن بۆلای بۆ ئەوەی گوێیان لێی بێت، ئێمەش هیواداریـن وتاری هەینییەکانمان وایان لێبێت.

داواکارم لە خودای پەروەردگار، وتاربێژان بە سنگێکی فراوانەوە ئەم پێشنیارانەیانی لێ وەرگرتبین.. دووەم، داواکارم لە خودای پەروەردگار هاوکاریان بکات لەسەر هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارێتیە بڵندەی گەلی موسوڵمان، داواکارم لە پەروەردگار وتارەکان ببێتە هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بۆ چاکسازی لە نێو گەنجانماندا.



# زیندەبەچاڵی سەدەی بیستویەك

کاتێک (عومەری کوڕی خەتتاب) خەلیفە بوو پیاوێک هات بۆلای ، سکاڵای لە کوڕەکەی کرد کە بێ گوێی دەکات، عومەریش کوڕەکەی بانگ کرد و ئەویش هات بۆلای، پێی وت: بۆ بێ گوێیی باوکت دەکەیت؟ کوڕەکە وتی: ئەی پێشەوای موسوڵمانان، ئایا کوڕ مافی لەسەر باوک نییە؟! وتی: بەڵێ، پێویستە باوک دایکێکی باشی بۆ هەڵبژێرێت، وە ناوێکی جوانی بۆ هەڵبژێرێت، وە قورئان فێری کوڕەکەی بکات، چەند مافێکی دیکەی بۆ باسکرد. کوڕەکە وتی: باوکم هیچ شتێکی لەوانە نەکردووە!! دایکم (ئاوا و ئاوایە) ناوی ناوم قۆلانجە (جعلا) – هیچ قورئانی فێر نەکردووم!! عومەری کوڕی خەتاب سەیری باوکی کرد و، وتی: تۆ هاتویت سکاڵا لە بێگوێیی‌و خراپی کوڕەکەت دەکەیت کەچی تۆ خراپەت بەرامبەر ئەو کردووە... پێش ئەوەی ئەو ئەو بێگوێی تۆ بکات تۆ بێ گوێی ئەوت کردووە بەو کارانەت؟!

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «گوێڕایەڵی دایكو باوکت بکە نەوەکانتان کوێڕایەڵیت دەکەن»[1].

---

[1] تەبەرانی لە (أوسط) دا بە (بەژمارە ١٠٠٢) گێڕاویەتییەوە، مەناوی لە (فیض القدیر)

پێش ئەوەی کە نەوەکان گوێڕایەڵی باوکان بن، پێویستە باوکان گوێڕایەڵی نەوەکانیان بن، چەند بەرپرسیارێتییەک لەسەر دایکو باک هەیە بەرامبەر بە منداڵەکانیان، تۆش ئەبێت سوپاسی خودا بکەیت کە باوکێکی سەرخۆشت نییە، ئەگەینا ئەوە تۆش وەک ئەو فێری ئەو کارە دەبێت. ئەگەر وابوایە ئەوە حاڵی ئێمە چۆن دەبوو؟

کاتێک باوکێک دەبینم لە منداڵەکەی دەدات، لە ناخەوە هەست بە ئازار دەکەم، پەژارەیەکی زۆر دام دەگرێت، کاتێک دایکێک یان باوکێک دەبینم بژێوی بۆ منداڵەکانیان پەیداناکەن، هاوکاریان ناکەن، یان لە ماڵەکانیاندا سزایان دەدەن و، بەندیان دەکەن، باشە چۆن چاوەڕوان لە نەوەکانیان دەکەن کە گوێڕایەڵیان بن و، چاکەیان بەرامبەر بکەن، ئێوە سەرپێچی ئەوانتان کردوە پێش ئەوەی ئەوان سەرپێچی ئێوە بکەن، وەک پێشەوا عومەر بەو کابرای وت.

خودای پەروەردگار دەفەرموێت: (وَإِذَا الْمَوْءُودَةُ سُئِلَتْ)

کاتێک ئیسلام هات، ڕێگری کرد لە زیندە بەچاڵی کچان و، قەدەغەی کرد، قوڕەیش (١٤٠٠) ساڵ کچانیان زیندە بەچاڵ دەکرد، ئێستا لە سەدەی بیستو یەکداین و، کەچی زیندە بەچاڵی کچان بەردەوامە، باوکان کچانیان بە شێوەیەک زیندە بەچاڵ دەکەن کە هێشتا هەر دەژین دوای زیندە بەچاڵەکەش... بێ بەشی دەکات لە تەواو کردنی خوێندنی زانکۆی.. لە ماڵەکانیاندا بەندی دەکات، دەیان دەن بە پیاوانێک خۆیان نایانەوێت.... زیندە بەچاڵی جۆراو جۆرو فرە ڕەنگ ئەنجام دەدەن!

دا دەڵێت: (٣/٢٠٠): منزر وتویەیت: ئەم فەرمودەیە حەسەنە.

کاتێک دایکان‌و باوکان لەبەردەم پەروردگاردا دەوەستن بۆئەوەی لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات، ئەم ستەمە لە ڕۆژی قیامەتدا لەبەردەم خودای پەروەردگاردا پرسیاریان لێدەکات، پاشان چیان دەربارەی کچ‌و کوڕەکانیان کردوە هەمان شتیان دەربارە دەکەن.

پێغەمبەر(ﷺ) لە ناو کۆڕێکدا دانیشتبوو، ماچی حسین‌و حەسەنی دەکرد دەشتەکییەک هاتە لای و، پێی وت: ماچی منداڵەکانت دەکەیت!؟ من دە منداڵی وەک ئەوانەم هەیەو ماچی هیچیانم نەکردووە – بە شانازییەوە باسی ئەم هەڵەی کرد- پێغەمبەری میهرەبان چی پێ وت؟ فەرمووی: « من چی بکەم خودا میهرەبانی لە دڵی تۆ دەرهێناوە»[1]. لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا: « ئەوەی بەزەی بە خەڵکا نەیەت کەس بەزەیی بەوا نایەت »[2].

ئێمە ئەمڕۆ پیاوانێک دەبینین قاچیان لەسەر قاچ داناوە و، دەیانەوێت منداڵەکانیان بێنە ماڵەوە سەرو دەستیان ماچ بکەن، پێویستە منداڵ وابکات؛ چونکە ئەوە مافی خۆیانە. بەڵام مامەڵەیان لەچی شتێکدا لە مامەڵەی پێغەمبەر(ﷺ) دەچێت!!.

کاتێک فاتیمە ئەهاتە لای، هەڵدەستا و دەیفەرموو: «کچم بەخێر بێیت»[3]. ناوچەوانی ماچ دەکرد، ئەمە پێغەمبەر(ﷺ) بوو هەڵدەستا لەبەر کچەکەی، سەیری چاکەی باوک بکەن بۆ کچەکەی![4].

---

١ بوخاری (بە ژمارە ٥٩٩٨) و موسلیم ( بە ژمارە ٢٣١٧) ئەم فەرمودەیەیان گێڕاوەتەوە.
٢ بوخاری (بە ژمارە ٥٩٩٧) و موسلیم ( بە ژمارە ٢٣١٨) ئەم فەرمودەیەیان گێڕاوەتەوە.
٣ بوخاری (بە ژمارە ٣٦٢٣) و موسلیم ( بە ژمارە ٢٤٥٠) ئەم فەرمودەیەیان گێڕاوەتەوە.
٤ لە ڕۆژی وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ)دا فاتیمە هاتە لای، سڵاوی لێکرد بە ڕاکشانەوە وەڵامی دایەوە، فاتیمە زۆر گریا، وتیان نەخۆشییەکی ئاسییە، وتی نا بەخوا هەرچەند هاتبێت بۆلای باوکم لەبەرم هەستاوە. (وەرگێر).



Scanned with CamScanner

لەخـودا داواکارم کـە هەسـتی بەرپرسـیارێتی پەروەردەمـان لەناخـدا گەشـە پێبـدات، هەسـت بـە بەپرسـیارێتی بەرامبـەر منداڵەکانمـان بکەیـن، ئـەوەی کـە ئێمـە دەیکەیـن لـە نەوەکانـی ئایندەانـدا ڕەنـگ بداتـەوە، خودایـە ئەگـەر نەوەکانمـان چاکـن چاکیـان بەرامبـەر بکەیت، ئەگـەر خراپـن چاکیـان بکەیـن.



## نەوەی خزمەت

زۆر لــە خێزانــەکان لەمڕۆمانــدا ســکاڵای ئــەوە دەکــەن کــە منداڵەکانیــان ســەرپێچیان دەکــەن، و دەڵێــن: منداڵــی ئەمــڕۆژە بەگوێی دایــکو باوکیــان ناکــەن، وەک نــەوەی ســەردەمی ئێمــە نیــن، مــن لــەو کەســانە دەپرســم: چــۆن ئێمــە ســەیرمان لــە مامەڵــەی نەوەکانمــان دێــت لەکاتێکــدا ئــەو بەرپرســیارێتیە گەورەیــە بــە خزمەتــکار و بەردەســتەکانمان دەســپێرین؟

بەیانیــان خزمەتــکارەکان منداڵەکەیــان لەخــەو هەڵدەســتێنێت.. خواردنــی بــۆ ئامــادە دەکــەن و لەگەڵیــدا دەڕۆن بــۆ قوتابخانــە، هاوکاری دەکــەن بــۆ نوســتن، پاشــان منداڵــەکان دەبینین کــە گوێڕایەڵــی باوکو دایــک ناکــەن، ئەمــە شــتێکی ئاســاییە!!، چونکە لەســەر دەســتی دایکان و بــاوکان پــەروەردە نەبــوون، هیــوادارم دایــکان و بــاوکان پێــش ئــەوەی منداڵەکانیــان بدەنــە دەســت خزمەتــکارەکان هەزارجــار بیــر لــەو کارە بکەنەوە.

هیــوادارم جیاوازییــەک بکــەن لــە نێوان خزمەتــکار و پــەروەدەکار، لە ئەمەریــکا شــتێک هەیــە پێــی دەوترێــت (Babysitter)، واتــە: هاودەمــی لەگــەڵ منــداڵ ... واتــە لای منــاڵا دائەنیشــێ ، پەیوەنــدی نییــە بــە

ماڵــەوە. زۆربــەی ئــەو کرێکارانــەی لای ئێمــە هەیــە خزمەتــکاری ماڵانــن، کارەکەیــان هــاوکاری کردنــی کاروبــار ماڵەوەیــە، شــیاو نیــن بــۆ پــەروەردەو دانیشــتن لەگــەڵ منداڵەکانــدا...

**(لونـا قەمسـانی) مامۆسـتای ئینگلیزییـە لـە قوتابخانەیەکـی ڕیـاز، دەڵێت: ڕێـژەی ئـەو منداڵانـەی کـە لەگـەڵ خزمەتـکارەکان دێـن بـۆ قوتابخانـە دەگاتـە نزیکـەی (٥٠٪).**

لــە ئەوروپــا ئەگــەر ســەردانی تەنانــەت پارکەکانیــش بکەیــت؛ دەبینــی منداڵــە ڕۆژ ئاواییــەکان لەگــەڵ دایــکو باوکیانــدانو منداڵانــی وڵاتانــی عەرەبــی لەگــەڵ خزمەتکارەکانیانــدان!

چیرۆکێکــی زۆر نــاوازە لــە پێغەمبــەر(ﷺ) دەگێڕنــەوە، جارێــک بــەلای (عەلــی و فایتمــە) دا تــێ پــەڕی بینــی هەردووکیــان نوســتونو (حەســەنی) کوڕیــان – کچــەزای پێغەمبــەر – دەگریــا، داوای خواردنــی دەکــرد، پێغەمبــەر(ﷺ) – بەســادەیی خــۆی- ڕۆشــت بــۆلای ئاژەڵێــک لــە تەنیشــتی خانوەکــە بەســتبویانەوە، شــیرەکەی دۆشــیو دای بــە حەســەن. کاتێــک ئــەم چیرۆکــەم خوێنــدەوە ســەرنجی زۆرمــدا ، زۆر لەســەری ڕاوەســتام... ئــەو هەمــوو کاروبــارەی کــە لەســەر شــانی پێغەمبــەر(ﷺ) بــوو وای نەکــرد کــە گــوێ نەداتــە ئــەو منداڵــە... فاتیمــەی بەخەبــەری نەهێنــا، بەڵکــو خــۆی ڕۆشــت و، بــە ســادەییو خاکــی بونــی خــۆی شــیرەکەی دا بــە حەســەن!! ئێمــە قســەمان لەســەر خزمــەت کارە، پێویســتە بــاوک ڕۆڵێکــی زۆر گــەورە ببینێــت لــە پــەروەردەی منــداڵو نــەوەکان، ئەمــە تەنهــا هــەر ئەرکــی دایــک نییــە، بەڵکــو دەبێــت هــەردوولا هەڵســن بــە چاودێــری کــردنو گرنگــی پێدانــی پــەروەردەی منداڵەکانیــان.



Scanned with CamScanner



# گرنگ و گرنگتر

(دکتـۆر یوسـف قـەرزاوی) ڕسـتەیەکی زۆر نایابـی هەیـە، دەڵێـت: (یەکێـک لـە خیانەتەکانمـان لـە گەلـی موسـوڵمان نغـرۆ بونمانـە لەنێـو دەریـای گفتوگۆکـردن لەسـەر بابەتـە لاوەکییـەکان... ئـەو بابەتانـەی کـە پێشـینەکانمان ناکۆیـان لەسـەری هەبـووە، پێشـینەکانمان لەسـەری بۆچونـی جیاوازیـان هەبـوە بۆیـە هیـچ هیوایـەک نییـە کـە ئـەم نەوەیـەش لەسـەری ڕێـک بکـەون و، یـەک دەنگـن لەسـەری، لەهەمـان کاتـدا کێشـە گـەورە و، زەبەلاحەکانـی دیکەمـان لەبیـر چوەتـەوە، کـە بـە ڕاسـتەوخۆی کاریگـەری هەیـە لەسـەر ئایندەمـان).
ئـەوەی کـە (دکتـۆر یوسـف قـەرزاوی) باسـی لێـوە دەکات، ئەوەیـە کەپێـی دەوترێـت فیقهـی لـە پێشـینەکان.

ئـەوەی (دکتـۆر یوسـف قـەرزاوی) دەیڵێـت، بەشـێوەیەکی گشـتی ئەوەیـە، کـە گەنجانمـان سـەر قاڵ بـوون بـە:

- حوکمـی گـوێ گرتـن لـە گۆرانـی چییـە، ئایـا دورسـتە یـان نادروسـتە؟
- ڕیش هێشتنەوە واجبە، یان سوننەتە؟
- لابردنی برۆ دروستە، یان نادروستە؟



Scanned with CamScanner

- چڵو بەرگی کورت نادورستە، یان دروستە؟

هیچ کاتێکیان نەهێشتوەتەوە بۆ کارە بنەڕەتییەکانی وەک:

- گرنگی خوێندنەوە و، زانست چییە.

- گرنگی لەناو بردنی بەرتیل خواردن.

- گرنگی کار کردن بە باشترین شێوە.

- خشوع لە نوێژدا.

- دڵسۆزی.

بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە تر ئەوەیە؛ ئێمە تاوانێک ئەنجام دەدەین کاتێک باسی حوکمی گوێ گرتن لە گۆرانی دەکەین و، لە هەمان کاتدا موسوڵمانان دەبینین لە شوێنە جۆراو جۆرەکاندا سەر دەبڕدرێن، بەرتیل لە هەموو شوێنەکان بڵاو بوەتەوە، گەنجەکان ئامانج و مەبەستێکیان نییە لە ژیاندا، هەموو ئەمانەو چەندین کاری دیکە، کەچی ئێمە سەرقاڵ بوین بە حوکمەکانی گوێ گرتن لە گۆرانی!.

مەبەستم ئەوە نییە کە گوێ گرتن لە گۆرانی دروستە، ئەمە کاری من نییە کە ئەو حوکمە بدەم، بەڵام مەبەستم ئەوەیە بڵێم، ئەمە شتێکی لۆژیکی نییە کە بڕۆیتە لای کەسێک و، خەریکە لەناو دەچێت و، پێویستی بەرزگارکردنی تۆیە، زۆر بەسادەیی و ساکاری بڵێین: براکەم، هەندێک پیسی لەسەر جلو بەرگەکەتە، پێویستە سەرەتا ئەوە پاک بکەیتەوە!.

هەروەها یەکێک لەو کارە لە پێشینەیانەی مانگی ڕەمەزان مامەڵەمانە لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا... کامیان باشترە؟ قورئان خەتم بکەین بەبێ ئەوەی بیری لە یەک ئایەتیشی بکەینەوە، یان یەک ئایەت بخوێنینەوە بەڵام بە تێرامانی زۆر قوڵ لێی.



Scanned with CamScanner

**ئیبنو قەیم وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و، دەڵێت:**

(خوێندنەوەی ئایەتێک بە تێرامانو بیر لێکردنەوە باشترە لە خەتم کردنی هەموو قورئان بە بێ بیر لێکردنەوە، چونکە ئەوە دڵ والێدەکات کە ئیمانو چێژو شیرنی قورئان بگەیەنێتە دڵو ئاشنای بکات پێی).

بۆیە یەکێک لە زانایان دەڵێن: (دەبێت چاکەخوازان وایان لێ بێت لە ڕەمەزاندا بڵێن کە چەند جار دڵمان کاریگەر بووە بە قورئان، نەک چەند جار قورئانمان تیا خەتم کردووە).



## چیمان پێشکەش بە جیهان کردووە؟!

ئێمەی موسوڵمانان شانازی بەوەوە دەکەین کە ئێمە دواین گەلین لەسەر زەوی و میراتگری پێغەمبەرانین و، هەڵگری پەیامی دواین پێغەمبەرانین، ئەمە شتێکی راستە، بەڵام پرسیارێکی زۆر ڕاشکاوانەم هەیە، هیوادارم بەبێ هەڵاتن لە پرسیارەکە وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەنەوە: ئێمە لەم کۆتاییانەدا چیمان پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە؟ چونکە جێنشینی پەروەردگارین لەسەر زەوی، لەماوەی ئەم سەد ساڵەی ڕابردوودا چیمان پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە؟ من باسی ئەو بەرو بومانە ناکەم کە لە زەوی دێنە دەرەوە... بەنزین.. فۆسفات.. ئاڵتون...هتد... ئەم شتانە خودای پەروەردگار پێی بەخشیوین، ئێمە تەنها لە زەوی دەر دەهێنین و، دەیدەین بە ڕۆژ ئاوا!! من باسی.. بیرۆکە.. داهێنان... بابەتە فیکرییەکان... ئەو زانستەی کە هەموو جیهان بەکاری دەهێنن، ئەوە کاری دەستی خۆمانە پێویستە شانازی بەوە بکەین؟!

بەدرێژیو ڕاشکاوانە بیرم لەم بابەتە کردوەتەوە، بۆم دەرکەوت کە ئێمە لەماوەی ئەم سەد ساڵەدا، سێ داهێنانمان پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرد، ئەم داهێنانانەش خۆمان ئەنجاممان داوە:



Scanned with CamScanner

**داهێنانی یەکەم:**

نێرگەلەیە کە پێشکەشمانکردووە، بە هەموو شانازییەکەوە نێرگەلە پێشکەش بە ڕۆژ ئاوا کردووە، هەروەها پێش کەشی هەموو جیهانمان کردووە، ئێستا هیچ وڵاتێکی ڕۆژ ئاوا نابینی کە شوێنێکی نێرگەلە فرۆشی تیا نەبێت، کاتێکیش کە ڕۆژ ئاواییەکان دێن بۆ وڵاتەکانمان دەڕۆن بۆ شوێنەکانی نێرگەلەو. پێی دەڵێن: (الهبلی بابلی).

**داهێنانی دووەم:**

ئەوەی کە بەرهەممان هێناوە سەمای ڕۆژ هەڵاتییە، ئێستا بە شانازیەوە نایڵێم لە سەرجەم وڵاتە ڕۆژ ئاواییەکان پەیمانگای سەمای ڕۆژ هەڵاتی کراوەتەوە، تەنانەت خەڵکانی ڕۆژ ئاوا ئێستا لەم جۆرەشدا پێش ڕۆژ هەڵاتییەکان کەوتون ، ڕۆژ ئاواییەکان دێن بۆ وڵاتانی ڕۆژ هەڵاتی بۆ ئەوەی کە فێری سەمای ڕۆژ هەڵاتی ببن، بۆیە لە وڵاتە عەربەییەکان ڕوسیو ڕەگەزە جۆراو جۆرەکان دەبینن هاتون بۆ فێربونی سەمای ڕۆژ هەڵاتی، ئەمە جێگای شانازی نییە!

ئەو قوتابخانانەی کە ئێستا لە جیهاندا بۆ سەمای ڕۆژ هەڵاتی کراوەتوە – پەنا بەخودا- لە نزیکەی (٣)ساڵدا گەیشتوەتە (٥٠٠) قوتابخانەی سەماکردن.

**داهێنانی سێیەم:**

ئەوەی کە پێی دەوترێت (الاربک کوزین) خواردنی لوبنانیو مەغریبیو خواردنی ئێرانیمان پێشکەش بە جیهان کردووە،

ئـەم جـۆرە چێشـتخانانە لـە ڕۆژ ئـاوادا دەبینـی بـڵاو بونەتـەوە، ڕۆژ ئاواییەکانیـش زۆر حەزیـان لـەم خواردنانەیـە. هـاواری بـۆ دەکـەن و، بـە شـانازییەوە ئەمـەش هـەم دیسـان لـە بەرهەمـە دەسـتیەکانی خۆمانـە!

گریـان‌و غەمبـار بـون شایسـتەی ئـەم داهێنانانەیـە، دوای ئـەوەی کـە ئێمـە کتێبـی (قانون)مـان پێشـکەش بـە جیهـان کـرد، کـە یەکێکە لـە کتێبـە هـەرە گەورەکانـی بـواری پزیشـکی، کـە بـۆ مـاوەی (٦٠٠) سـاڵ ئەمـە سـەرچاوەی سـەرەکی ڕۆژئاوابـوو، یەکێکـە لـە نوسـینەکانی (ئیبـن‌و سـینا)، دوای ئـەوەی کـە تیۆریەکانـی (ئیبـن‌و هەیسـەم) مـان لـە بـواری (البصریـات)دا نوسـیی، تەنانـەت فەرمانگـەی زانیـاری ئینگلیـزی دوای (بەتلینـۆس) بـە پێشـەنگی بـواری نەخۆشـیەکانی چـاو دایـان نـاوە، دوای ئـەوەی کـە (جابـری کـوڕی حەیـان) کاغەزێکـی دروسـت کـرد کـە نەدەسـوتا، دوای ئـەوەی کـە (خوارزم)یشـی ژمارەی (٠)ی بـۆ ژمـارە داهێنـا، ئێسـتا واز لـە (٠) ناهێنرێـت، هەمـوو ئەمانـە ئێمـە پێشکەشـمان کـردن، ئەنجامەکەشـی بوبـە نێرگەلـە کێشـان و خـواردن و سـەمای ڕۆژ ئـاوای و بـە گاڵتەجاڕییـەوە کۆتاییمـان بـە داهێنانەکانـی ئـەوان هێنـا.

* دکتـۆر (تـارق سـوەیدان) لـە دانیشـتنێکیدا وتەیەکـی زۆر نـاوازەی پـێ وتـم، وتـی:

( ئێمـە بەرپـرس نیـن لـە دواکەوتنـی نەتەوەکەمـان! ئەمـە ئـەو دواکەوتنەبـوو کـە تیایـدا لـە دایـک بویـن، ئـەو دواکەوتنـە تەمەنـی بـۆ سـەدان سـاڵ دەگەڕێتـەوە، مـن بەرۆڵـی خـۆم – وەک دکتـۆر تاریـق- هـەوڵ دەدەم چاکسـازی لەخۆمـدا بکـەم، پاشـان خێزانەکـەم، دواتـر ئەوانـەی لەدەورمـن، بـۆ ئـەوەی بـەرەو ئایندەیەکـی باشـتر بیـان بـەم).



Scanned with CamScanner

مـن بـە گەنجانـی ئـەم سـەردەمە دەڵێـم: ئێـوە بەرپـرس نیـن لـە دواکەوتنـی گەلەکەمـان، کەسـێکیش بـۆی نییـە کـە گلـەیو سەرزەنشـی گەنجـان بـکات بەهـۆی ئـەو دواکەوتنـەوە! ئێمـە لەنـاو ئەو دواکەوتنـەدا لەدایـک بوویـن، بـەڵام ئـەم گەنجانـە بەرپرسـن لەسـەر رۆشـنبیرکردنی نەوەکانـی ئایندەمـان دوای (٢٥) سـاڵی دیکـە!.. واتـا ئاینـدەی نەتـەوەی ئیسـلای سـاڵی (٢٠٣٠) نەوەکانـی ئەمـرۆ دیـاری دەکـەن.

بۆیـە هەمیشـە (دکتـۆر تاریـق) دەبینیـن ئـەو ئامانجـەی کـە داینـاوە بـەردەوام باسـی دەکات و، دەڵێـت: بـە هاتنـی سـاڵی (٢٠٣٠) نەتـەوەی ئیسـلامی دەتوانێـت داهێنانـی خـۆی بخاتە نێو شارشـتانیەتی جیهانییـەوە، ئـەو شارستانیشـەتەش دەبێـت شـوێن پەنجـەی ئێمـەی پێـوە دیاربێـت.

پشـتیوان بەخـودا سـاڵی (٢٠٣٠) گەلـی ئیسـلامی بـە سـەربەزیەوە شـوێن پەنجـەی لـەڕوی زانسـتو تەکنەلۆژیـاو داهێنانـەکان لـە سـەرجەم بوارەکانـدا لـە جیهانـدا دەردەخـات.



## فتوایەکی زۆر نامۆ و سەیر

پرسیار لە مامۆستا دەکات: حوکمی کڵاو لەسەرکردنی چییە؟

ئەویش فتوای داو، وتی: ئەو کڵاوانەی کە بەرچاویان هەیە و سێبەر بۆ چاو دەکات دروست نییە، چونکە ئەو خۆ چواندنە بە بێ باوەڕانەوە.

لەم کۆتاییانەدا فتوایەک دەرکراوە بەوەی دورست نییە ئافرەت ئینتەرنێت بەکار بهێنێت!.

هۆکاری ئەم نادروستیەش دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی: (دەرنو ناخی ئافرەت پیس دەکات)، لە هەمان فتوادا هاتووە ئافرەت بەبێ بونی کەسێک لە خزمانی ناتوانێت ئینتەر نێت بەکار بهێنێت، چونکە سروشتی ئافرەت دەبێت وابێت.

فتوایەکی دیکە دەرکراوە کە دروست نییە گوڵ ببەیت بۆ نەخۆش، چونکە ئەوکارە خۆ چواندنە بە بێ باوەڕان!.

پێش ئەوەی شتێک لەسەر ئەم فتوایانە بڵێم، پێویستە ڕونکردنەوەیەک بدەم، من نە زانام، نە موفتیم و، نە شیاویشم بۆ فتوادان... من مرۆڤێکی ئاساییم، بەڵام دەمەوێت بەم وتانەی لەسەر ئەو فتوایە دەیان ڵێم، خۆم وەک شوێن کەوتەی (ئەبو یوسوف)



Scanned with CamScanner

ی خوێنـدکاری (ئەبـو حەنیفـە) بزانـم، دانیشـتنەکانی (ئەبـو حەنیفـە)، بریتـی بـوو لـە گفتوگـۆ و پـرس و ڕا لـە نێـوان خوێنـدکارو مامۆسـتادا، ئەگـەر بابەتەکـە جێگـەی گفتـو گـۆ بوایـە ئـەوە خوێندکارەکانـی هەندێـک پێشـنیاریان پێشـکەش دەکـرد... بۆچونـی خۆیـان دەوت... هەندێـک جـار بۆچونەکانـی وەردەگـرت، هەندێـک جاریـش ئەوانـی وا لێدەکـرد بـڕوا بـە بۆچونەکـەی بهێنـن، دانیشـتنەکانیان بریتـی بـو لـە گفتـۆ گـۆ لـە نێـوان مامۆسـتاو خوێندکارەکانـدا.

لەبـەر ئـەوە داوایـان لێدەکـەم کـە مۆڵەتـم بـدەن چەنـد بۆچونێکـی خـۆم سـەبارەت بـەم فەتوایانـە دەربـڕم .

زۆربـەی گەنجـان پێیـان وایـە کـە ئـەم فەتوایانـە حەرامـی زۆر بەرفـراوان کردوەتـەوە و حەڵاڵـی تـەواو تەسـک و بچـوک کردوەتـەوە.

لەبەر ئەوەش ئەبێتە هۆکاری یەکێک لەم شوێنەوارانە:

شـوێنەواری یەکـەم: ئـەو گەنجانـەی شـوێن ئـەم فتوایـە دەکـەون دا دەبڕێـن لـە کۆمەڵگـە؛ چونکـە لەمیانـەی ئەوانـدا هەمـوو شـتێک نادروسـت و، ڕێگـە پێنـەدراوە و، لـە کۆمەڵگـە دوور دەکەونـەوە، لـە هەمـان کاتیشـدا ئەمـە دەبێتـە چاندنـی تـۆوی تونـدڕەوی تیرۆریسـتی؛ چونکـە کاتێـک کـە تـۆ سـەرجەم خەڵـک کافـر دەکەیـت، بـە بـڕوای تـۆ وادەبینـی هەمـوو شـتێک حـەرامو نادروسـتە، ئەوکاتـە بـە بیانـوی جیهـادەوە دەسـت دەکەیـت بـە کوشـتی موسـوڵمانان.

شـوێنەوار دووەم: بەرپەرچدانـەوەی، هەندێـک لـەم جـۆرە فتوایانـە وادەکات کـە خەڵـک لـە دیـن دور بکەوێتـەوە؛ کاتێـک هاوشـێوەی ئـەم فتوایانـە دەبینـی کـە فتواگەلێکـی نـا زانسـتی ونـا لۆژیکیـن، زۆر زۆر دوورن لـە واقیعـەوە، ئەمـە وایکـردوە کـە کەلێنێکـی زۆر قـوڵو فـراوان لـە نێـوان گەنجـانو زانایانـدا دروسـت بـکات!

لێرەدا پێم خۆشە ئاماژە بدەم بەوتەیەکی زۆر نایابی (شێخ محمد غەزالی)، لەسەر ئەم بابەتە شێخی غەزالی دەڵێت:

( نیوەی تاوانی بێ باوەڕی لە جیهاندا لەسەر شانی ئەو دیندارانە کە بە هۆی کردەوە ناشرین و نا دروستەکانیانەوە خودا لەبەرچاو خەڵک ناشرین دەکەن). واتا: بڵاو بونەکەی ئەو سەرپێچیەی پەروەردگارو تاوان و، دوو ڕووی کە لە جیهاندا دەیبینی، بەر پرسیارێتیەکەی لەسەر ئەو بانگخوازانەیە کە شارەزای زانستەکانی ئایین نین... مانای بۆچونی غەزالی ئەوەیە: هەندێک لە خەڵکە دیندارە، بەڵام بەکردەوەو وتەکانیان خەڵک لە دین دەڕەنجێنن، بۆیە دەبینی گەنجان ڕقێکی زۆریا لێیانە.

(دکتۆر یوسف قەرزاوی) چەند خاڵێکی زۆر نایابو پەسەند دادەنێت بۆ دەرکردنی فتوا، پێویستە هەموو بانگخوازێک پێش ئەوەی کە فتوا بدات ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگرێت، هەندێک لەو خاڵانە لێرە باس دەکەین:

* خاڵی یەکەم: پێویستە موفتی ئاسانترینیان هەڵبژێرێت بۆ فتوادان نەک نزیکترینیان:

واتە ئەگەر زانایەک کەوتە نێو دوو بۆچونەوە، پێویستە ئاسانترینیان بۆ خەڵک هەڵبژێرێت.. ئەگەر ئەیەویست خۆی شوێنی یەکێکیان بکەوێت، ئەوە دەتوانێت شوێنی نزیکترینیان بکەوێت، ئەوە کارە کەدەگەڕێتەوە سەر ویستی خۆی، بەڵام کاتێک فتوا دەدات بۆ خەڵک باشترە کە ئاسانترینیان دیاری بکات.

با چیرۆکی ئەو هاوەڵەتان بۆ باس بکەم کە لە غەزادا بریندار بوو، ئەو هاوەڵە شەو خەوی لێکەوت کاتێک هەڵدەستن بۆ نوێژی بەیانی، هاوەڵەکە لەشی گران بوو پێویست بوو خۆی

بشۆرێت، ویستی تەیەمموم بکات لەترسی ئەوەی نەک برینەکەی خراپتربێت. هەندێک لە هاوەڵان وتیان: دروست نییە تەیەمموم بکەیت، پێویستە لەسەرت خۆت بشۆیت، ئەویش خۆی شۆرد، بەو هۆیەوە مرد، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) ئەمەی بیست، فەرمووی: «کوشتان خودا بتان کوژێت، بۆ پرسیارتان نەکرد کاتێک خۆتان نەتان دەزانی، چونکە دەرمانی نەزانین پرسیارکردنە، ئەو کەسە دەیتوانی تەنها تەیەمموم بکات»[1]، واتا بۆچی لە جیاتی ئەوەی کە فتواتاندا پرسیارتان نەکرد، بەو فتوایەتان ئەو کەسەتان کوشت، لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا زۆر لەو فتوایانە بونی هەیە کە گەنجانمان بەرەو لەناو چون دەبات.

* خاڵی دووەم: پێویستە ڕەچاوی کاتو شوێن بکرێت:

(پێشەوا شافیعی) هەندێک فتوای لە عێراق دابوو، پاش ئەوەی کە ڕۆشت بۆ میسر و حاڵی خەڵکی ئەوێی بینی، هەندێک لەو فتوایانەی گۆڕی. زانایان دەڵێن: هۆکاری گۆڕینی ئەو فتوایانەی ئەوە نەبوو کە شافیعی بەڵگەی بۆ فتواکانی دەست کەوتبوو، بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەبوو کە شوێنو کاتەکە ئەوەی دەخواست بەو شێوەیە فتوا بدات.

* خاڵی سێیەم: هۆشداری لە بەکار هێنانی وشەی کۆڕای شەرع زانان (الإجماع):

هەندێک لە خەڵکی بواری کۆڕای شەرع زانانیان زۆر فراوان کردوە، من گوێبیستی هەندێک لە موفتییەکان بوم دەڵێن: شەرع زانان لەسەر ئەو بابەتە یەکدەنگی و هاوران، ئەو شتەی کە دەیڵێن کۆڕای لەسەرە: لەکاتی بەدواداچونم بۆ سەرچاوە

[1] ئەبو داود بە (ژمارە ٣٣٦٠) گێڕاویەتییەوە.

سـەرەكییەكان دەبینم، بۆچونـی جیـاوازی لـە هـاوەڵان و، هەرچـوار مەزهەبەكەشـی لەسـەر هاتـووە، (دكتـۆر یوسـف قـەرزاوی) پێـی وایـە: زۆربـەی جـار بـەكار هێنانـی وشـەی كـوڕای شـەرع زانـان زیـادە ڕەوی تیـا دەكرێـت، دەڵێـت: ئـەو بابەتانـەی كـە یەكدەنگـی شـەرع زانانـی ئومەتـی لەسـەرە چەنـد بابەتێكـی زۆر كەمـن.

داوام لـە هەمـوو بانگخـوازو موفتـی‌و شـەرع زانانـی ئیسـلامی ئەوەیـە، پێـش ئـەوەی فتـوا بـدەن بیـر بكەنـەوە؛ چونكـە فتـواكان كاریگـەری ڕاسـتەوخۆی دەبێـت لەسـەر خەڵـک بەگشـتی و، گەنجـان بەتایبەتـی، وە داواكاریشـم كـە بارودۆخـی كۆمەڵایـەت و، ئابـوری و، سیاسـی لەبەرچـاو بگـرن ، داواكارم لـە پـەروەردگار پشـتیوانیان بێـت، سـەركەوتو سـەرفرازبن و، ببـن بـە ژێرخانێكـی پـڕ لـە زانسـتو سـەركەوتن بـۆ ئیسـلامو موسـوڵمانان.



Scanned with CamScanner



## ئەتەکێتی جەنگ

## «بیلال! ئەوە سۆز و میهرەبانیت لە دڵا نەماوە؟»[١]

دوای سەرکەوتنی مسوڵمانان لە غەزای خەیبەردا، (بیلال) دوو کچە دیلی بەدەستەوەبوو بە لای کوژراوە جولەکەکاندا دەیبردن، یەکێکیان لاشەی کوژراوی باوکی و براکانی بینی دەستی کرد بەهاوار و ڕۆ ڕۆ و خۆڵی کرد بە سەر و چاویدا. زۆر کاریگەر بوو بەو دیمە، دەستیکرد بەگریان، پێغەمبەر(ﷺ) ئەو دیمەنەی لە دورەوە بینی، زۆری پێ ناخۆشبوو؛ ڕۆشت بۆلای بیلال و، پێی وت: «بیلال ئەڵێی میهرەبانیان لێ دارینیوت کە زیندوەکان بەلای کەس‌وکارە کوژراوەکاندا دەبەیت؟»

سەیر ئەو میهرەبانییە باڵایە و، هەستە ناسکە بکە کە پێغەمبەر(ﷺ) هەیەتی، ڕێزگرتنی هەستی ئەو دوو جولەکە، تەنها لەبەر ئەوەی کە بیلال بەو جێگەیە بردنی کە کوژراونی جولەکەی لێبوو، بەراودرێک لە نێوان ئەم چیرۆکەو ئەو چیرۆکانە بکە، لە هەندێک وڵاتی ئیسلامی بەناوی ئیسلام و، جیهادو موسوڵمانانەوە ڕوو دەدات.

١ السيره النبويه لابن هشام (٤/ ٢٠٧).



Scanned with CamScanner

دەمەوێت ئەوە لە خوێنەران بپرسم، سەرجەم ئەو کەسانەی کە ژیاننامەی پێغەمبەر(ﷺ)یان خوێندوەتەوە و، کەسێتی پێغەمبەر(ﷺ) دەناسن: ئەگەر لەم ڕۆژانەدا پێغەمبەر(ﷺ) لە ناوماندا بوایە، ئەو دیمەنانەی ببینیایە کە لە تەلەفزیۆنەکاندا دەبینرێن، لە دیمەنی تیرۆریستی و، سەربڕینی خەڵکانی بێتاوان، چی دەگوت؟ ئایا دڵی خۆش دەبوو بەو دیمەنانە، سوپاسی خودای دەکرد و، لەخۆشیا تەکبیری دەکرد، یان بەوانیشی دەفەرموو: میهرەبانیان لێ دارنیون؟.. ئایا کامیانی دەکرد، یان تەماشا کاتێک خالید هەندێک دیلی لەیەکێک لە جەنگەکاندا کوشت، لەکاتێکدا خالید شمشێری هەڵکێشراوی پەروەردگاربوو، دەستی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان‌و فەرموی: «خودایە من دوورم لەوەی کە خالید کردویەتی، ئەمەی سێجار دووبارە کردەوە»[1و2].

لە فەتحی سەمەرقەند دا چیرۆکی زۆر ناوازە هەیە، هەرچەند چیرۆکەکەزۆر دورو درێژە بەڵام پوختەی چیرۆکەکە باس دەکەین، کاتێک (قوتەیبەی کوڕی مەسلەم) یەکێک لە سەرکردە تێکۆشەرەکانی موسوڵمانان بوو، بەڵێنی شکاند و چوە ناو سەمەرقەند، لەگەڵ یەکێک لە خەڵکی سەمەرقەند ڕێکەوت دەرگاکەی بۆ بکاتەوە و، ئەویش خۆی و سەربازەکانی لە ڕێگەکدا چونە ناو سەمەرقەند، بە ئاسانی دەستیان گرت بەسەر شارەکەدا، ڕۆژان‌و مانگان بەسەر ئەو ڕوداوەدا تێ پەڕی، کاهینێکی – نا موسوڵمان- نوێنەرێکی نارد بۆلای (عومەری کوڕی عەبدلعەزیز)

١ بوخاری (بە ژمارە ٤٣٣٩ و ٧١٨٩) گێڕاویەتییەوە.

٢ ئەم کتێبە لە کاتێکدا دانراوە کە گروپی تیرۆرستی (داعش) بونی نەبوو، ئەگەر نا ئەوانیش دەرهاویشتەی ئەو جۆرە هەڵە تێگەیشتن‌و ڕوکەش بینی دین‌و فتوای هەندێک لەو زانا بەرتەسک بینیتانەیە. (وەرگێڕ).

خەلیفەی موسوڵمانەکان، سکاڵای ئەوەی کرد، بە خیانەت فەتحی سەمەرقەندنیان کردووە، نەک بەشێوەیەکی داد پەروەرانەو بە جەنگ، (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) فەرمانی کرد بە دامەزراندن دادگایەک بۆ ئەو بابەتە، لە مزگەوت دەستیان بە داگایی کرد، مسوڵمانان دەستیان بەسەر شارەکەدا گرتبوو، فەرماندەیەکی موسوڵمانیان بۆ حاکمی شارەکە دانابوو، لەپاش ئەمە دۆسیەیەکی دادگاییان بۆ کردەوە دادگا هاتو کاهینەکەی سەمەرقەندیش لەوێ ئامادەبوو، دادوەر وتی: سکاڵاکەت چییە؟ دەڵێن: موسوڵمانان بە خیانەت هاتونەتە ناو شارەکەوە، دادوەریش ئەمەی لە حاکمە موسوڵمانەکە پرسی، پێی وت: تۆ لەسەر ئەم بابەتە چیت هەیە؟ وتی: نەخێر، بە خیانەت نەهاتوینەتە ناویەوە، دادوەر پێی وت: ئایا خەڵکی سەمەرقەندن سەرپشک کرد لە نێوان ئەوەی موسوڵمان بن یان جزیە بدەن یان شەڕ بکەن، ( کە ئەمە نەریتی جەنگ بوو لە لای موسوڵمانان) حاکمی موسوڵمانان سەیری لەم پرسیارە هات، وتی: نەخێر ئەوەمان نەکردووە، دادوەر وتی: ڕۆشتنە ناوەوەی مسوڵمانان بۆ ناو سەمەرقەند نادروستە پێویستە لەو شارە دەربچن، ماوەیەکی کەم مسوڵمانان دەبێت شارەکە چۆڵ بکەنو بڕۆنە دەرەوە، مسوڵمانان ئەم فەرمانەیان جێ بەجێ کردو ڕۆشتنە دەرەوە، خەڵکی شارەکە دەستیان کرد بە تەهلیلو تەکبیر (لا الە الا اللە، اللە أكبر)، خەڵکی شارەکە لەژێر کاریگەری ئەم هەڵوەستەیەدا کە لە مێژوی مرۆڤایەتیدا بێ وینەیە مسوڵمان بوون!

ڕەنگە هەندێک خەڵک بڵێت: بێ باوەڕانیش ئەم شێوە مامەڵە لەگەڵ ئێمە دەکەن، بۆچی ئێمەش وەک ئەوان مامەڵە نەکەین،

بـۆ ئـەوەی یەکسـانییەک لـە نێوانمانـدا دروسـت ببێـت؟

منیـش بـە چیرۆکـی ئەبـو بەکـری سـدیق وەڵامـی ئـەم پرسـیارە دەدەمـەوە، جارێکیـان سـەری یەکێـک لـە سـەرکردەی جەنگـی بـێ باوەڕانیـان بـۆ هێنـا، شـتێکی نامـۆ بـو لای، پێـی سـەیر بـوو، وتـی ئەمـە چییـە؟ وتیـان: ئـەوان، وا لەسـەرکردەکانی ئێمـە دەکـەن - واتـا بـێ بـاوەڕان سـەری سـەرکردەکانی ئێمـە دەپەڕێنـن-، ئێمـەش هەمـان کارمـان لەگەڵیانکـرد، سـەری ئـەم سـەرکردەمان پەڕانـدو بۆمـان هێنایـت، (ئەبـو بەکـر) بـەو کارە زۆر تـوڕە بـوو، وتـی: (ئایـا ئێـوە شـوێنی ڕەوشـتەکانی فـارسو ڕۆم دەکـەون؟). ڕێگـری کـرد لـەو کارانـە، چونکـە ئـەوە پێچەوانـەی داب و نەریتی ئیسـلامو موسـوڵمانانە.

تەماشـای کاردانـەوەی مسـوڵمانان بکـەن کـە لەسـەر مەنهەجـی خۆیـان بونیـات کـراوە، نـەک لەسـەر مەنهەجـی بێگانـە.



## سەرنجی ڕەوشت بەرزی

هەندێک چالاکوانانی بواری ئازادی ئافرەتان پێیان وایە کە باڵاپۆشی کارێکە ئیسلام دایهێناوە، هەوڵ دەدەن کە ئەوە بخەنە ڕووکە باڵا پۆشی نەنگیو سوکایەتیو بێ ڕێزییە بەرامبەر ئافرەتان، ئەوەی جێگەی غەمو پەژارەیە ئەوەیە ئەم وتەو بۆچونانە لەلایەن موسوڵمانان خۆیان دەری دەبڕن.

وێنەی ئافرەتانی ڕۆژاوا لەسەدەی بیستەمدا:

سەرنج دەخەینە سەر هەندێک وتە لە چەند پارچەییەک (ئینجیل) ئاماژەی بە باڵا پۆشی داوە، ئەم وتانە زۆر بەسودە بۆ ئەوانەی کە هاوڕێیان لە جولەکەو مەسحی هەیە بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوە گفتوگۆیەک لەسەر حیجاب بکەن، ئاماژە بەم بەشانەی ئینجیل بدەن:

بەشی بایبل:

1 CORINTHINAS 11:

IF q woman does not cover her head. She should have her hair cut off; and if it is a disgrace for a woman to have her hair cut or shaved off. She should cover her head.



Scanned with CamScanner

1 Timothy 2:

91 also want woman to dress modestly with decency and propriety. Not with braided hair or gold or pearls or expensive clothes. 10 but with good deeds. Appropriate for woman who profess to worship God.

ئەم وتانە، وتەی موسوڵمانان نین، بەڵکو وتەی جولەکەو مەسحییەکانە.

زۆر سود بەخشە لەکاتی گفتوگۆ کردن لەگەڵیاندا، ئەمە بەڵگەیە کە بابەتی شەرم و باڵا پۆشی بابەتێک نین نوێ بن و ئیسلام دای هێنابن، بەڵکو ئەم دوو بابەتە پەیوەندیان بە سروشتی ئافرەتەوە هەیە، لەم بەشانەدا دەبینی کە شەریعەتی ئیسلامی زۆر میهرەبانترە لەم بابەتەدا بەبەراورد کردن لەگەڵ ئەو شەریعەتانەی پێشودا، چونکە لە قورئاندا هیچ هەڕەشەیەکی توند نەهاتوە وەک ئەو هەڕەشانەی لە ئینجیلدا هاتوە لەسەر ئەم بابەتە.

بەداخەوە لەم ڕۆدا هەندێک لە ئافرەتانی موسوڵمان، کاتێک دەڕۆن بۆ وڵاتانی ڕۆژ ئاوا باڵا پۆشیەکانیان لادەبەن‌و پۆشاکی نەگونجاو لەبەر دەکەن، بە زمانی حاڵ دەڵێن: سوپاس بۆخودا ڕزگارمان بوو لەو باڵا پۆشییە! لەکاتێک لە هەندێک وڵات ڕێگری دەکەن لە باڵا پۆشی!، جێگەی پەژارەیە، لەوە پەژارەتر لە یەکێک لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا ڕێگری دەکرێت لەوەی ئافرەتان بە باڵا پۆشییەوە بڕۆن بۆ زانکۆ... ئەگەر خوشکێکی موسوڵمان لەوڵاتێکی ئیسلامیدا ڕێگی لێ بکرێت لەوەی کە باڵا پۆش بێت، ئەمە گەورەترین کێشەیە.

پرسیارێک لەو خوشکانە دەکەم کە (مایۆ، جل‌و بەرگی کورت، تەنک) لەبەر دەکەن - بۆ مەبەستی حەڵاڵی حەرامی

نـا- ئەمـە لای شـەرع زانانـە، مـن نارۆمـە نـاو بابەتەکانـی بەهەشـتو دۆزەخ، ئەمـە لای خـوای پـەروەردگارە، لێپرسـینەوە لەسـەر ویسـتی پـەروەردگارە، بـەڵام پرسـیارەکە ئەوەیـە: ئەگـەر خۆشەویسـت ئەمـڕۆ لەبەردەمـت بێـت، ئایـا هەمـان ئـەو پۆشـاکانە دەپۆشـیت کـە ئێسـتا پۆشـیوتن، هەمـوو ئەوشـتانەی پێویسـتە لەسـەر تـۆ هەبـن شـەرمو شـکۆیە! پێغەمبـەر(ﷺ) دەفەرموێـت: «هەمـوو دینێـک ڕەوشـتێکی هەیـە ڕەوشـتی ئیسـلامیش شـەرمو شـکۆیە»[1]. ئـەوەی پێویسـتە لەسـەر مـرۆڤ تەنهـا شـەرم کردنـە.

دەمەوێـت سـوپاس و، دەستخۆشـی و، ڕێـزم پێشـکەش بەهەمـوو ئـەو کەسـانە بکـەم، لەگـەڵ ئـەو هەمـوو ڕێگـریو ناهەمـواریو بەرتەسـکر کردنـەوە لـە سـەر موسـوڵماننددا، هێشـتا خوشـکانێک هـەن بـاڵا پۆشـن، مـن کچانێـک دەناسـم لەگـەڵ ئـەوەی کـە کـەس و کارەکـەی، ڕێگـری دەکـەن لـە باڵاپۆشـی، بـەڵام ئـەوان هـەر سـورن لەسـەر ئـەو ڕەوشـتەی خۆیـان!.

زۆر سـوپاس و، ڕێـز و، خۆشەویسـتیم، بـۆ خوشـکە هونەرمەنـدەکان، هێشـتا هـەر سـورن لەسـەر بـاڵا پۆشـبونیان... هەمـوو هیـواو ئـاواتو ویسـتێکی هونەرمەنـد دەرکەوتـن و، نـاودار بـونو... جوانـی .... پـارە ... منـداڵ... بـون بـە ئەسـتێرە و کارئاسـانییە.... وازیـان لەسـەرجەم ئەمانـە هێنـاوە لەپێنـاو ئـەوەی کـە لـە کەشـێکدا بژیـن کـە خـودای پـەروەردگار لێـی ڕازی بێـت، ڕێـزو سـڵاوم بـۆ هەمـوو ئـەو کـە سـانەیە کـە دەبنـە پێشـەنگ لـەم بـوارەدا.

لەخودا داواکارم کە جێگیریان بکات لەسەر ئەو کارەیان وەهیوادارم شەرمو شکۆ ببەخشێت بە گەنجانی مسوڵمان.

---

[1] موطأ مالك (بەژمارە ١٧٦٨).



Scanned with CamScanner



## لەسەر ڕێگای پابەندبوون

خۆشەویست(ﷺ) دەفەرموێت: «ئەم دینە بێ کەمو کورتییە، بە میانڕەوی تیایدا قوڵ ببنەوە»[1].

بەداخەوە زۆر لە گەنجانمان بەخۆشمەوە بە ئارامی و میانڕەوی قوڵ نەبوینەتەوە لەناو دیندا، بەڵکو بە توندی ئایین وەرئەگرین – بەو توندیەوە دەمانەوێ کەم و کوڕیەکانی خۆمان پڕ بکەینەوە، جا بۆیە – ڕۆچوین، لە نەرم و نیانیدا ڕۆنەچووین: بەڵکو لە توند و تیژیدا ڕۆچووین، ئەمەش سەرەنجامی خراپی لێ ئەکەوێتەوە. لە ئایندەدا توشی بێ ئومێدی دەبین، ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵە تێگەیشتن لە دین؛ دەمەوێت لێرەدا پوختەی ئەوەی تێگەیشتم لە سەر ڕێگەی پابەند بون لەدین بخەمە ڕوو، پێنج مەترسی دەخەمە ڕوو هیوادارم ئەو گەنجامەی دەیانەوێت بە ڕێگایەکی دروست بگەنە ئەنجام ئاگایان لێی بێت؛ ئەمەش بۆئەوەیە کە ببین بە دیندارێکی میانڕەی دروست.

خۆشەویست(ﷺ) دەفەرموێت: «زیادە ڕۆ کاران تیا چوون»[2].

---

١ ئەحمەد (بە ژمارە ١٣٠٧٤) گێڕاویەتییەوە.

٢ موسلیم ( بە ژمارە ٢٦٧٠) و ئەبو داود ( بە ژمارە ٤٦٠٨) گێڕاویانەتەوە.

سێ جـار ئەمـەی فەرمـوو، مەبەسـتی لـە تونـدڕەوەکان بـوو.

١- ئاگاداربـە کاتێـک دوای ئـەوەی بویـت بـە کەسـێکی دیندار دەسـتت کردبە فتـوادان.

ئـەو کەسـەی فتـوا ئـەدا پێویسـتە زۆر بەباشـی زمانـی عەرەبـی بزانێـت: ئـاگای لـە دەوروبـەر و واقیعـی ڕۆژ بێـت، ئـاگای لـە قورئانـی پیـرۆزو فەرمـودە هەبێـت، پاشـان فتـوا بـدات... پێویسـتە لەسـەر هەمـوو ئـەو دینـدارە نوێیانـە، زۆر ئـاگاداری فتواکانیـان بـن، ئـەوەی گرنگـە لـەم قۆناغـەدا لەسـەر ئـەو کەسـانە تـازە موسـوڵمان دەبـن بیکـەن ئەوەیـە وتـەی زانایـان بگوازنـەوە، تەنانـەت لەمەشـدا دەبێـت ئاگاداربـن پێویسـتە باشـترینی وتەکانیـان هەڵبژێـرن.

**ئەو مەرجانەی کە پێویستە لە موفتیدا هەبێ:**

* پێویسـتە شـارەزاییەکی تـەواوی بەسـەر هەرچـوار مەزهەبەکـەدا هەبێـت: ئەمـە گرنگتریـن خەسـڵەتە بـۆ دیـاری کردنـی ئـەو زانایـەی کـە فتـوای لێوەردەگریـن، دەبێـت ئـەو زانـا خوێندنەوەیەکـی فراوانـی هەبێـت لـە هەرچـوار مەزهەبەکـەدا، ئەمـە واتـای ئەوەیـە کـە نامانەوێت کەسـێک کـە شـارەزایی تەنهـا لـە یـەک مەزهەبـدا هەبێـت، یـان لـە بەشـێکی ئـەو مەزهەبـەدا هەبێـت دەسـت بـکات بـە دەربڕینـی بۆچونـی خـۆی و، فتـوا بـەو بەشـەی بـدات؛ ئـەم کارەش دیـن لـە خەڵـک بەرتەسـک دەکاتـەوە و، دەبێتـە هـۆی تونـدڕەوی.

* زانـا دەبێـت شـارەزایی لـە زانسـتی واقیـع و (فقـه واقـع) بێـت.. ئـەو کەسـانە نەبـێ کـە لـە واقیـع و پێشـهاتەکانی سـەردەم بێ ئـاگان.

( سـێو چـوار سـاڵ هاوڕێیەتـی ئیبـنو عومـەرم کـردووە، زۆربـەی ئـەو پرسـیارانەی لێـی دەکـرا، دەیـوت نازانـم).

۲- کاتێـک هەسـتت کـرد کـە خەڵـک تەکفیـر دەکەیـت، دەڵێـت: ئەمـە کافـرەو ئـەوە هاوبـەش دانـەرە (مشـرک)، ئەمـە سـۆفییە و، ئـەوە وەهابییـە و، ئـەوە ئیخوانییـە و، ئـەوە سـەلەفییە...

پێغەمبـەر(ﷺ) دەفەرموێـت: «ئەگـەر کەسـێک بـە براکـەی بڵێـت بـێ بـاوەڕ، ئیتـر واز لـە فەتـوا بهێنـە»[۱]، یەکێکیـان بـێ بـاوەڕن – ئەگـەر براکـەی بێ بـاوەڕ نەبـێ خـۆی بـەو فەتوایـە بـێ بـاوەڕ دەبـێ - باشـە بۆچـی خۆیـان دەخەنـە نـاو ئـەم سەرکێشـییەوە؟ ئـەم کارە بـۆ خـودا بەجـێ بهێڵـە، لـێ گەڕێـت ئـەو خـۆی لـە ڕۆژی قیامەتـدا ئـەو حوکمـە بـدات.

زانایـەک فەرمویەتـی: ( ئەسـتەم تریـن کار ئەوەیـە کـە مـرۆڤ خـۆی بناسـێت، وە ئاسـانترین کار ئەوەیـە ئامـۆژگاری کەسـانی دیکـە بکات ).

۳- ئەگـەر تێبینـی ئەوەتکـرد ڕوخسـار و، شـێوە و، پۆشـاکو ڕیـش و، قـژت پشـتگوێ خسـت، ئـەوە بزانـە تێگەیشـتنت بـۆ دیـن زۆر هەڵەیە.

کێشـەیە، ئەگـەر بـڕوات وابێـت کـە ئـەم کارە دنیـا نەویسـتییە، خـــودا جوانـــەو جوانـــی خـــۆش دەوێـــت، دەگێڕنـــەوە (٥) پێنـــج کار هەبـووە پێغەمبـەر(ﷺ) هەرگیـز پشـتگوێی نەخسـتوە، ماڵەوەبێـت یـان لـــە گەشـــتدابێت، لەوانـــە (ســـیواک، قـــژ شـــانەکردن، چـــاو ڕەشـــتن، ئاوێنـــە). هەمـــوو ئەمانـــە پەیوەندیـــان بـــە جوانییـــەوە هەیـــە، ســـەیری پێداگریـی پێغەمبـە(ﷺ) بکـە تەنانـەت پێـش ئـەوەی بـڕوات بـۆ لای هـاوەڵان، هەمیشـە لەبـەردەم ئاوێنـەدا دادەنیشـت، سـەیری خـۆی دەکـرد و، گرنگـی بـە قـژی دەداو ڕێکـی دەکـرد، لەسـەر ئەمە پێویسـتە پابەندبیـن بـە باشـترین کەسـەوە بـە گرنگـی پێـدان بـە ڕوکەشـمان.

۱ بوخاری ( بەژمارە ٦١٠٣) گێڕاویەتییەوە.

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «ئەو کارانە بکەن کە لە تواناتاندایە، خودا ماندو نابێت لە پاداشتکردنتان ئەگەر ئێوەش ماندوبن لە کردەوەی چاک بۆی»[1].

٤- ئەگەر پابەند بونت وای لێکردیت کە تۆ لە خەڵکانی دیکە باشترەیت و، تۆ ئێستا یەکێکی لە پیاوە باشەکانی خودا، هەموو خەڵک تاوان بارو سەرگەردانن و تیاچوون جگە لەتۆ، تەنها تۆ رزگارت دەبێت، ئەوە بزانە دینداریەکەت پڕ لەکەو پەڵەیە!.

دینداری خاکی بون لە مرۆڤدا زیاد دەکات، هەرکاتێک دینداریت زیاد بکات خاکی بونت زیاتر دەبێت، نەک ئەوەی بەهۆی پەرستشەکەتەوە خۆت بەگەورەتر لە خەڵک بزانیت.

(ابن عطاو الله اسكندري) وتەیەکی زۆر نایابی هەیە، دەڵێت: (ئەو تاوانەی کە ملکەچیو پەشیمانی بەدوای خۆیدا بهێنێت، باشترە لەو پەرستشەی کە لەخۆ بایی‌و بون‌و خۆ بەگەورە زانین بەدوای خۆیا بهێنێ)، واتای ئەم وتەیە ئەوەیە شەوێک تاوانێک ئەنجام بدەیت، پاشان کە رۆژ بووەوە هەست بە خەمو پەژارە و دڵ تەنگی بکەیت، بۆ ئەو کارەی کە شەو کردوتە، وا هەست بکەیت کە هەموو خەڵک لە تۆ باشترە، چاکترە لەوەی شەوێک تا بەیانی شەو نوێژ بکەیت کەرۆژ بویەوە، هەست بکەیت بەهەشتت دەستەبەر کردوە و، تۆ لەهەموو خەڵک چاکتریت و، خۆت لەسەریان بە گەورەتر بزانیت، ئاگاداربە، دین دەبێت خاکی بونت بەرامبەر بە خەڵک زیاد بکات.

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «من نێردرام بۆ ئەوەی رەوشتە

---

[1] موسلیم (بە ژمارە ٧٨٢) دەیگێڕێتەوە.

بەرزەکان تەواو بکەم»[1].

٥- ئەگەر تۆ هەستت کرد پابەند بونت دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەوشتت خراپ بکات!...

چی سودێک لەو دیندارییە هەیە کە ڕەوشت خراپ بکات؟ یەکێک لە قوتابیەکانی پێشەوا مالیک دەڵێت: ( بیست ساڵ لە خزمەتی پێشەوا مالیک دابووم، لەو ماوەیەدا تەنها یەک ساڵ فێری زانستی کردم، نۆزدە ساڵەکەی دیکە فێری ڕەوشت بەرزی کردم!)، زانستی ڕاستیی و، دینداری حەقیقی، ئەوەیە شوێنەواری ئەرێنی لەسەر خەڵک بەجێ بهێڵێت.

١ بەیهەقی لە سنن الکبری (١٠/٢٠٥) گێڕاویەیتییەوە.



## نادروستەکان (الحرام) ئاسانن و دروستەکان (الحلال) ئەستەم بوون

بە گوێرەی سەرژمێرییەک لە وەزارەتی پلاندانانی سعودییە:

- ٣٣٪ ی ژنانی سعودیە قەیرەن.
- (١,٨٠٠,٠٠٠) ملیۆنێکو هەشت سەد هەزار ئافەرت لەسەرو (٣٠) ساڵەوەنو هاوسەرگیریان نەکردووە.

**دەرکەوتنی دیاردەی هاوڕەگەز بازی:**

هاوڕەگەز بازی لە کۆمەڵگەدا لەنێوان کوڕو کچاندا خەریکە دەبێتە دیاردە.

**خوی نهێنی:**

هەرکەس تێکەڵی کوڕو کچان بکات، دەزانێت خەریکی خوی نهێنییە (عادە سر)، مەگەر خودا بیان پارێزێت.

ئەم دیاردانە لە کۆمەڵگەدا بڵاو بونەتەوە هۆکاری ئەوەیە کە ئێمە سەرپێچی سونەتەکانی پەروەردگارمان کردوە لە گەردوندا، چونکە سونەتی خودا وەهایە کە کوڕ گەشتە تەمەنی (١٥) ساڵی



Scanned with CamScanner

دەبێـت هاوسـەرگیری بۆبکرێـت، لـە تەمەنـی (١٨) سـاڵیدا دەگاتـە لوتکـەی پێویسـت بونـی بـە هاوسـەر، ئـەم کارە لەڕوانگـەی زانسـتییەوە جێگیربـووە، کاتێـک دەبینیـن ئێمـە هشـتا ئـەو تەمەنـە بـە منـداڵ دادەنێیـن و، پێـی دەڵێیـن تـۆ ئامـادە نیت بۆ هاوسـەرگیری، چـاوەڕوان بکـە تـا دوای دەرچونتـان لـە زانکـۆ ئەوکاتـە هاوسـەرگیری بکـەن، کاتێـک کـە هاوسـەرگیری دەکات و، دەبینـی تێچـوی هاوسـەرگیری هێنـدە گرانـە، کەس‌وکاریشـی هـاوکاری ناکـەن، چەندیـن کاری ئەسـتەم ئەگرێتـە ئەسـتۆ، بـۆ ئـەوەی شـتێک پێکـەوە بنێـت، لێـرەدا دەپرسـین: لـە مـاوەی ئـەم چەندسـاڵەدا چـی چـاوەڕوان دەکرێـت لـە گەنجـان بیکـەن؟ واتـا ئـەو گەنجانـەی کـە پێگەیشـتون‌و توانـای جەسـتەی‌و توانـای مـادی بەهێـز دەبێـت، چـاوەڕوان دەکرێـت چـی کارێـک بکـەن؟ پێـی دەڵێـن: ئـەو کارانـە بکـە کـە ئارەزوتـە، یـاری تۆپـی پـێ بکـە، وەرزش ئەنجـام بـدە هەمـوو ئـەم کارانـە ئـەو پێداویسـتیانەی پڕ ناکاتـەوە کـە خـودای پـەروەردگار بـۆی دانـاوە و سـونەتی پـەروەردگارن.

هەندێـک لـە خەڵـک ڕەنگـە بڵێـن ئـەم تەمەنـە تەمەنێکـی زۆر زووە بـۆ هاوسـەرگیری گەنجـان، دەڵێـن: کوڕێک لـە تەمەنی (١٨) سـاڵیدایە ئـەم تەمەنـەش هێشـتا منداڵـە، ئەگـەر سـەیری مێـژوی مرۆڤایەتـی بکەیـن دەبنیـن هەرکاتێـک گەنجێـک گەشـتبێتە تەمەنـی (١٧) سـاڵی پیاوێکـی گەورەیـەو کۆمەڵگـەش بـە پیاوێکـی گـەورەی دادەنێـن... پێغەمبـەر(ﷺ) سـەرکردایەتی سـوپای سـپارد بـە (ئوسـامەی کـوڕی زەیـد) تەمەنـی (١٧) سـاڵی بـوو، کەچـی ئێمـە بڕوامـان وایـە کـە کوڕێـک تەمەنـی گەشـتبێتە (١٨) ساڵی هێشـتا ماویەتـی پـێ بـگاتو بـە پێنەگەیشـتو دایدەنێیـن، هـۆکاری ئەمـەش ئەوەیـە کـە ئێمـە زۆر

نازیـان دەدەینـێ و کاتێـک منـداڵ بـووە هیـچ بەرپرسـیارێتییەکی لـە ئەسـتۆ دانایێـن... ئەگـەر سـەیری ڕۆژ ئـاوا بکەیـن دەبینیـن ئەگـەر منـداڵ تەمەنـی گەشـتە (١٨) سـاڵی خـۆی دەتوانێـت بەرپرسـیارێتی خـۆی هەڵگرێـت، دەبینـی لەگـەڵ خوێندنەکەیـدا کاریـش ئـەکات و، خـۆی بەتەنهـا دەژی.. هەمـوو ئـەو کارانـەی لـە پێنـاو ئـەوە دەیکـەن کـە کۆمەڵگـە ئـەوە لـە ناخـی گەنجانـدا بچێنێـت کـە ئـەم کەسـە پێگەیشـتووە.

* ئەگـەر پرسـیار لـە گەنجێـک بکەیـت: ئەگـەر بـۆ ژوانگەیەکـی دەربچێت لەگـەڵ خۆشەویسـتەکەت چەنـدی تـێ دەچێـت؟ لەوەڵامـدا دەڵێـن: ٢٠٠ تـا ١٥٠٠ ریـال.

* ئەگـەر پرسـیار بکەیـن، هاوسـەرگیری چەنـدی تـێ دەچێـت؟ دەڵێـن: لـە ٥٠ هـەزار ریاڵـەوە تـا یـەک ملیـۆن.

بەکورتـی؛ کارە نادروسـتەکان ئاسـان و.... هـەرزان و... خێـرار و... بەردەسـت تـرە... لەکاتێکـدا کارە دروسـتەکان؛ ئەسـتەمە و.... گـران و... سسـت و.... ئاڵۆزتـرە!

### ئەنجام چی دەبینی؟

پێغەمبـەر(ﷺ) لـە وتەیەکـی گشـتگیری کـورت دا وەڵامێکـی پوختـی ئـەم بابەتـە دەداتـەوە، دەفەرموێـت: «ئەگـەر کەسـێک هـات بـۆ خوازبێنـی کچەکانتـان و لـە دیـنو ڕەوشـتی ڕازی بـوون کچـی خۆتانـی پـێ بـدەن»[١]، گومانـی نییـە هەمووڵایـەک ئـەم فەرمودەیەیـان

---

١ ترمـزی (بـە ژمـارە ١٠٨٥) گێڕاویەیتییـەوە: دەڵێـت: ئـەم فەرمودەیـە حەسـەنی غەریبـە، تەبەرانـی لـە (مجمع الاوسط)دا (بەژمـارە ٧٠٧٤/٧) گێڕاویەتییـەوە، ئەلبانـی دەڵێـت ئەمـە : حەسـەن لـە غەیرییـە.

بیستوە و لەبەریان کردووە، بەڵام کێشەکە لە جێ بەجێ نەکردن و پراکتیزەنەکردنی ئەم فەرمودەیەدایە، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «ئەگەر کەسێک هات لە دینو ڕەوشتی ڕازی بوون ژنی پێ بدەن، ئەگەر نا» واتە ئەگەر ئاسان کاری نەکەن بۆ هاوسەرگیری و لەم کارە ڕێگە پێدراوە «ئەوا داوێن پیسی و خراپەیەکی زۆر لە زەویدا بڵاو دەبێتەوە». هەموو ئەو دیاردە خراپانە لە ئەنجامی ئەوەوە بڵاو دەبێتەوە، گرنگترین هۆکار کە پێغەمبەریش(ﷺ) ئاماژەی پێداوە ئەوەیە کە ئێمە ئاسانکاریمان نەکردوە بۆ گەنجان بۆ ئەوەی هاوسەرگیری بکەن.

**بۆ دایکو باوکان:**

هیوادارم دایکو باوکان کار ئاسانی بکەن بۆ هاوسەرگیری منداڵەکانیان... ئەگەر گەنجێک بە شێوەیەکی ڕاستگۆیی و پاکی کچەکەتانی دەوێت، باشتر وایە کە کچەکەتانی پێ بدەن، ئەمە ڕاسپاردەی خۆم نییە، بەڵکو ڕاسپاردەی خۆشەویستمانە(ﷺ) پیاوێک هات بۆلای، پێی فەرمووی ئەی پێغەمبەری خودا من کچێکم لایە دوو کەس هاتوە بۆ داوای یەکێکیان دەوڵەمەندو ئەوی دیکەیان هەژارە، بەڵام هەژارەکەی خۆش دەوێت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: «هیچ شتێک ناگاتە هاوسەرگیری لەنێوان دوو خۆشەویستا»[1] پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەی سەلماندوە کە چارەسەری خۆشەویستی تەنها هاوسەرگیرییە، نەریتێکی زۆر جوانمان هەبوو پێشوو، ئێستا خەریکە نامێنێت، کاتێک دوو گەنج هاوسەرگیریان دەکرد، لە ماڵی باوکی کوڕەکە دەمانەوە، تا بارودۆخیان باش

[1] ئیبنو ماجە (بە ژمارە ١٨٤٧) ئەم فەرمودەیەی گێڕاوەتەوە.



Scanned with CamScanner

دەبوو دواتر کورەکەو هاوسەرەکەی دەرۆشتنە ماڵی خۆیان.. بەداخەوە ئەم نەریتە زۆر زۆر کەم بوەتەوە، هیچ کێشەیەکی تیا نییە ئەگەر دووبارە بەهۆی کار ئاسانی بۆ هاوسەرگیری ئەو نەریتە بگەڕێنینەوە[1].

**بۆ کچان:**

هەندێک لە ئاوات و داواکاریەکانتان کەم بکەنەوە، ئەگەر شتێکی کورەکەت بە دڵ نەبوو ڕەنگە شتانێکی دیکەت لای جوان بێت کە زۆر سەرنج ڕاکێش و ناوازەیە، زۆر گوێ بە ڕوکەش مەدە ئەگەر زانیت ناخ و کرۆکی پڕ لە جوانی و ڕەوشت بەرزییە.

**بۆ دەسەڵات و حکومەت:**

داواکارین کار ئاسانی بکەن لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا؛ لە ئاسان کردنی پێدانی سولفەی هاوسەرگیری و، دابین کردنی شوێنی نیشتە جێ بون و، دەستە بەرکردنی هەلی کار، کە ئەمانە هۆکار گەلێکن بونەتە بەربەست لەسەر ڕێگەی هاوسەرگیریدا[2].

دەر ئەنجامی ئاسان نەکردنی پرۆسەی هاوسەرگیریی چییە؟

پێویستە ئەوەمان لەبیر بێت ئاسانکاری بۆ هاوسەرگیری کردن

---

١ بەداخەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا نەریتێکی زۆر سەیر هەیە ئەویش نەڕۆشتنی کچانە بۆ دەرەوەی شار و، دەیانەوێت تەنها لە شارەکەی خۆیاندا هاوسەرگیری بکە کە ئەمەش یەکێکی دیکەیە لە بەربەستەکان. (وەرگێڕ).

٢ لێرەدا نوسەرە باسی پێدانی ڕەگەزنامەی دیکەی دەکات، وەك وڵاتانی نیمچە دورگەی عەرەبی، بۆیە لە وڵاتی خۆمان کێشەی نەبونی ڕەگەز نامە نییە بۆ ئەوەی کەسێك بیەوێت هاوسەرگیری بکات و حکومەت ڕێگری لێبکات. (وەرگێڕ).



Scanned with CamScanner

تەنیا چارەسەر نیە، بەڵکو دەبێ هاوکاریش بین بۆ ئەوەی بتوانێت بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆ، هەردووکارەکە هاوتایە پێکەوە، چونکە ئێمە ناتوانین داوای کار ئاسانی بکەین، لە کاتێکا بەرپرسیارێتی هەڵگرتنی هاوسەرگیری لەسەر شانی کوڕ پشتگوێ خراوەوە و زۆر گرنگی پێ نەداوە، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێژەی تەلاق دان زۆر بێت... پێویستە کار ئاسانی هاوسەرگیریو ئامادە کاری مندال بۆ هاوەسەرگیری لە یەک کاتدا بێت؛ بۆ ئەوەی ژیانی هاوسەرگیریان بەخۆشیو دروستی بەڕێوە بڕوات.

## بەد گومانی دەربارەی ئیسلام

**فرە ژنی:**

دەڵێن: ئیسلام ئاینی نێرینەیە و ئارەزووبازییە، لەبەر ئەوەی ڕێگەی بە فرە ژنی داوە.

لە وەڵامی ئەمە دەڵێن: ئیسلام سنورێکی بۆ فرە ژنی دانا، نەک بە ڕاشکاوانە دەرگای فرە ژنی بکاتەوە.

واتە پێغەمبەر(ﷺ) کاتێک کە نێردرا بۆ مەککە، بینی کۆمەڵگە لەبەردەم کرانەوەیەکی بێ سنوردایە لە فرەژنی، هەندێکیان ژمارەیەکی بێ سنوری هاوسەریان هەبوو، ئیسلام هات ئەم بێ سنوریەی لابردوو چوار ژنی دیاری کرد، ڕێگری کر لەوەی پیاو لەو چوار ژن زیاتری هەبێت.

وەڵامی دووەم: لە بابەتی فرە ژنیدا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەر جولەکەو مەسیحی، ئەگەر سەیری تەوراتو ئینجیلیش بکەین دەبینین لەو دوو پەیامە ئاسمانیەشدا فرە ژنی ڕێگە پێدراو و دروست بووە، زۆر دەق هەیە باس لە پێغەمبەران دەکات کە چەند ژنێکیان هەبووە، هیچ دەقێک لە تەوراتو ئینجیلدا نییە بەڕاشکاوی فرە ژنی بە نادروست بزانێت، بۆچی ڕەخنەکە

دەگەڕێتەوە سەر ئیسلام؟

وەڵامی سێیەم: لە بابەتی فرە ژنیدا... ئایا شتێکی دژبەیەکو پارادۆکس (التناقض) نییە کە (ڕۆژ ئاوا) دژی فرە ژنین. بەڵام هاوڕێی کچ -لەکاتی بونی هاوسەردا- یان خۆشەویست شتێکی ڕێگە پێدراوبێت؟!

چیرۆکێکی زۆر سەیر هەیە: جارێک پیاوێک لە شوقەیەکدا لەگەڵ ژنێکدا دەگیرێت، لەکاتێکدا ژنی دیکەی هەبووە، دوای دادگایرکردن، دەرکەوتوە کە هاوسەری خۆیەتی، بەڵام دادوەر زیرەک بووە بە بیانوی ئەوەی کە ئەمە هاوڕێ (خلیلی)یەتی نەک هاوسەری (حلیلی) ئازادی دەکات، بەداخەوە یاساکان دژ بەیەکن کە باس لە فرە ژنی دەکرێت.

**لە (سەموئێلی یەکەم/ ٢٥) داهاتووە:**

٤٠ ( دوای داود ئەبیجالی مارەکرد و پاشان ئەخینوعەمیشی مارەکرد و هەردوکیان بون بە ژنی داود ).

**هاوسەرگیری عائیشە لەتەمەنی نۆ ساڵیدا:**

هاوسەرگیری عائیشە لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) هەندێک لە موسوڵمانان سەیریان لێدێت کە پێغەمبە(ﷺ) عائیشەی مارەکردوە لەتەمەنی (٩) ساڵیدا.

لە چەند ڕویەکەوە وەڵامی ئەم بەد گومانییە دەدەینەوە...

یەکەم: کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) عائیشەی مارەکرد، پیاوێک بوو لە قورەیش، ئەمە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئەو لەناو ئەو کۆمەڵگەیە هاوسەرگیری لەتەمەنی منداڵدا شتێکی زۆر سادەو ئاسایی بووە؛



Scanned with CamScanner

ڕەنگـە پیاوێکـی دیکـە مـارەی بکردایـە لـەو تەمەنـەدا، بـە هەمـان شـێوە هیـچ کێشـەیەک نەبووبێـتو ئاسـایی بوبێـت، چونکـە ئـەوە نەریتێـک بـووەو شـتێک نەبـووە تـازە داهێنرابێـت و دژی نەریـت بێت.

دووەم: قوڕەیـش بـە شـوێن ورد تریـن شـتدا دەگـەڕان بـۆ ئـەوەی پێغەمبـەر(ص)ی پـێ تـاوان بـار بکـەن، ئەگـەر ئـەم کارە نەنگـیو نابـاو بوایـە لای قوڕەیـش ئـەوان یەکـەم کـەس بـوون کـە دەیانکـرد بـە خاڵێکـی لاوازی و ئـەم کارەیـان گەورەتـر دەکـرد، لەکاتێکـدا بەبەرچـاو خۆیانـەوە ئـەم هاوسـەرگیرەی کـردو کـەس سـەر زەنشـتی نەکـرد، بۆچـی نەیانکـرد؟ چونکـە ئەمـە کارێکـی ئاسـایی بـوو نـەک کارێکـی نامـۆ بوبێـتو ئـەو دایهێنابێـت.

سـێیەم: ئـەوەی زانـراوەوە بەردەسـتە کچـان لـە سـەردەمی پێغەمبـەر(ﷺ)دا لـە تەمەنـی (٨ – ٩) سـاڵی پێدەگەشـتن، عائیشـەش لـە تەمەنێکـدا هاوسـەرگیری کـرد لەگـەڵ پێغەمبـەر(ﷺ) کچێکـی پێگەیشـتو باڵغبـووە.

زۆر دیـاردەی دیکـە هەیـە لـە ئەوروپـاو هینـد و چیـن، کچـان لـەو تەمەنـە کەمـەدا هاوسـەرگیریان کـردووە، ئـەم کارەش بـۆ ئـەو سـەردەمە شـتێکی ئاسـایی بـووە.

لـە سـەدەی نـۆزدەدا کەمتریـن تەمەنـی هاوسـەرگیری، زۆربـەی کاتـەکان لـە تەمەنـی (١٠) سـاڵی بـووە، لـە شـوێنێکی وەک ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا.

یاسـای بەریتانـی سـاڵی (١٩١١)، (١٢) سـاڵی وەک تەمەنـی ڕێگـە پێـدراو دیـاری کـرد بـۆ هاوسـەرگیری.

**میراتی:**



Scanned with CamScanner

دەڵێن: دادپەروەریتان نییە لە دابەشکردنی میراتیدا، نێرینەیەک دوو هێندەی مێینەیەک دەبات. ئەم ڕاستیە وەرگرتنێکی بەشێکی کەمە لە زانستی ماڵبەشکردن‌و میراتی... چەندین حاڵەتی میراتی هەیە کە ژنان هاوشێوەی پیاوان بەشە میراتی خۆیان دەبەن. لە هەندێک حاڵەتدا هەیە کە ژنان لە پیاوان زیاتر میراتی دەبەن.

لەکاتێکدا لە هەندێک حاڵەتدا ژنان میراتی دەبەن‌و پیاوان بێ بەش دەکەن لە بردنی میراتی.

درێژەی ئەم بابەتە لە کتێبەکانی میراتدا بە درێژی باسکراون، بەتایبەتی لە کتێبێکی زۆر نایابی (د. سەلاحەدین سوڵتان) بەناوی (میراتی ئافرەت‌و کێشەی یەکسانی).

میراتی لەسەر پەیڕەو پرۆگرامێکی کۆمەڵایەتی دیاری کراو ڕێکخراوە، لە ئیسلامدا دارایی ئافرەت تەنها ئافرەتەکە دەبێت خاوەندارێتی بکات، هیچ کەس مافی ئەوە نییە کە ئەو داراییە تایبەتەی ئافرەت بەکار هێنێت... لەکاتێکدا بەرنامەو سیستەمی ئابوری ئیسلامیدا وایە کە پیاو سەرچاوەی داراییە... پێویستە پیاوە وەک بانکێک وابێت بۆ سەرف کردن‌و بژێوی پەیداکردن بۆ ژن و، منداڵ، سەرجەم ئەو بژێویانە دەکەوێتە ئەستۆی پیاو، لە ژێر سێبەری ئەم سیستەمەدا شتێکی سروشتییە کە پیاو لە هەندێک حاڵەتدا لە ژن زیاتر ببات.

**ئیسلام بە شمشێر بڵاو بویەوە:**

ئەم وتەیەک لە ڕوی زانستییەوە زۆر لاواز و دورە لەڕاستییەوە.

سەرێک لە میسر بدەن، دەبنین لە (١٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر میسر فەتحکراوە، کەچی کەنیسەی قیبتیەکان بونیان ماوە.. سەیری

فەلەستین بکەن، یان سوریا دەبینی کەنیسەکانان وەک خۆیان ماون[1]...
کاتێک (عومەری کوڕی خەتتاب) فەتحی قودسی کرد، ڕازی نەبوو بەوەی کە نوێژ لە کەنیسەکاندا بکاتا!! بۆ ئەوەی دواتر موسوڵمانەکان کەنیسەکان نەکەنە مزگەوت و بەستەم لێیان وەرنەگرن. سوپاس بۆخودا لەکاتی فتوحای ئیسلامیدا ئێمە دادگای لێپێچینەوەمان دانەنا وەک ئەوروپا، کە ئازاری خەڵکیان دەدا لە پێناو ئەوەی ببن بە مەسیحی، لە مێژوشیماندا – لە سایەی پەروەردگارەوە- هیچ ستەمێک نابینی لەلایەن موسوڵمانەکانەوە کرابێت بۆ ئەوەی خەڵک ببن بە موسوڵمان، بە هیچ گەلێک نەوتراوە: یان ئەوەیە کە موسوڵمان بن، یان سەرتان دەبڕین!! بە پێچەوانەوە یاسایەکی بنچیەنییەمان هەیە لەقورئانی پیرۆزداو، هەموو مشتومڕێک لادەبات، خودای پەروەردگار دەفەرموێت: (لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ)، هەروەها دەفەرموێت: (فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكْفُرْ).

ئێمە هەمیشە بە گەنجانمان دەڵێین، بیر لە بیرو باوەڕەکەیان بکەنەوە، نەک ئاینەکەیان لە باو باپیرانیانەوە بە میراتی بۆ مابێتەوە؛ نەک تەنها بەوەی لەدایکو باوکێکی موسوڵمان لەدایک بێت ئیرت پێویست نەکات بیر بە بیرو با وەڕەکەیان بکەنەوە... پێویستە سەرنج بدەیت و، بیر لە چیرۆکی ئیبراهیم بکەیتەوە، کاتێک بیری کردەوە کارەکە بەشێوەیەکی دیکە گۆڕا کە پێشتر لەسەری بوو؟ پاش ئەوە دڵی ئارام بوو و جێگیر بوو.. جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو کەسانەی بە کوێرانە بڕوا دەهێنن و ئەوانەی کە لە تەواوی بیرو بڕوایانەوە ئیمان دەهێنن.

---

[1] پێش دەستپێکردنی شۆڕی گەلانی سوریا هەر مابوون، بەڵام بەهۆی شەڕی ناوخۆیی سوریاوە هەندێک لەو کنیسانە ڕوخاو لەناو چوون. (وەرگێڕ)

لێرەدا دەمەوێت وتەیەکی (ڕاغیبی ئەسفەهان)ی باس بکەم، لە ڕستەیەکی جوانیدا پەیوەندی نێوان عەقڵو شەرعی دیاری کردووە... دەڵێت: (ئاوەز بە شەریعەت نەبێت ڕێنوێنی وەرناگرێت، وە شەریعەتیش بە هۆی ئاوەزەوە ڕون دەبێتەوە)، واتا شەرع هاوکاری ئاوەز (العقل) دەکات بۆ ئەوەی ببێتە ڕێنوێنی کار، شەریعەتیش بەهۆی ئاوەزەوە ڕون دەبێتەوە؟ ئەگەر بپرسیت ئەمە چۆن ڕون دەبێتەوە و چۆن دەتوانرێت ئەو دوانە لێک جیا بکرێنەوە؟ لێرەدا ڕۆڵی ئاوەز دێتە پێشەوە.. دەبینی ئایەتە قورئانییەکان پڕیەتی لە دەستەواژەی گرنگیدان بە ئاوەز (العقل) بیکردنەوە.

(أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ... أَفَلَا تَعْقِلُونَ... لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ... إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِأُولِي الْأَلْبَابِ)

قورئانی پیرۆز گفتو گۆی زۆر تیایە بۆ ئەوەی مرۆڤ گەشە بە بیرو ئەندێشەی بدات، ئەگەر قورئانتان – یان – قورئانت خوێندەوە دەبینی پڕیەتی لەو ئایەتانەی باسی گفتو گۆ لەگەڵ بێ باوەڕان دەکات، بەم شێوەیە دەبینن یاسای نوێی داناوە بۆ گفتوگۆکردن، دەبینی لە قورئاندا چەندین چیرۆکی لەسەر گفتۆگۆکردن بۆ گێڕاوینەتەوە و، یاسای تایبەتی داناوە بۆ گفتوگۆ کردن، بە هەموو شێوەیەکی عەقڵانی گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات.

هیوادارم بیروباوەڕمان لە ناخمان هەڵقوڵابێت و، لەسەر بنەمای ئاوەز دەستمان کەوتبێت، نەک بە میراتی بۆمان مابێتەوە، باو باپیرانمان لەسەر ئەو دینە بوون بۆیە ئێمەش هەروا فێر بوبێتین، بۆیە ئەگەر ئیمان لەسەر ڕێگەی ئاوەز بێت ئەوە ئیمانێکی بەهێزو جێگیرو قوڵترمان دەست دەکەوێت.



Scanned with CamScanner

## بانگخوازان لەسەر زەوی

(ئیبن‌و تەیمییە) سێ مەرجی داناوە پێویستە لە هەموو ئەو کەسانەدا هەبێت، کە فەرمانەچاکەو ڕێگری لە خراپە دەکەن:

**مەرجی یەکەم:**

زانست: چیرۆکێک هەیە کە لە (ئیبن‌و تەیمییە) خۆی ڕویداوە، باسی گرنگی زانستمان بۆ ڕون دەکاتەوە:

لە دیمەشق لەگەڵ هاوڕێکانی دەگەڕا، سەربازەکانی تەتەریش سەرخۆش بوون – ئەوکاتە هۆلاکۆو سوپاکەی عێراق و شامیان داگیرکردبوو- هاوڕێکانی لە سەر بنەمای فەرمان بەچاکەو ڕێگری لە خراپە دەیان ویست کە ڕێگریان لێ بکەن لە خواردنەوەی عارەق، ئیبن‌و تەیمییە ڕێگری لێکردن و، پێی گوتن: وازیان لێ بهێنن با سەرخۆشبن ئەگەر بەهۆش بن ئەوە دەست دەکەن بە کوشتنی خەڵکی بێ تاوان، سەیری ئەم زانستە و ئەم شەرع زانیە بکەن کە هەمیشە دەبێت ئەو کەسەی فەرمان بە چاکە دەکاتو ڕێگری لەخراپە دەکات فێری بێت... بۆیە وتویانە: ئەوەی زانستی زۆربێت بواری بەرتەسک کردنەوەت کەم دەبێتەوە، واتە ئەوەی



Scanned with CamScanner

کـە خوێندنـەوەی لـە مەزهەبـە جـۆراو جـۆرەکان هەیـە، تێگەشـتنی لەسـەر دیـن فـراوان دەبێـت و کەمتـر بـەر پەرچـی خەڵـک دەبێتـەوە.

**مەرجی دووەم:**

میـان ڕەوی: پێغەمبـەر(ﷺ) دەفەرموێـت: «میـان ڕەوی لـە هـەر شـتێک دابێـت جوانـی دەکات، لـە هەرشتێکیشـدا نەبێـت ناشـرینی دەکات»[1]. چیرۆکێکـی زۆر نـاوازە هەیـە لـەو بارەیـەوە: پیاوێـک هەبـوو دەیویسـت فەرمـان بـکات بەسـەر (مەئمونـی) خەلیفـەی عەباسـی بـە چاکەکـردن، وە ڕێگـری لـێ بـکات لەخراپـە کـردن، هاتـە مزگـەوت و، فەرمانـی پێکـرد بـە چاکـە کـردنو ڕێگـری لێکـرد لـە خراپەکـردن، بـەڵام بەشـێوەیەکی تونـد لەگەڵـی دوا، (مەئمـون) زۆر بەداناییـەوە ئـەو توندیـەی لـە بەرژەوەنـدی خـۆی بـەکار هێنـا و، وتـی: کابـرا، بـە نەرمـو نیانـی پێـم بڵـێ، خـودا کەسێکی باشـتر لەتـۆی نـارد بـۆ لای کەسـێک لـە مـن خراپتـر، فەرمانـی پێکـر بـە میانـڕەوی پێـی بڵـێ، خـودا موسـاو هاورنـی کـە لەتـۆ باشـتر بـوون، ناردنـی بـۆ لای فیرعـەون لـە مـن خراپتـر بـوو، پێـی فەرمـون: (فقـولا لـه قـولا لینـا)، سـەیری ئـەم داناییـەی مەئمـون بکـەن، ئـەوە گرنگـی میانڕەوییـە کـە باسـی لێوەدەکەیـن.

سـەرنجێک: ( هەندێـک دەسـتە واژە هەیـە لەکاتـی فەرمـان بەچاکـەوە ڕێگـری لـە خراپـە بـەکار دەهێنرێـت، شـێوازێک لـە سـوکایەتی پێکردنـی تیایـە، زۆر جـار بـە بـێ ویسـتی ئـەو قسـەیە دەکرێـت، بـۆ نمونـە: ئـەو وشـەیەی کـەزۆر بـە کار دەهێنرێـت لـە هەندێـک ناوچـەدا: (سـەرت ڕوت مەکـە) ئـەم وشـەیە پیـاوان دەیڵێـن،

---

[1] ئەحمەد ( ٦/ ٢٥٧٥٠) گێڕاویەتیەوە و، ئەلبانی بە دروستی داناوە ( بە ژمارە ٥٦٥٤).



Scanned with CamScanner

بـۆ مەبەسـتی بـاش بـەکار دەهێنرێـت، مەبەسـت لێـی پاراسـتنی شـەرمو شـکۆی ئافرەتـە، بـەڵام ئـەم وتەیـە سـوکایەتییە بـە ئافرەتـان، هیـچ ئافرەتێـک نییـە حـەزی لـە بیسـتنی ئـەم وشـەیە بێـت، دەڵێـن: باشـە دای دەپۆشـم! لـەم کاتـەدا ئێمـە ئامانـجو ویسـتێکی باشـمان دەوێـت بـۆ ئافرەتـان، ئەویـش ئەوەیـە کـە بـە شـکۆ بـن، بـەڵام ئـەم وتەیـە پێویسـتی بـە ڕێکخسـتن هەیـە تیایـدا.

هەندێـک پۆسـکارت هەیـە لەسـەر دیـوارەکان هەڵواسـراون، نمونەیـەک لـە ناوەڕۆکـی ئـەو بڵاوکراوانـە بـاس دەکەیـن، بـە دیوارەکانـدا هەڵواسـراون، پاشـان بـەم پێوەرانـەی ئیبـنو تەیمیـە دەیـان پێویـت، بزانیـن تـا چەنـد میـان ڕەوی تیایـە، لـە فەرمـان بـە چاکـەو ڕێگـری لـە خراپـەی تیایـە؟

یەکـەم: زۆربـەی ئـەو پۆسـکارتانە لـەڕوی زانسـتییەوە؛ ئـەوە دەر دەخـەن کـە خاوەنەکانیـان زانسـتی تەواویـان نییـە، چونکـە ئـەو بڵاوکراوەیـە حوکـم بـە ئافرەتـان دەکـەن کـە سـەرجەم ڕوخسـاریان داپۆشـیوە، لەکاتێکـدا ئەگـەر ئافرەتێـک تەنهـا چـاوی بەدەرەوەبێـت، بـە ئافرەتـی سـفوری دەچوێنـن، لێـرەدا بـە هەڵـە تێگەیشـتنێک هەیـە!

ئـەم کارە جێگـای مشـتو مـڕو بۆچونـی جیـاواز هەڵدەگرێـت، مـن موفتـی نیـم بڵێـم: ڕوخسـارت داپۆشـە، یـان دای مەپۆشـە، بـەڵام ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ کتێبـە فیقهییـەکان دەبینـی بابەتـی داپۆشـینی ڕوخسـار بابەتێکـە خیلافییـە و، هەندێـک دەڵێـت: پێویسـتە داپۆشـرێت، هەندێکیـش دەڵێـن دەسـتو ڕوخسـار کێشـەی تیـا نییـە لـە داپۆشـینیان، چوونکـە ئـەو دوو جێگەیـە بـە شـەرمگەی ئافـرەت (عورە) ناژمێرێـن، کاتێـک ئـەم بابەتـە بۆچونـی جیـاوازی لەسـەر بێـت، ئـەوە ئـەو یاسـایە دەیگرێتـەوە: (پێداگـری نییـە لـە بابەتـە ئیختلافییەکانـدا).



Scanned with CamScanner

ئەم کارە پێویستی بە هەندێک زانست هەیە. پێداگری نییە لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئافرەت ڕوخساری داپۆشێت؛ چونکە بۆچونێکی دیکە هەیە کە ڕێگە دەدات بە دانەپۆشینی دەستو ڕوخسار.

دووەم: ئایا ئەم بڵاو کراوە هیچ مامەڵەی شیرینی تیایە، بۆ نمونە: ئافرەتێک دەهێننو ئاگرێت دادەنرێت لە بەشی دیکەی وێنەکەدا، نوسراوە (کامیان هەڵدەبژێریت)، ئەو ئافرەتەی کە جانتاکەی هەڵگرتوە و تەنها چاوی بەدەرەوەیە دیارە کە ئەوە بۆ ئاگر دیاریان کردووە، ئەمە (کاری خودا گرتنە دەستی تیایە) کێ بەو کەسەی وتوە: کە ئەم کەسە بۆ ئاگرە یان نا؟!

ئەم کارانە لای خوای پەروردگارن، پاشان خۆت هەڵیبژێرە بەهەشت یان دۆزەخ ئەمە سوکایەتییە بە هەندێک ئافرەت.

سێیەم: لە بارەی میانڕەوییەوە، ئەم وێنەیە لە ژێرەوەیدا نوسراوە: ( پیاوینە گەواد مەبن، ئەگەر پیاو نین وەک پیاوبن).

من دەپرسم: ئەم وشەیە چی لایەنێکا باشەی فەرمان بەچاکەو ڕێگری لە خراپەی تیایە؟! ئایا ئەو پیاوەی ئەم وشەیە دەخوێنێتەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی هانی بدات بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لەسەر کاری باشەکانی، یان کە ئەم بڵاو کراوە دەبینێت گاڵتەی پێدەکاتو پشتگوێی دەخات؟!

**مەرجی سێیەم:**

ئارام گرتن لەسەر ئازاردان: بێگومان هەموو ئەو کەسانەی کە لەبواری بانگەوازدا کاردەکەن هێرش دەکرێتە سەریان، لەوکاتەدا پێویستە ئارام بگرن، چونکە خودای پەروەردگار دەفەرموێت: (وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ ). واتە: دوای ئەوەی ڕاسپاردە



Scanned with CamScanner

دەکەیت بە ئەنجام دانی کاری باشە، دوای ئەوە پێشبینی بکە هێرش بکرێتە سەرت، بۆیە پێویستە خۆت ڕابهێنیت لەسەر ئارام گرتن.



# ڕازەکانی گەشەپێدان



Scanned with CamScanner



## ڕۆشنبیری سێکسی لای پێغەمبەری خودا(ﷺ)

ئەو بابەتانەی کە تایبەتن بە سێکسەوە، لە هەرە بابەتە لە پێشەکانن کە گەنجان گرنی زۆر پێدەدەن، ئەم بابەتە جێگەیەکی زۆر بەرفراوانی لە مێشکیان داگیر کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی کە باس لەم بابەتە دەکەن زۆر کەمن، دەبینی هێشتا کۆمەڵگەی کوردی بە شەرمەوە لەسەر ئەم بابەتە دەدوێن، ئەم بابەتە پێش چل پەنجا ساڵ لەمەو بەر تا ڕادەیەک دەکرا شەرمی لێ بکرایە، چونکە ئەو کاتە تۆزێک جیاوازتربووو، بەڵام لەم ڕۆژانەدا منداڵ تەمەنی دەگاتە (٨) ساڵ دەڕواتە ناو ئینتەرنێت و، بەردەم شاشەکانی تیڤی، دەبینێ جیهان لەسەر ئەو بابەتە دەدوێن، دەکرێت ڕۆژێک بڕواتە ناو یەکێک لە ماڵپەڕەکانەوە، زانیاری لەسەر ئەو بابەتە وەربگرێت، بۆیە دەبینی منداڵان لەم سەردەمەدا لەسەر بابەتی سێکس لەگەڵت دەدەوێن!.

بۆیە ئێمە لە دوو ڕیانێکداین: یان ئەو ویستەمان بشارینەوە، یان لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵیان بدوێین، ئەگەر بیشارینەوە ئەوە گەنجانمان لە ڕۆژ ئاواوە فێری سێکس دەبن و کەلتوری ئەوان هەڵدەگرن، بۆیە پێویستە دەرگای گفتوگۆیەکی هێمنیانەیان

لەگەڵدا بکەینەوە لەسەر ئەو بابەتە، گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە زۆر گرنگە لایان.

ڕۆشنبیری سێکسی لەوێوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە ئەوەی کە پێویستە هەردوو هاوسەران زۆر گرنگی پێ بدەن، چونکە زۆر حاڵەتی تەڵاق دەبینی بەهۆی تێرنەبونی لایەنی جنسی یەکێک لەو هاوسەرانە ڕوودەدات؛ بۆیە کاتێک باسی ئەو بابەتە دەکەن لەجیاتی ئەوەی بە ڕاشکاوی بدوێن، کەچی بە شەرمەوە باسی دەکەن، بۆیە دەبێتە هۆی جیابونەوەیان.

شتێکی پێچەوانە لەنێو هاوسەراندا بونی هەیە، دەبینی هاوسەران هەن کێشەی کۆمەڵایەتییان هەیە، بەڵام پەیوەندی سێکسیان لە زووی نوستیاندا زۆر بەهێزە، بونی ئەم پەیوەندییە بەهێزە سێکسییە، بەشێوەیەکی دیکە ئەو کێشەی کە هەیان قەرەبوی دەکەنەوە. بۆیە دەبینی بەهۆی ئەو پەیوەندییەوە ژیانیان بەردەوامی هەیە، بونی خۆشبەختی لە ژوری نوستندا بوەتە هۆی ئەوەی بەخۆشی بژین، بۆیە بونی بەختەوەری لە ژوری نوستندا هۆکارە بۆ بەختەوەری ژیانی هاوسەران بەشێوەیەکی گشتی.

هاوسەران لەبەردەم دوو بژاردان: یان دەبێت گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم بابەتە پشتگوێ بخەن؛ بەو کارەشیان یەکێک لە ودوانە بەختەوەر نابێت، یان دەبێت کۆتایی بە ژیانی هاوسەری بهێنن، چارەسە ئەوەیە دەبێت بە ڕاشکاوانە و، بە ڕونی لەسەر ئەم بابەتە بدوێن لە پێناو ڕزگارکردنی هاوسەرێتییان.

هەندێک دەڵێن: دروست نییە گفتوگۆ لەسەر بابەتی سێکسی بکرێت؛ چونکە ئەوە کاری تایبەتییە، ئێمە لێرەدا بە دوو فەرموده وەڵامی ئەم وتەیە دەدەینەوە.



Scanned with CamScanner

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «ئەگەر کەسێک لە ئێوە سەرجێی لەگەڵ خێزانی کرد مافی خۆی پێ بدات، ئەگەر تۆ پێش ئەو تەواو بویت ئەوە پەلە نەکەیت تا ئەویش پێویستی تەواو دەبێت»[1].

کەواتە پێغەمبەر(ﷺ)، باسی لەو وشەیەکردوە، کە ئەمڕۆ ڕۆژ ئاوا پێی دەڵێن (ئۆرگازم) (لوتکەی چێژ) بە بێ هیچ شەرمێک پێش (١٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر.

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «هەرکاتێک لەگەڵ خێزانی خۆتان سەرجێیتان کرد، وەک ئاژەڵ مەڕۆنە لایان. با پەیام لە نێوانتاندا هەبێت» وتیان پەیام چییە ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)؟ فەرمووی: «دەست بازیو ماچکردن»[2].

ئێمە دەپرسین: پێغەمبەر باسی چی دەکات؟!! باسی کارێت دەکات ئەمڕۆ ڕۆژ ئاوا پێی دەڵێن: (Fore play) واتە دەست بازی و، پێش دەست پێکردنی کاری سێکسی، ڕۆژ ئاوا بە چەند بەرگێک باسی ئەم بابەتەیان کردووە.

پێغەمبەر(ﷺ) پێش (١٤٠٠) ساڵ شەرمی نەکردووە باسی ئەم بابەتەی کردووە، ئەو وتەیە گەورەو بچوکو ژنو پیاو بە بێ جیاوازی دەی خوێنێتەوە.

لە سەرژمێرییەکی زۆر ناوازەدا کە (جاسم متوع) باسی دەکات دەڵێت: (٢٧٠٠) چیرۆکی ناوازەی سێکسی لە کتێبە فیقهییە دێرینەکاندا هاتووە، کەواتە ئەگەر پێغەمبەر(ﷺ) شەرمی

---

١ ئەبو یەعلی لە مسندەکەیدا (بە ژمارە ٤٢٠١) گێڕاویەتییەوە.
٢ ئەبو مەنسوری دەیلەمی لە مسنەدەکەیدا (الفردوس) لە فرمودەی ئەنەسە گێڕاویەتییەوە منکر.

نەکردبێــت و باســی ئــەم بابەتــەی کردبێــت، شــوێن کەوتوانیــش بەهەمــان شــێوە باســیانکردووە، باشــە بــۆ ئێمــە ئــەم دەرگایــە بــەڕوی گەنجانمانــدا نەکەینــەوە بــۆ ئــەوەی بــە گوێــرەی ئایینــی ئیســلام بــاس لــە ڕۆشــنبیری ســێکس بکــەن؟



Scanned with CamScanner



## چۆن بوونە داهێنەر؟

هەندێک جار ڕەخنەی ئەوە دەگرین ئەوانەی سەرکەوتون بە ڕێکەوت بووە، یان بەشێوەیەکی بۆماوەیی بۆیان ماوەتەوە، یان توشی هیچ ئاستەنگییەک نەبوونەتەوە لەژیاندا بۆیە بونەتە داهێنەر، لە ڕاستیدا ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، هیچ کەسێکی سەرکەوتو و داهێنەر نییە توشی ئاستەنگیو ناهەمواری زۆر نەبووبێتنەوە، بەڵکو توشی زۆر بەرهەڵستیو ململانێی گەورەو دژایەتی کردنیش بونەتەوە، بە تواناو ویستی خۆیان –پاش ڕازی بونی پەروەردگار- توانیویانە سەرکەوتو بن تیایاندا.



* بیتهۆڤن: مامۆستاکەی دەڵێت: هیچ هیوایەک نەبوو کە ئەو بتوانێت ببێتە هونەرمەند، لە ئەنجامدا بوو بە یەکێک لەگەورەترین هونەرمەندەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، ئۆرکسراکانی ملیۆنەها خەڵک گوێی لێدەگرن، بیت هۆڤن هەرچەند کەسێکی کەڕ بوو بەڵام توانی گەورەترین ئۆرکسرا بنوسێت.

(دەست پێ بکەو لە کۆتاییدا بیری لێ بکرەوە) – ستیڤن کوفی-



Scanned with CamScanner



* **ولـت دیزنـی**: چەنـد جارێـک لەسـەر کار دەرکـرا، دەرکـرا، پێـش ئـەوەی (دیزنـی لانـد) دابمەزرێنێـت، چەنـد جارێـک مایـە پـوچ بـوو، لـە کۆتاییـدا داهاتـی سـاڵانەی گەشـتە (٣٠)بلیـۆن دۆلار.



* **تۆمـاس ئەدیسـۆن**: دامەزرێنـەری کارەبـا، مامۆسـتاکەی دەڵێـت: ئـەم کـوڕە بـێ مێشـکە، ناتوانێـت فێـری هیـچ بێـت.. هەمـوو ئـەو کارەبایـەی کـە دەبینرێـت ئـەم پیـاوە دایمەزرانـد.

(سـەرکەوتوەکان لـەم دنیایـەدا خەڵکانێکـن بەشـوێن بارودۆخێـک دەگەڕێـن کـە دەیانەوێـت، ئەگـەر ئەوەیـان دەسـت نەکـەوت ئـەوە بۆخۆیـان ئـەو بارودۆخـە دروسـت دەکـەن) - سـوقرات-



* **ئەنیشـتاین**: یەکێکـە لەبیرمەنـدە هـەرە گەورەکانـی سـەدەی بیسـتەم، تـا تەمەنـی چـوار سـاڵی نەیدەتوانـی قسـە بـکات، تـا تەمەنـی حـەوت سـاڵی فێـری هیـچ نەبـوو، مامۆسـتاکانی سـکاڵای ئەوەیـان لێدەکـرد کـە زۆر سسـتەو تێنـاگات لـە هەمـان کاتـدا منداڵێکـی کۆمەڵایەتـی نییـە، لـە ئەنجامـدا بـوو بـە پیاوێـک لـە هەمـوو زانـا گـەورەکان ناودارتربـوو!!



Scanned with CamScanner



* **چەرچڵ**: یەکێکە لە سەرکردە گەورەکان کە پێشەوایەتی بەریتانیای کرد، لە جەنگی جیهانی دووەمدا ئەڵمانیای شکاند، لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییدا دەرنەچووو، ئەمە وای لێنەکرد شکست بهێنێت، بەڵکو یەکێک بوو لەو پیاوە گەورانەی لە سەدەی بیستەمدا جەنگا.

(شکست بونی نییە، بەڵکو ئەزمونکردنە) – ستیڤن کوفی-



* **بیل گیتس**: دەوڵەمەند ترین پیاوی سەر زەوی وازی لە زانکۆی (هارڤێرد) هێنا، کۆمپانیای مایکرۆسۆفتی لەتەمەنی (٢٠) ساڵیدا دامەزراند، ئەمڕۆ بیل گەیتس ڕۆژانە خاوەنی (٢٠) ملیۆن دۆلارە... ئەگەر (١٥) دۆلار بەسەر خەڵکدا دابەش بکات ئەوە هیچ کەس لەسەر زەوی نامێنێت پارە وەرنەگرێت، لە کۆتاییدا (٥) ملیۆن دۆلار لە سەروەتەکەی دەمێنێتەوە[١].

(کۆتا کار چی بوو کە یەکەم جارت بوو بیکەیت؟)

---

١ ئەمە لەکاتێکدا بوو کە ساڵی (٢٠٠٦) بوو، ئێستا ساڵی (٢٠١٨) (وەرگێڕ).



* **شێخ صالح ڕاجحی**: لە ناودارترین دەوڵەمەندەکانی مەملەکەتی سعودییەیە، ژیانی لە هیچەوە دەست پێکردوە، چەند کارێکی لە یەک کاتدا کردووە، بەڕۆژ کرێکاری کردوە و، بە شەوانیش کلیلی فرۆشتووە... ئەمڕۆ شێخ ڕاجحی خاوەنی (٣) ملیار دۆلارە.



* **هنری فۆرد**: ژیانی لە هیچەوە دەست پێکرد، پێش ئەوەی کۆمپانیای فۆرد دابمەزرێنێت، پێنج جار مایە پوچ بووە، پاش دامەزراندنی کۆمپانیای فۆرد کە یەکێکە لە سەیارە هەرە ناوازەکان، دوای (١٥)ساڵ. لە دامەزراندنی کۆمپانیاکەی، سەروەتەکەی گەیشتە یەک بلیۆن دۆلار.



* **ئۆپێرا وینفری**: خاوەنی ئەو بەرنامە بەناو بانگە، لە تەمەنی (٩) ساڵیدا دەست درێژی سێکسی دەکرێتە سەری، ئەم ڕوداوە بە ئازارە وایلێنەکرد کە سەرکەوتوو نەبێت، ئێستا یەکێکە لە پێشکەش کارە ناودارەکان لە جیهاندا، دەربارەی ئەم ژنە دەڵێن: (کاریگەری ئۆپێرا لەسەر خەڵک



Scanned with CamScanner

لـە کاریگـەری سـەرجەم زانکۆکانـی ئەمەریـکا زۆرتـرە، کاریگـەری لـە سـەرۆکی ئەمەریـکا زۆرتـرە، یـان هـەر سـەرکردەیەکی دینـی جگـە لـە پاپـا زۆرتـرە...).

هیـچ کەسـێک نـاوازە نییـە، بەڵکـو هەمـوان توشـی ئاسـتەنگی و، بەبەرسـت و، ململانـێ و، ڕێگرییـە بـێ کۆتاییـەکان بونەتـەوە، بۆیـە یاسـایەک هەیـە دەڵێـت:

**ژینگە + پەرچە کردار = ئەنجام.**

ئەنجـام تەنهـا پشـت بـە ژینگـە نابەسـتێت، بەڵکـو بـە پلەیەکـی باڵاتـر پشـت بـە پەرچـە کـرداری ئـەو ژینگەدەبەسـتێت کـە تیایـدا دەژیـت.



## تێشکێك لەسەر جگەرەکێشان

- پاکەتێک جگەرە لە کوردستان (١٠٠٠) دینارە –هەرزانترینیان-، ئەگەر بڕیار بدەیت ئەم بڕە پارەیە کۆ بکەیتەوە و، بیخەتە پاکەتێکەوە، ئەوە لە ماوەی (٢٥) ساڵدا دەبێتە (٩,٠٠٠,٠٠٠) نۆ ملیۆن دینار، بەڵام ئەگەر ئەم کارە نەکەیت ئەوە تۆ لەوانەی کە لەو ماوەیەدا ئەو بڕە پارەیەت سوتاندووە.

- من بۆ ماوەی (١٣) ساڵ جگەرەم کێشاوە، ئێستا سوپاس بۆخودا (٨)[1] ساڵ تێ دەپەڕێت بەسەر وازهێنان لە جگەرە کێشانمدا، ئێستا من جیاوەزییەکی زۆر بەرفراونو گەورە دەبینم لە نێوان ئەوانەی جگەرە دەکێشنو ئەوانەی جگەرە ناکێشن، هەندێک تایبەت مەندی ئەوانەی کە جگەرە ناکێشن:

١- لەکاتی هەستان لەخەودا، هیچ بەڵغەمی نابێت.

٢- بۆنی دەمی ناخۆش نییە.

٣- بۆنی پۆشاکەکەی و عارەقەکەی بێزراو نییە.

٤- لەکاتی وەرزشدا یان یاری تۆ پی پێ زوو ماندوو نابێت.

٥- ڕێژەی هەڵامەت یان هەر نەخۆشییەکی دیکە، کەم دەبێت

---

١ ئێستا (١٩) ساڵ تێ دەپەڕێت بەسەر ئەو ماوەیەدا. (وەرگێڕ).



Scanned with CamScanner

لەچاو جگەرە کێشدا بۆ نیوەی ئەو، واتە ئەو لە ساڵێکدا چەند جار نەخۆش بکەویت ئەوە تۆ نیوەی ئەوە نەخۆش دەکەویت.

٦- تەرکیز کردن دوای وازهێنان لە جگەرە زۆتر دەبێت لەچاو پێشوودا.

٧- هەندێک توێژینەوەی زانست هەیە کە توانای سێکسی زیاد دەکات.

٨- لە میانەی ژنانەوە، جگەرەنەکێشان پێستی جوانترو سەرنج ڕاکێشتر دکات و، کەسەکە منداڵ تر دەردەکەویت.

٩- جگەرە نەکێشان ڕەنگو جوانی دانەکان وەک خۆی دەهێڵێتەوە.

- لە ڕۆژ ئاوا جگەرە نەکێشەکان مافێکیان هەیە، کە جگەرە کێشەکان ئەو مافەیان نییە، ئەویش جگەرە نەکێشانە لە شوێنە گشتییەکاندا، بۆنموونە لە ئەمەریکا جگەرەکێشان لە جێگە داخراوەکانی وەک... چێشتخانە و.. ئوتێل و... نەخۆشخانەکان و... فرۆکەخانەکان... قەدەغەیە، واتە هەر جێگەیەک چوار دیواری هەبێت جگەرە کێشان قەدەغەیە؛ بۆ پارێزگاری کردن لە مافی جگەرە نەکێشەکان، بەداخەوە ئەمە بە پێچەوانەیە لای خۆمان، جگەرە کێشەکان ئەو مافەیان هەیە، کاتێک کەسێکی جگەرە نەکێش بێتو داوای ئەوە بکات جگەرەکەی لابات توڕە دەبێت و، ئەگەر ناسراوبێت ڕەنگە زویر بێت لێت.

- ئێستا ئەمەریکا گەیشتوەتە ئاستێکی زۆر نزم لە جگەرە نەکێشان، یەک جگەرەکێش بەرامبەر بە پێنج جگەرە نەکێشە، بەداخەوە لە وڵاتانی ئیسلامی ئەم ڕێژەیە بەرەو هەڵکشان دەڕوات.

- ئوستراڵیا ئامانجێکی داناوە: دەیانەوێت وڵاتەکەیان لەساڵی

(٢٠٣٠)دا جگـەرە کێشـی تیـا نەمێنێـت، هیـوادارم ئەمـە ببێتـە هاندەرێـک بـۆ ئـەوەی لـە هەمـوو جێگەیـەک پیادە بکرێـت، لەجیاتی ئـەوەی کـە بـە ملیۆنـان دۆلار خـەرج بکرێـت لـە پێنـاو جگـرە کێشـاندا، ئەمـە ئەنجـام بدرێـت، باشـترە لـەوەی سـکاڵای ئـەوە بکەیـن کـە بارودۆخـی مـادیو تەندروسـتیمان لـە مەترسـیدایە! پێویسـتە هاوشـێوەی ئـەم دەسـت پێشـخەرییە بکەیـن، ئێمـە لەپێشـترین وەک ئوسـتڕالیا بـۆ ئـەم جـۆرە یاسـایانە، چونکـە پێغەمبـەر(ﷺ) دەفەرموێـت: «زیانـت بـۆ خەڵـک نەبێـت، ئەگـەر کەسـێکیش زیانـی بـۆت هەبـوو ئـەوە تـۆ هـەر زیانـت بـۆی نەبێـت»[1]، واتـە: دروسـت نییـە تـۆ زیـان بـە گیـان خـۆت بگەیەنیـت، هەروەهـا مافـی ئەوەشـت نییـە کـە زیـان بگەیەنیتـە کەسـانی دیکـە، ئـەم بنەمایـە مەنهەجـی ئیسـلامییە کـە ئوسـتڕالیا دەیەوێـت جـێ بەجێـی بـکاتو پێـش ئێمـە کەوتـوون؟!

- لـە وڵاتێکـی وەک سـعودیە (٢٧) نۆرینگـەی بەرەنـگار بونـەوەی جگـەر کێشـان هەیـە، ئـەم نۆرینگانـە بـێ بەرامبـەرن، وەزارەتـی تەندروسـتی سەرپەرشـتی دەکات؛ داواکارم لـە جگـەرە کێشـان لـە ئینتـەر نێـتو یـان بـە کردەیـی سـەر لـەو جـۆرە جێگایانـە بـدەن، بـۆ ئـەوەی باشـترین ڕێگەیـان پیشـان بـدات بـۆ ئـەوەی واز لـە جگـەرە بهێنـن.

١ ئیبنو ماجە (بە ژمارە ٢٣٣١) و تەبەرانی لە (معجمە الکبری)دا ( ١٣٨٧/٢) گێڕاویانەتەوە.



## چۆن واز لە چەلەحانێ (الجدال) بهێنین؟

هەموومان ئەو فەرمودەمان بیستوە، (ئەبی ئومامە) بۆمان دەگێڕێتەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی: «هەرکەس واز لە چەلەحانێ مڕ بهێنێت من دەبم بە کەفیلی ماڵێکی لە بەهەشت بۆ دابین بکرێت، با واز لە چەلەحانێ بێنێ هەرچەند لەسەر حەقیش بێت، ئەوە من ئەبم بە کەفیلی ماڵێک لە ناوەڕاستی بەهەشت بۆ ئەوانەی کە واز لە درۆدەهێنن، هەرچەند درۆکە لەبواری گاڵتەوگەپا بێت. ئەبمە کەفیلی ماڵێک لە بەرزترین جێگەی بەهەشت بۆ ئەو کەسانەی کە ڕەوشتیان بەرزە»[1].

بەڵام کێشەکە لەوەدایە چۆن دەزانی کە گفتوگۆیەکی ئاسایی دەڕوات بۆ مشتو مڕی توندو یەکدی شکاندن؟ چۆن دەزانیت کەی دەست دەکەیت بە گفتوگۆ و؟ کەی وازی لێ دەهێنیت؟

چەند نیشانەو ئاماژەیەک هەیە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گفتو گۆکە بەرەو مشتومڕی توند ئامێز دەڕوات، ئەوانیش:

١- کاتێک دەنگ بەرز دەبێتەوە، ئەوە بزانە ئەو گفتوگۆ بەرەو مشتو مڕ دەڕوات، باشترە وازی لێ بهێنیت.

---

١ ئەبوداود (بە ژمارە ٤٨٠٠) گێڕاویەتییەوە، ئەلبانی بە حەسەنی داناو (بەژمارە ١٤٦٤).

٢- کاتێـک کەسـی بەرامبـەر دەسـتیکرد بـە دووبـارە کردنـەوەی وتەکانـی، هەمـان بەڵگـەی پێشـووی چەنـد جارێـک دەهێنایـەوە، ئـەوکات بزانـە تـۆ لـە بازنەیەکـی بەتاڵـدا دەسـوڕێیتەوە، باشـتر وایـە کـە وازی لـێ بهێنیـت.

٣- کاتێـک دوولایەنـی گفتوگـۆکار دەسـتیان کـرد بـە بڕینـی وتەی یەکـدی، ڕێگـەی نـەدەدا کەسـی بەرامبـەر وتەکـەی تـەواو بـکات، ئەمـە گەورەتریـن نیشـانەکانی ئەوەیـە کـە گفتوگۆکـە بـەرەو مشـتو مڕ (جـدال) دەڕوات، هـەر یەکێکان دەیەوێـت ئـەوە بڵێـت کـە خـۆی مەبەسـتیەتی، نـەک یەکێکیـان ئامـادە بێـت بـۆ ئـەوەی گـوێ لـە لایەنـی بەرامبـەری بگرێـت.

٤- کاتێـک هەریەکـە لـە دوولایەنـی گفتوگـۆ هەوڵبـدات، لایەنـی بەرامبـەر وا لێبـکات، کـە بڕواتـە نـاو گفتوگۆیەکـەوە بـۆ سـەلماندنی بیـرو بۆچونـی خـۆی، نـەک بـۆ تێگەیشـتنی بیـرۆ بۆچونـی بەرامبـەر، ئەمـە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە گفتوگۆکەیـان بـەرەو مشـتو مڕێکـی ناپەسـەند دەڕوات، نـەک گۆڕینـەوەی دیدگایەکـی سـود بەخـش.

کاتێـک کـە زانیمـان گفتوگۆکەمـان بـەرەو مشـتو مڕێـک دەڕوات، چـۆن بتوانیـن بەشـێوەیەکی سـادەو ڕێزگرتـن لـە بەرامبـەر لـەو گفتوگۆیـە دەربچیـن؟ بـۆ ئـەوە چەنـد پێشـنیارێکمان هەیـە:

١- بیـر لـەو فەرمـودەی پێشـوو بکرێتـەوە، دەتوانیـن گفتوگۆکـە بگۆڕیـن بـۆ نوکتەیـەک یـان قسـەیەکی دیکـە، بۆنمونـە بـە کەسـەکە بڵێیـت: (پێـت چۆنـە ئـەو ماڵـەی لـە بەهەشـتدا تەرخـان کـراوە بـۆ ئـەو کەسـەی کـە مشـتو مـڕ نـاکات بـەش بکەیـن؟) بـەم ڕێگەیـە دەتوانیـن لـەو هەڵوەسـتەیە دەربچیـن، بـە شـێوەیەکی ئارام و دوور لـە بێزارکردنـی بەرامبـەر.



Scanned with CamScanner

٢- یـان بڵێـت: کـەی عیشـا دەبێـت؟ نـان نەخۆیـن؟ بـۆ ئـەوەی بابەتەکـە بەشـێوەیەکی ژیرانـە بگۆڕیـن بـۆ بابەتێکـی دیکـە.

٣- یـان بڵێـت: زۆر تـەواوە بـرام، مـن بەتـەواوی لەگـەڵ تـۆدام... هتـد، ( بەشـێوەیەکی زیرەکانـە) وادیـارە مـنو تـۆ هـاوڕا نابیـن لەسـەر ئـەم بابەتـە، بـەڵام بـا واز لـەو بابەتـە بهێنیـن.

٤- بڵێـت: دەبێـت لەسـەر ئـەو بابەتـە پرسـیار بکـەم، دواتر لەسـەری دەدەوێنـەوە... ئـەم هەوڵـە سـوکانە بـۆ ئەوەیـە کـە بەشـێوەیەکی ئاشـتیانە واز لـە مشـتو مـڕە توندەکەتـان بهێنـن.

مشـتو مـڕی تونـد لـە ڕەوشـتی مسـوڵمان نییـە، پێغەمبـەر(ﷺ) تـوڕە دەبـوو کاتێـک بـی بینیایـە کە هـاوەڵان مشـتو مڕی تـود دەکەن، ئـەو پاداشـتە گەورەیـە زۆر زۆر باشـترە بـۆ ئـەوەی چاوەڕوانـی بێـتو واز لـە مشـتو مـڕ بهێنێـت؛ چونکـە مشـتو مـڕ هەسـتەوەرییەکی زۆر ناخـۆش لـە نێـوان خەڵکیـدا دروسـت دەکات، زۆرجـار دەبێتـە هـۆی تێـک چونـی پەیوەندییەکانـی نێوانیـان.

لەگـەڵ گفتوگۆدایـن؛ چونکـە بـەرەو پلەیەکـی بـاڵا لـە تێگەیشـتن دەمـان بـات، یەکـدی شـکاندو مناقەشـەی بـێ سـود بیـن؛ چونکـە دەبێـتە هـۆی تێکچونـی پەیوەندییەکامـان... لـەم خاڵانـەی پێشـوودا دەتوانیـن جیـاوازی بکەیـن لـە نێـوان ئـەم دوو دیاردەیـە.



## بۆچی بخوێنینەوە؟

هەموان دەزانین بخوێنە (إقرأ) یەکەم وشە بوو دابەزییە سەر پێغەمبەر(ﷺ)، خوێندنەوەش ڕێگەی هەستانەوەی نەتەوەیە، هەموو ئەو وتانە پارێزراوە و، بەڵام تێبنی ئەوە بکە، کە ئەم وتانە کاریگەری ناکاتە سەر گەنجانمان... گەنجان دەیانەوێت بزانن: ئەگەر خوێندمانەوە چی سودێکمان دەست دەکەوێت؟ من وەک خۆم چیم دەست کەوێت؟ حەز ناکەم گوێم لە قسەی گەورە بێت.. نەتەوە.. هەستانەوە... ئەم وتانە جوانن، بەڵام چی سودێکی هەیە بۆ من؟

با پێکەوە خوێندنەوە بکەینە کارێکی کردەیی: خوێندنەوە خێراترین‌و باشترین هۆکارە بۆ ئەوەی ئامانجەکانت بەدی بێت! ئامانجەکانت هەرچی بێت.

ڕاهێنانی کردەیی: لەسەر پارچە کاغەزێک ئەوەی دەتەوێت لە ماوەی مانگێکدا بەدی بهێنیت بینوسە، بۆ نمونە خویەکی ناشرینە دەتەوێت لایبەیت، یان کارێکی پەسەندە دەتەوێت بەدەستی بهێنیت، یان بیرۆکەیەکی دیاریکراوە دەتەوێت بۆچونێکی تایبەتی تیایدا هەبێت... یان ئەرکێکە دەتەوێت بەدەستی بهێنیت.



Scanned with CamScanner

ئێستا – بە ئاسانی- برۆ بە گەورەترین کتێبخانەی شارەکەت، بەشوێن ئەو کتێبەدا بگەڕێ باس لەسەر ئەو بابەتەی تۆ کردوتە بە ئامانج نوسراوە.

**چۆن کتێب ,هەڵبژێرین؟**

چوار ڕێگەی سەرەکی هەیە بۆ ئەوەی بتوانیت کتێب هەڵبژێریت، بۆ ئەوەی دوور بکەویتەوە لەو کتێبەی کە بۆ تۆ نەگونجاوە.

١- پرسیار لەیەکێک بکە کە شارەزایە لە خوێندنەوەدا: چی کتێبێک گونجاوە بۆ ئەو بوارەی کە هەڵم بژاردووە؟ ڕەنگە ناوی چوار یان پێنج کتێبت بۆ دیاری بکات، ڕێگەکەت بۆ کورت دەکاتەوە، ئەگەر کەسێکی شارەزا بەردەست نەبوو بۆت، ئەوکاتە دەتوانیت لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە باشترین ئەو کتێبە هەڵبژێریت کە بۆ تۆ گونجاوە.

٢- ناوەڕۆکی کتێبەکە بخوێنەوە: ئەمە ئەو خاڵانەت بۆ دیاری دەکات کە کتێبەکە باسی لێوە دەکات، دوای ئەوە بۆت دەردەکەوێت کە ئەو خاڵانە گرنگن بۆت یان نا؟

٣- پێشەکییەکەی بخوێنەوەرەوە: چونکە پێشەکی زۆر گرنگە؛ چونکە بیرۆکەی کتێبەکەت بۆ ڕون دەکاتەوە و، پوختەی کتێبەکەت پێ دەبەخشێت.

٤- بڕگەیەکی کتێبەکە هەڵبژێرە (نیو پەڕە) بەتەواوی بیخوێنەوە؛ لەبەر ئەوە ڕەنگە ناوەڕۆکی بابەتەکان یان پێشەکییەکەی سەرسامت بکات، بەڵام شێوەی نوسەرەکە سودێکی بۆت نەبێت، هەنگاوی چوارەم گرنگی لەوەدایە کە ئەوە هەستەمان لادروست

دەکات کــە ڕەوشــتی نوســەر چۆنــە لــە نوســینی بابەتەکانیــدا.

ئەگــەر ئــەم چــوار هەنــگاوە بگریتــە بــەر، پشــتیوان بەخــودا شــێوەی نوســینی کتێبەکــە زۆر بــۆت گونجــاوە.

**- خوێنەری ئەمڕۆ سەرکردەی سبەینێیە -**



Scanned with CamScanner



# ئاو

ئایا ئێمە نرخی ئاو دەزانین؟

ئەو ئاوەی بەکاری دەهێنین.. بۆ خواردنەوە.. بۆ چێشت لێنان.. بۆ خۆ شتن.. بۆ دەست نوێژ.. بۆ پاکو خاوێنی ماڵەکان... ئایا بەهای ئەم بەخششە مەزنەمان تا ئێستا زانیوە؟

ئاو کە زۆربێت ڕێزی ناگیرێت بەڵام کە نەبوو خۆشەویست ترین شتە.

کاتێک کە ئاومان هەبوو هەست بە بەهاکەی ناکەین، ئەوە شتێکی ئاساییە لامان، بەڵام کاتێک کە نەمانبێت ئەوکات ڕەنگە شەڕی دوو دەوڵەتی لەسەر هەڵبگیرسێت.

هەندێک نمونەتان بۆ باس دەکەم پێویستە ئاگاداری بن، ئەمەش بۆ ئەوەی دەست بە ئاوەوە بگرینو بەکەمی بەکاری بهێنین:

**دەستنوێژ:**

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «لیترێک بەشی دەست نوێژ دەکات و، دوو لیتریش بەشی خۆشۆردن دەکات»[1].

---

١ الاستيعاب في معرفه الاصحاب، ص:٣٢٢.



Scanned with CamScanner

نیو جام (مد)[1] دەست نوێژی پێ دەگیرێت!!.. ئەمڕۆ خەڵک چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم فەرمودەیە دەکەن، دەست نوێژ خەریکە نزیکی خۆ شۆردنێک دەبێتەوە، بەلوعە بەتەواوی دەکەینەوە، هەموو ئەندامکانمان دەشۆن لەجیاتی ئەوەی دەست نوێژ بگرین، هەندێک دەڵێن: پێویستە لەسەرمان ئەندامەکانمان بشۆین، بە شێوەیەکی بەردەوام ئاوپی پێدا بکەین بۆ ئەوەی دەست نوێژێکی تەواو بگرین، ئەمە پێچەوانەی کردەوەی پێغەمبەرە(ﷺ) کاتێک باسی دەست نوێژ دەکات کە دەستی لەناو ئاوێکدا تەڕکردووە، واتە ئاوێکی کەمی بەکار هێناوە، پاشان ئەو دەستەی هێناوە بە تەواوی ئەو جێگاینەی دەستنوێژی پێدەگیرێت، بۆ ئەوەی تەڕبێت.

جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان (الإسباغ، الإسراف) جوان شۆردن (إسباغ) ئەوەیە کە دەست نوێژێکی تەواو بگریت، بەشێوەیەک کە دڵنیابیت کە ئاوەکە گەیشتوەتە هەموو ئەندامەکانی دەستنوێژ گرتن، نەک مانایەوە بێت کە بڕی ئاوی خۆشۆردنێک لە دەست نوێژێکدا بەکار بێنین!

ڕۆژانە خەڵکی موسوڵمان نزیکەی (٢٦) لیتر ئاو لە دەست نوێژدا بەکار دەهێنێت، واتە هەر جارەو نزیکەی (٥) لیتر ئاو بەکار دەهێنین، یانی سێ جامی گەورەی (١,٥)لیتری.

ئەوەتا پێغەمبەر(ﷺ) کاتێک بەلای سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسدا تێ دەپەڕی بینی دەست نوێژ دەگرێت. پێی وت: «ئەوە

---

١ لەکاتی خۆیدا بەو شێوەیە پێوانەیان کردووە، شەرع زانان بۆچونی جیاوازیان هەیە لەسەر (کیل) بە میسری، شافیعییەکان دەڵێن، نیو قاپە، وە میکیالیش بە هێندەی قاپێکە، ئەویش رتو نیوێکە لای خەڵکی حیجاز، لای عێراقی یەك لیترە، المعجم الوسیط ص (٨٩٣).

بۆ زیادە ڕۆیی دەکەیت؟»[1]. سەعد وتی: ئایا لە ئاویشدا زیادە ڕۆیی هەیە؟ فەرمووی: «بەڵێ ئەگەر لەسەر ڕوبارێکیش بویت پێویتسە زیادە ڕۆیی نەکەیت»!!.. واتە پێویستە کە لە ئاوی ئاوا زۆریشدا بە شێوەیەکی ئابوریانە ئاو بەکار بهێنیت، ئێمە لەکوێی ئەم فەرمودەداین، بەتایبەت زۆربەی موسوڵمانان لە وڵاتانی بیابان نیشینن ئاو لەو وڵاتانە زۆر کەمە؟

دەفەرموێت: «یەکەم شت کە پرسیار لە بەندە دەکرێت لەڕۆژی قیامتدا لەبارەی ئەو بەخششانەیە کە خوا پێی بەخشیوە. پێی دەوترێت: ئایا جەستەیەکی باشمان پێ نەدایت، بە ئاوێکی سازگاری شیرین پاراومان نەکردی»[2]... ئەم بانگەوازە بۆ هەموانە، کاتێک کە بەفرگر دەکەینەوە و، ئاوی ساردی سازگاری لێ دەخۆینەوە، توێنوێتیمان دەشکێنین، پێویستە کڕنوش بەرین بۆ پەروەردگار، بڵێین: سوپاس و ستایش بۆ ئەو پەروەردگارەی ئەم بەخششەی پێ بەخشین.

---

١ ئەحمەد ( بە ژما ٧٠٥٦) و ئبین و ماجە (بە ژمارە ٤١٩) گێڕاویانەتەوە.

٢ ترمزی ( بەژمارە ٣٣٥٨) گێڕاویەتییەوە.



Scanned with CamScanner


له هەندێک وڵاتانی جیهانی
سێیەم تەنها ئەم ئاوە
بەردەستە


IN SOME THIRD WORLD
COUNTRIES, THIS IS THE ONLY
WATER AVAILABLE


ئاو بەخششە



## باشترین پەروەردە

**پەروەردە باش = پێشەنگی باش دەست دەکەوێت...**

چیرۆکی زۆر نایاب هەیە لە گاندی خۆی ڕویداوە: دایکێک هەبوو منداڵەکەی زۆر حەزی لە شیرینی بوو، بە چەندین شێوە هەوڵی ئەوەی دەدا واز لەو خووەی بهێنێت، بەڵام نەیدەتوانی. هێنای بۆلای گاندی و وتی: ئەم منداڵەم زۆر حەزی لە شیرینییە هەوڵمدا ڕێگری لێ بکەم بەڵام نەم توانی. گاندی سەیری منداڵەکەی کردو پاشان سەیری دایکیشی کرد و، بەدایکەکەی وت: ئێستا بڕۆرەوە دوای مانگێکی دیکە بۆم بێنەوە. دایکەکە ئەمە زۆر لا سەیر بو، پاشان ڕۆشتو پاش مانگێک هاتەوە بۆلای و، وتی من مانگێک لەمەو بەر هاتم بۆلات وتت بڕۆرەوە مانگێکی دیکە بێرەوە، گاندی سەیری کوڕەکەی کرد دەستی لەسەر سەری دانا وتی: کورم، واز لە خواردنی شیرینی بهێنە زۆر زیانی هەیە، پاشان بێدەنگ بوو! ژنەکە ئەمەی پێ سەیر بوو، بە گاندی وت: باشە تۆ هەر ئەم ڕستەیەت ئەوت، بۆ مانگێک لەمەو بەر نەت گوت؟ بۆ واتکرد ئەو مانگە چاوەڕوان بکەم؟ گاندی وتی: من مانگێک لەمەوبەر زۆر حەزم لە شیرینی بوو، چۆن



Scanned with CamScanner

ئەتوانــم ئامــۆژگاری کەســێک بکــەم و کاریگــەرم لەســەری هەبێــت لەکاتێکـدا خـۆم ئـەو کارە دەکـەم.. بـەڵام لەمـاوەی ئـەم مانگـەدا هیـچ شـیرینیم نەخـراودروە، ئەمجـارە ئامۆژگاریەکـەم سـودمەندتر دەبێـت بـۆ ئـەو منداڵـە.

* یاسا: نەبوو هیچ نابەخشێت:

زۆر ئەســتەمە کەســێک جگــەرە بکێشــێت، ئامــۆژگاری کوڕەکــەی بـکا کـە جگـەرە نەکێشـێت...

شـتێکی زۆر ئەســتەمە هەمیشــە دوا بکەویـت لـە گەڕاندنــەوە بـۆ ماڵـەوە، چاوەڕوانــی ئــەوە لــە منداڵەکــەت بکەیــت کــە زو بگەڕێتــەوە بـۆ ماڵـەوە!.

## پەروەردەی نایاب = هاوسۆزی + نەرمو نیانی لەگەڵ منداڵ

ئەگــەر لەدڵتـدا هاوســۆزییەک نەبێـت بەرامبــەر بــە منداڵەکانـت، ناتوانیـت پەروەردەیەکـی پەسـەندیان بدەیـت، سـەیری پێغەمبـەر(ﷺ) بکـە کاتێـک لـە مزگەوتـدا وتـاری دەدا، لەکاتێکـدا لەسـەر میمبـەر بوو حەسـەنو حسـەینی بینـی دوو کراسـی سـوریان لەبـەر بـوو کەوتـن، پێغەمبـەر(ﷺ) بەرگـەی ئـەم دیمەنـەی نەگـرت، دابـەزیو هەڵیگرتـن.. پێغەمبــەر(ﷺ) غەمــی بانگــەوازو، جیهــاد و، قورەیــش و، غەزاکانــی لەسەرشــان بــوو، هەمــوو ئــەو کێشــانەی لەبــەردەم بــوو، ئەوانــەی هیچـی نەبـووە بەربەسـت لەبـەردەم ئـەوەی کـە حەسـەنو حسـەین هەڵنەگرێـتو لـە باوەشـیان نـەکات... کاتێـک ویسـتان منداڵەکانتـان پـەروەردە بکـەن هاوسـۆزیان بەرامبەریـان بنوێنـن، بـۆ جارێکیـش بێـت ئەمـە تاقـی بکـەرەوە.

کاتێـک بینیـت منداڵەکـەت دەگریـا، تەنهـا هەڵیبگـرەو بینـێ بـە سـنگتەوە.. هیچـی پـێ مەڵـێ... تەنهـا لـە باوەشـی بکـە.. هەڵگـی

غەمــی بــە.. هیچــی پــێ مەڵــێ: مەگــری؟ بــۆ دەگریــت؟ تەنهــا لەباوەشــی بکــە.. لــە (٨٠٪) ی کاتــەکان هەڵگــری دەبێتــە هــۆی وەســتانی گریانــی منداڵەکــە... زۆرجــار منداڵــەکان بەهــۆی نەبونــی هاوسۆزییەوە دەگریــن، چونکــە پێویســتی زۆری بــە چاودێــری کــردنو گرنگــی پێدانــی کــەسو کاری هەیــە.

پەروەردەی ناوازە = بەدەست هێنانانی کارامەیی

بەداخــەوە هەندێــک لــە خەڵــک وادەزانــن کــە منداڵیــان بــوو ئیتــر زۆر بەجوانــی ئەتوانــن پەروەردەیــان بکــەن، ئەمــە هەڵەیــە.. ئەگــەر کەســێک لــە تەمەنیــدا بــۆ یەکجاریــش بێــت (پیانــۆ)ی نەژەندبێــتو یــەک وانــەش دەربــارەی نەزانێــت، بــڕوات (پیانۆ)یــەک بکڕێــت لــەماڵەکــەی خۆیــدا دایبنێــت، وا دابنێــت کــە میوزیــک زانــە، بەبــێ ئــەوەی هیــچ وانەیەکــی لــە ژەنینــی پیانــۆ خوێندبێــت، پاشــان دەســت بــکات بــە ژەنینــی و دەســت لێدانــی پیانۆکــە! گومانــی تیــا نییــە ئەمــە شــتێکی نالۆژیکــیو نازانســتییە. پێویســتە مــرۆڤ هەندێــک وانــە لــە مۆســیقا فێربێــت بــۆ ئــەوەی بتوانێــت بــە باشــی پیانــۆ بژەنێــت، منــداڵ خســتنەوەش وایــە: تەنهــا لەبــەر ئــەوەی کــە تــۆ بویتەتــە بــاوک ئیتــر تــۆ نــە بویتەتــە باوکێکــی بــە ئەزمــوون، بۆیــە پــەروەردە پێویســتی بــە خوێندنــەوەو فێربونــی کارامەیــیو وانــەی پەروەردەیــی هەیــە.

پــەروەدە لێزانینــی دەوێــت، داواکاریــم لــە بــاوکانو دایــکان ئەوەیــە پێداگربــن لــە بەدەســت هێنانــی ئــەم کارامەییــە.

پەروەردەی ناوازە = گرنگی دانە بە قۆناغی پیش حەوتساڵی

یەکێــک لــە زانایــان دەڵێــت: منداڵێکــم بــدەرێ تــا تەمەنــی حــەوت ســاڵان لام بێــت، دواتــر کێشــە نییــە کــێ دەیبــات.

هەندێــک لــە ســەرژمێرییەکان دەڵێــن: لــە (٨٠٪) کەســێتی منــداڵ

لە تەمەنی خوار حەوت ساڵیدا دروست دەبێت.

منداڵانمان لەم تەمەندا لە کوێن؟ ئەم ماوە گرنگە لەگەڵ دایکان یان لەگەڵ خزمەت گوزارەکان بەسەر دەبەن؟ لەگەڵ باوکاندا یان لەگەڵ شۆفێرەکاندا؟

منداڵان ئەمانەتێکن پێویستە لەم قۆناغەدا چاودێری ورد بکرێت، نابێت منداڵ بە بچوک سەیر بکرێت لەم دەمەدا.. چونکە منداڵان لەم تەمەنەدا لە ڕووداوەکان تێدەگەن.

من بڕوام بەم بنەمایە نەبوو، کاتێک ئیبراهیمی کوڕم تەمەنی دوو ساڵ بوو، شیرینییەکم پێبوو، کردم بە دوو بەشەوە، نیوەیم دا بەو، و پێم وت: ( سەیرکە من یاسای خۆنەویستیم جێبەجێ کرد). حەفتەیەک بەسەر ئەو بابەتەدا تێپەڕی، ئەویش چکلێتەکەی کرد بە دوو بەشەوە، نیوەی پێدام وتی: (باوکە من یاسای خۆ نەویستی پیادە دەکەم!). منداڵێک لەتەمەنی دوو ساڵیدا ئەو بنەما قوڵەی خۆ نەویستی (الإیثار)ە تێ بگات.

منداڵان لەم تەمەنەدا تێدەکەن‌و هەست دەکەن؛ هەرچی چەمکی پەسەندو جوان هەیە لە ناخیاندا بچێنن، چونکە ئەم تەمەنە زۆر هەستیارە.

**پەروەردەی پەسەند پێویستی بە خەرجی زۆ رنییە**

هەندێک لە خەڵک وا گومان دەبەن پەروەردەی پەسەند پێویستی بە خەرجی دارایی هەیە، یان پەروەردەی پەسەند ئەوەیە منداڵەکەت داوای هەرچی کرد بۆی بکەیت. یان هەرچی ویست بۆی بکرێت... ئەگەر سەیارەی ویست سەیارەی بۆ بکرێت.. چونکە بێزار بووە لە سەیارە کۆنەکەی، پێویستی بە سەیارەی نوێیە، هەرچی ئاواتی هەیە پێویستە بۆ بەدی بهێنرێت... ئەمە

پـەروەردە نییـە! جیـاوازی هەیـە لەنێـوان پـەروەردەو نازپێـدان!
پێشـنیارم بـۆ بابەتـی دارایـی بـۆ منـداڵ، یەکـەم: بڕێـک دیـاری مانگانـە بـۆ منداڵەکـەت دیـاری بکـە، بەمەرجێـک لەگـەڵ تەمەنـی ئـەو و توانـای دارایـی خـۆت بگونجێـت، ئـەو خـۆی بزانێـت کـە چەنـدی بـۆ دیـاری کـراوە.

ئەگـەر ویسـتی ئـەو بـڕە زۆرتـر بکەیـت، ئـەوە پێویسـتە کاری زیاتـر بـکات بـۆ ئـەوەی دەسـتکەوتی زیاتـری ببێـت... هەرکارێـک بێـت بـا پـاک کردنـەوەی باخچـەی ماڵەوەشـبێت.. یـان شـۆردنی سـەیارەکەت. گرنـگ ئەوەیـە کـە لـە منداڵییـەوە فێـری کارکردنـی بکەیـت بـۆ ئـەوەی بزانێـت ئـەو پارەیـە لـە هیچـەوە نایـەت، بەڵکـو ئـەم پارەیـە بـە هـەوڵو مانـدو بـون دەسـت دەکەوێـت، ئـەم چەمکـە لـە سـەرەتای تەمەنیانـدا لای منداڵەکانتـان بچێنـن.



## بە هەزار پیاو

(عومـەری کـوڕی خەتتـاب) هـاوکاری نـارد بـۆ (عەمـری کـوڕی عـاس) و پێـی وت: هێـزی پشـتیوانیم بـۆ ناردیـت هێنـدە بەهێـزن، چـوار پیاویـان تیایـە: هـەر یەکێـکان بەرامبـەر بـە هـەزار پیـاوە.

ئەمـە بـۆ دوێنـێ زۆر نزیـک بـوو، بـەڵام ئەمـڕۆ ئـەو فەرمـودەی پێغەمبـەر(ﷺ) هاتوەتـەدی کـە ڕۆژێـک بەهاوەڵانـی فەرمـوو: «ڕۆژێـک دێـت کـە ئـەم نەتەوەیـە ڕاو دەنرێـت وەک چـۆن ئـاژەڵ لـە سـەر خواردنەکـەی دەر دەکرێـت»[1] هـاوەڵان ئەمەیـان لاسـەیر بـوو، وتیـان: بەهـۆی کەمیمانەوەیـە؟ فەرمـوی: « نەخێر!بەڵکـو لـەو ڕۆژەدا وەک کەفـی لافـاو زۆرن، خـودا ترسـی ئێـوەی لەدڵـی دوژمنـا لابـردووە» واتـە دوژمنـان لێتـان ناترسـن.. بـە بچوکتـان دەزانـن و بـە کـەم سـەیرتان دەکـەن، لـە دڵتانـدا لاوازی دەبینرێـت، وتیـان لاوازی چییـە ئـەی پێغەمبـەری خـودا(ﷺ)؟ فەرمـوی: «خۆشەویسـتی دنیـا و ڕق بون لـە مـردن». هەمـوو لایـەک ئـەم فەرمودەیـەی بیسـتووە، بـەڵام ئەمـڕۆ بـۆ جـێ بەجـێ ناکـرێ؟

هەرکەسـێک ئـەم جیاوازییـە ببینێـت، دەڵێـت: براکـەم، دڵنیابـن

---

١ ئەبو داود (بە ژمارە ٤٢٩٧) گێڕاویەتییەوە.



Scanned with CamScanner

موسـولمانان بالادەسـتن بەسـەر جیهانـدا ئـەو جیاوازیـە نابینـی لەنێـوان ئێمـەو دووژمنانمانـدا.. موسـولمانان لـە سـەرجەم بوارەکانـی: ئابـوری و... سـەبازی و... فیکـری و... داهێنانـەکان سـەرکەوتون بەسـەر ناحەزانیانـدا، هـەر لـە کتێبـەوە بگـرە تـا دەگەیتـە کەرەسـتەو ئامێـری بیناسـازی، بـە دڵنیاییـەوە لەسـەرجەم بوارەکانـدا سـەدەکەوین بەسـەریاندا، بـەلام وەک پێغەمبـەر(ﷺ) دەفەرموێـت: «وەک کەفـی لافـاوون – بەکوردیەکـەی یانـی (زۆر و بـۆرن)».

ئێمـە بـۆ مـاوەی (٤٠) سـاڵ نزامـان دەکـرد کە خـودای پـەروەدرگار قـودس ڕزگار بـکات، لـە هەمـوو مزگـەوتو جێگەیەکـەوە بـە ملیۆنەهـا مسـولمان دەپاڕانـەوە کـە خـودا نزایـان قبـوڵ بـکات بـۆ ئـەوەی قودس ڕزگار بـکات، یەکێـک لـە ئێمـە لـەو ماوەیـەدا نەیپرسـیی : بۆچـی ئـازاد نەکـرا؟ حاڵـی مسـولمانان لەگـەڵ جولەکـەدا وەک حاڵـی ئـەو کەسـە وایـە کـە لەبـەردەم مێزێـک دانیشـتووە، دەپاڕێتـەوە: (خودایـە ئـەم مێـزە لابەریـت، خودایـە ئـەم مێـزە دەدەمـە دەسـتی تـۆ، خودایـە ئـەم مێـزە دور بخەیتـەوە،،، چەندیـن نـزای دیکـە) لـە جێگـەی خـۆی ناجولێـت... ئەمـە لەبـەر ئەوەیـە کـە ئێمـە دەسـتمان نەگرتـوە بـەو هۆکارانـەی کـە خـودای پـەروەردگار لەسـەر زەوی دایناوە، مـن دەمەوێـت ئـەو مێـزە بجولێنـم پێویسـتە دەسـت بخەمـە سـەر مێزەکـە و پاشـان نـزا بکـەمو بڵێـم: (خودایـە هاوکاریـم بکـە بـۆ جولانـی ئـەو مێزەیـە)... بـەلام ئەگـەر بوەسـتمو نزابکـەم ئەمـە نەزانینـە، ئێمـە دژی نـزاو پاڕانـەوە نیـن، نـەکا بـە هەڵـە لـەم وتەیـە تـێ بگـەن، مـن بـڕوام وایـە قـودسو فەلەسـتین تەنهـا بـە دۆعـا ڕزگار نابـن! پێویسـتە ئێمـە قـودس ڕزگار بکەیـن، بـەلام ئێمـە لـەم دواکەوتنەدایـن و، ئـەم جیاوازییـە گەورەیـە لـە نێوانمانـدا هەیـە لـە دەسـت گرتـن

بـە هـۆکارەکان لەنێـوان ئێمـەو ئیسـرائیل.. ئەمـە نەزانینـە... ئێمـە بڕوامـان وایـە کـە خـودا توانـای هەمـوو کارێکـی هەیـە: دەتوانێـت لـە چـاو تروکانێکـدا هەمـوو کارێـک بـکات، بـەڵام خـودای پـەروەردگار یاسـا و ڕێسـای خـۆی لەسـەر زەوی دانـاوە، پێغەمبـەر(ﷺ) خـۆی شـوێنی ئـەو یاسـا و ڕێسـایانە کەوتـووە، بـۆ نمونـە لـە کۆچـدا، کـە پلانـی بـۆ دانـا و، کەسـێکی لـە جێگـەی خـۆی دانـاو خـۆی شـاردەوەو سـێ ڕۆژ لەئەشـکەوت مایـەوە، لەکاتێکـدا ئـەو پەیامـەری خودابـوو؟ هەروەهـا لـە غـەزوەی بـەدردا پلانـی دانـاو ڕاوێـژی ئەنجامـدا، لـە غـەزای خەندەقیشـدا بـە هەمـان شـێوە خەندەقـی هەڵکەنـد، لـە زۆر چیرۆکـی دیکـەدا پێغەمبـەر(ﷺ) دەسـتی گرتـووە بـە هۆکارەکانـەوە، هەروەهـا لەپـاش ئـەوەش نـزای کـردووە، واتـە هەردووکیانـی پێکـەوە کـۆ کردوەتـەوە.







ئـەم وتانەمـان چـی سـودێکی هەیـە کاتێـک ئـەوە تێگەیشـتون کـە جولەکـە باڵادەسـت تـرە، مسـوڵمانان هێشـتا هـەر لاوازن، تەنهـا ئـەو سـودەی هەیـە بـۆ خوێنـەر کـە هـەر یەکێکیـان لەبوارێکـی تایبەتـدا پـەرە بەخـۆی بـدات... مـن هیـوادار هەمـوو مسـوڵمانن خۆیـان بـۆ بوارێـک تەرخـان بکـەن ئەگـەر چـی یـاری تۆپـی پێشـبێت،

بـەڵام ببێتـە یاریزانێکـی نـاوازەی جیهانـی.. دەمانەوێـت پزیشـکو ئەندازیـارەکان و زانایانـی گـەردون ناسـی لـە هەمـوو بوارەکانـدا باشـترین بـن، دەمانەوێـت یـەک تاکـی مسـوڵمان بـە هـەزار پیـاو بێـت، وەک چـۆن هـاوەڵان یەکێکیـان بەهـەزار پیـاو بـوو.






Scanned with CamScanner



## دوژمنەکەت بناسە

ئیبنو قەیم لە کتێبە ناوازەکەی (مدارک السالکین)دا، حەوت هەنگاو باست دەکات کە شەیتان بۆ لە خشتە بردنی نەوەکانی ئادەم دایدەنێت، ئەگەر زانیمان ئەم هەنگاوانە چین، ئەوکاتە زۆر بە ئاسانی دەتوانین لەگەڵ فێڵو تەڵەکەکانی شەیتان بجەنگین، وەک شەڕی دونیا وایە، سوپای بەهێز ئەو سوپایەیە کە بەتەواوی لە دوژمنەکەی تێدەگات، لە خاڵە لاوازەکانی و، ستراتیژیەتی تێدەگات.

*** هەنگاوی یەکەم:**

کۆسپی بێ باوەڕ بونە، شەیتان هەوڵدەدات مرۆڤ لەم خاڵەدا لەخشتە بەرێت، ئەگەر بێ باوەڕ بوو ئەوە پشو دەدات، چونکە وتراوە: (هیچ تاوانێک لە بێ باوەڕی گەورەترنیە).

*** هەنگاوی دووەم:**

ئەگەر نەیتوانی بێ باوەڕت بکات بەخودا، هەوڵدەدات لە ڕێگەی بیدعە و داهێنراووەوە توشت بکات، وات لێدەکات هەندێک کار بکەیت کە لە دیندا بونی نییە، زۆر نمونەمان هەیە، یەک



Scanned with CamScanner

نمونە باس دەکەین: هەندێک لە خەڵکی بروایان وایە بە هەڵواسینی هەندێک مورووشین بە سەیارەکەیدا یان بە سنگیدا ئیتر پارێزراو دەبێت، ئەمانە هەمووی شتی بێ بنەماو تەڵەی شەیتانن بۆ ئەوەی مرۆڤ لە خشتە بەرێت.

* هەنگاوی سێیەم:

تاوانە گەورەکانە: داوێن پیسی (الزنا)... عارەق خواردنەوە.. بەرتیل... شەیتان پێت دەڵێت: تەنها یەک پێک بخۆرەوە، زۆر لە مسوڵمانانیش دەیخۆنەوە، پاشان خوا بەسۆزو میهرەبانە، کاری زۆر بکەو چێژیان لێ ببینە، خودای پەروردگار لێت خۆش دەبێت.

لە دەرگای تاوانە گەورەکانەوە دەیەوێت لە خشتەت بەرێت، مەترسی لە تاوانە گەورەکاندا ئەوەیە کاتێک مرۆڤ رۆشتە ناویەوە وازی لە نوێژو رۆژوو گرتن هێنا، ئەوکاتە نێوانی ئەوو بێ بروا بون پلەیەکی کەمی دەمێنێت، بۆیە دەبینین هەندێک لەگەنجانمان تەواو نوغرۆ بوون لە نێو تاوانە گەورەکاندا و هەموو پەرستشێکیان بیردەچێتەوە، یان لە دنیا توشی بەڵاو نەهامەتی زۆر دەبن، هەندێک جاریش هەر بە بێ باوەڕی دەمرن، هەموو مان لە ژیانی رۆژانەماندا بەشێکمان لەمانە بەچاوی خۆمان بینیوە.

* هەنگاوی چوارەم:

ئەگەر نەیتوانی بەتاوانە گەورەکان فریوت بدات، ئەوکاتە بە ئەنجام دانی تاوانی بچوکەوە سەرقاڵت دەکات: (دەست لێدان... سەیرکردنی.. پێکەنین لەگەڵ بێگانە.. درۆی سپیی ... هتد..) پێت دەڵێت: لە نێوان نوێژەکاندا تاوانەکان دەسڕێنەوە، ئەم وتەیە راستە

بەڵام مەبەستێکی نادروستی لە پشتەوەیە. - کۆسپەکانی شەیتان وایە دەیەوێت لەم ڕێگەو لە خشتەت بەرێت- پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: نوێژ تاوانە بچوکەکان دەسڕێتەوە[1]. بەڵام دەپرسین: ئایا کاتێک بەکۆمەڵێک تاوانی بچوکەوە دەڕۆیتە ناو نوێژ پلەو پایەت بەرزە یان ئەوکاتانەی کە تاوانی بچوک ئەنجام نادەیت. پاشان شەیتان کە نەیتوانی لە دەرگای تاوانە گەورەکانەوە فریوت بدات. ئەوە لە دەرگای تاوانە بچوکەکانەوە فریوت دەدات. بۆ ئەوەی بیرت لای نوێژەکەت نەمێنێت، پلەو پایەی تەواوی نوێژت دەست نەکەوێت. خودای پەروەردگار لە سورەتی (الکهف)دا دەفەرموێت: (وَيَقُولُونَ يَا وَيْلَتَنَا مَالِ هَٰذَا الْكِتَابِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّا أَحْصَاهَا).

لێرەدا تاوانی بچوکی پێش تاوانی گەورە خستووە. (فوزەیل) تەفسیرێکی زۆر جوانی ئەم ئایەتە دەکات و، دەفەرموێت: خودا پێش ئەوەی لێپرسینەوە لە تاوانە گەورەکان بکات لێپرسینەوە لە تاوانە بچوکەکان دەکات... بۆچی؟ چونکە مرۆڤ ئەگەر تاوانی گەورە ئەنجام بدا ئەوە تاوانەکەی لەبەرچاو دادەنرێت، سەیری دەکاتو بیری لێدەکاتەوە، داوای لێبوردن دەکاتو پەشیمان دەبێتەوە، دەگریو هەرگیز لەبیری ناچێت، بەڵام کاری مەترسیدار لە تاوانە بچوکەکاندا ئێمە هەمو ڕۆژێک ئەنجامی دەدەین و لەبیرمان دەچێتەوە، لە ڕۆژی قیامەتدا لە پڕێکدا ژمارەیەک زۆر تاوانی بچوکمان بۆ دەهێنن، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: «ئاگاتان لە تاوانە بچوکەکان بێت، ئەوانە لەسەر بەندە کۆ دەبنەوە تا لەناوی دەبەن»[2].

---

١ لەو فەرمودانەیە کە هەیسەمی لە مسنەدەکەیدا گێڕاویەتییەوە (٢/ ٦٠٥).

٢ ئەحمەد (بە ژمارە ٣٨١٨) و تەبەرانی لە (مسند الکبیر)دا (بە ژمارە ٥٨٧٢) گێڕاویانەتەوە.



Scanned with CamScanner

* **هەنگاوی پێنجەم:**

ئەگـەر شـەیتان نەیتوانـی بـە تاوانـە بچوکـەکان لـە خشـتەتان بەرێـت، هێشـتا وەک سـێبەر بەدواتەوەیـە بـۆ ئـەوەی لـە جێگەیەکـدا بـت پێبکێـت، ئەوکاتـە زۆر سـەرقاڵت دەکات بـە کاری بێسـودەوە . بـۆ نمونـە شـەوانە زۆر دەخەویـتو شـەو نوێـژت لـە کیـس دەچێـت، یـان فێـری زۆر خـۆری بویـتو ڕۆژوی دوشـەممانو سـێ شـەممانت پـێ ناگیرێـت، کارە ڕێگـە پێـدراوەکان ئەگـەر بیکەیـن تـاوان بـار نابیـت، بـەڵام پلـەو پایـەت کـەم دەبێتـەوە.

* **هەنگاوی شەشەم:**

ئەگـەر لـەم ڕێگەشـدا بـۆی نەگیراویـت، سـوپاس بۆخـودا، تاوانـی گـەورە ناکەیـت و، تاوانـی بچوکـت ناکەیـت چونکـە دنیـا نەویسـتیت و، هەروەهـا لـە ڕێگـەی کارە ڕێگـە پێدراوەکانیـش هـەر بـە شـوێنتەوەبوو، ئەمجـارە لـە دەرگای پەرستشـەکانەوە دێـت بـۆت..

بـە ئەنجـام دانی پەرستشـەکانت و شـانازی کردن بە پەرستشـەکانت ئـەو گەورەتریـن تاوانـە، بـۆ نمونە بەهـۆی ئەوەی تـۆ ناتەوێت لـە ماڵەوە نوێـژ بکەیـت هەمیشـە نوێـژی بـە کۆمەڵدەکەیـت لـە مزگـەوت، پیاتـدا هەڵـدەدات تـۆ نوێـژی سـونەتی زۆ ردەکەیـت، بـەڵام تـۆ کـەسو کارت پشـتگوێ خسـتووە، شـەیتان ئـەم ڕێگەیـەش دەزانێـت کـە لـە فیقهـی کارە لـە پێشـینەکان دێتـە پێشـەوە بـۆتو لـە خشـتەت دەبات.

*** هەنگاوی حەوتەم:**

ئەگەر شەیتان نەیتوانی ئەو شەش هەنگاوە بێتە پێشەوەو بتپێکێت و فریوت بدات ئەوا، تەنها یەک هەنگاو ماوە کە بتپێکێت، ئەویش ئەوەیە سەربازەکانی لە جنۆکەو مرۆڤ دادەنێت بۆ ئەوەی توشی تاوانت بکەن، وەک پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: «لە دونیادا پێغەمبەران لە هەموو کەس زیاتر توشی بەلاو موصیبەت بوون، پاشان ئەوانەی کە لە پێغەمبەرانەوە نزیکن، پاشان پێ بە پێ تا لە پێغەمبەرانەوە نزیک بن زیاتر توشی بەلاو موصیبەت ئەبن.» [1]

*** سەرنجێك:**

هەموو تاوانێک شەیتان بە مرۆڤی ناکات، گەورەترین بەڵگەش مانگی ڕەمەزانە، شەیتانەکان دەبەسرێنەوە و گوناهەکانیش لە جێی خۆیانن، کەواتە هەندێک تاوان هەیە کە لە ناخی خۆمانەوە سەرچاوەی گرتووە و ئەگەر شەیتانیش نەبێ ئەو گوناهانە هەر دەمێنن، باشە چۆن بزانین تاوانێک لە شەیتانەوە سەرچاوەی گرتوە یان لە ناخی خۆمانەوە؟ بۆ ئەم مەبەستە پێشەوا غەزالی دوو خاڵی زۆر جوانمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە:

١. هەر گوناهێک بوو بە عادەت و مرۆڤ خوی پێوەگرتبو ئەوە پەیوەندی بە شەیتانەوە نەماوە، بەڵام هەر تاوانێک بەهۆی تێوەگلانێک یان لە خشتە چونێک بو ئەوە سەرچاوەکەی لە شەیتانەوەیە، بۆ نمونە یەکەم جگەرەیەک ئەیکێشیت ئەوە

---

١ ئەحمەد (٢٨١٣٤/٦) و تەبەرانی لە (الکبیر) دا (بە ژمارە ٦٢٦) دا گێڕاویانەتەوە.



Scanned with CamScanner

شـەیتان پێـی کێشـاویت، بـەڵام دوای ئـەوەی خـۆت خـووت بـە جگـەرەوە گـرت و ئالـودەی جگـەرە کێشـان بـوی ئیتـر شـەیتان وازت لـێ ئەهێنـێ و تاوانەکـە لـە ناخـی خۆتـەوە سـەرچاوە ئەگرێ، شـەیتان وازی لـەوە هێنـاوە هانـت بـدا جگـەرە بکێشـیت، شـەیتان ئەیـەوێ تاوانێکـی تـازەت پـێ بـکا. کەوابـو ئەمـە یەکـەم جیـاوازی نێـوان تاوانی شـەیتانی و تاوانـی مرۆڤییـە، ئەگـەر تاوانەکـە ببـو بەخـوو عـادەت ئـەوە مرۆڤانەیـە ئەگەریـش بابەتەکـە بابەتـی لێتێکچـون و لەبیـر چونـەوەو هەڵـە بـوو ئـەوە شـەیتانیە.

٢. ئەگـەر کردنـی تاوانێکـت هـات بـەدڵا و وتـت: (اعـوذ باللـە مـن الشـیطان الرجیـم ) ئـەوا یـان سـوری لەسـەر کردنـی تاوانەکـە یـان لـە دڵـت دەرئەچـێ، ئەگـەر لـە دڵـت دەرچـو ئـەوە شـەیتانی بـوە، ئەگەریـش هـەر سـور بـوی لەسـەری ئـەوە خۆتـی، ئـەو کەسـەی ئالـودەی جگـەرە کێشـان بـوە هـەزار جـار (اعـوذ باللـە مـن الشـیطان الرجیم)بـکا هـەر حـەزی لێیـە جگـەرە بکێشـێ و ئەگـەر هیممەتێکـی گـەورە نەخاتەگـەڕ لـەو تاوانـە نەجاتـی نابـێ..

# پاشکۆی وێنەکان

Scanned with CamScanner



دەرهێنەری بە توانا «موحەمەد نەسیر»، ساتێکی کەم وەنەوزدان لە کاتی پشوداندا



لە کاتی وێنەگرتنی بەرنامەی (ژیانت باش )
کە خواردنمان بەسەر کرێکارەکاندا دابەش دەکرد.



هەموان بەشداربوون لە خاوێنکردنەوەی دیوارەکاندا، تەنانەت منداڵانیش.



لەگەڵ بەرهەمهێن «موحەممەد عەبدولسەمەد» و کۆمەڵێك لە گەنجان
بۆ پاکردنەوەی دیوارەکان لە «شاری جەددە».



لە ماوەی کاتژمێرێك نزیکە ١٠٠ مەترمان لە دیوارەکان خاوێنکردەوە..
خراپ نیە!



لە کاتی وێنەگرتنی بەرنامەی لە ئەندەلوسەوە ڕازەکان ٢.



Scanned with CamScanner



لە کاتی چاوەڕوانی بۆ دەسپێکردنی بەرنامەی ڕازەکان ٢.



لە کاتی وشەی ئەکشن پێش وێنەگرتن، تا ئێستاش نازانم هەمووجارێك بۆ ئەم کارە دەکەن، بەڵام دەرهێنەر دەڵێت بۆ مۆنتاژ پێویستە.



Scanned with CamScanner





لە کاتی چاوەڕوانی بۆ ئامادەبوونی ڕووناکی کامێراکان.



Scanned with CamScanner



لە کاتی ئاماژەکردن بە ئینجیل کە باسی حیشمەت و داوێنپاکی دەکات.



مستیلەیەك نووسراوە (خودایە دەستم بگرە).



Scanned with CamScanner



بەرنامەی (دوژمنەکەت بناسە).



**لە کاتی پێشکەشکردنی بەرنامەی لە ئەندەلوسەوە**

لەسەر سەرینەکەی تەنیشتم نوسراوە (بەندە ئازادە مادام بە قەناعەتە- بەندەش کۆیلەیە مادام تەماحکارە).



Scanned with CamScanner



دەرهێنەر داوای لێکردم ئاوڕێك بەلای ڕاستدا بدەمەوە و زەردەخەنەیەك بکەم تا وێنەیەك بچرکێنێت.



شەکەتی دەرهێنەر لە کۆتا حەڵقەکانی ڕازەکان ٣.



Scanned with CamScanner



شەکەتی بەرهەمهێنەری بەرنامە مەحەممەد عەبدولسەمەد.



شەکەتی پێشکەشکاری بەرنامە ئەحمەد شوقەیری.



Scanned with CamScanner







Scanned with CamScanner


Reebok









Scanned with CamScanner



چەند ساتێك زۆر خۆش لە بەرنامەی (دروستکراوە لە ..) چونکە لە شاری
جەددە دەگەڕاین سەیارەیەکی ئیسلامیمان دەست بکەوێت! نەبوو.



ڕێکخستنی مایکرۆفۆنەکە بە جلەکانمەوە بەسەرهاتێکی ترە
کە بەردەوام دەبووە کێشە.



Scanned with CamScanner



تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت بۆیاخی پێڵاو بدەن لە دەموچاوت،
ئەرێ کاکە میکیاژێك نەبوو؟!



لە کاتی خۆئامادەکردن بۆ بەرنامەی سواڵ و هەڵخەڵەتاندن.



Scanned with CamScanner



ئەڵقەی یەك ئوممەتین،
دوعا دەکەم خوای پەروەردگار وەك یەك لاشەمان لێبکات.





Scanned with CamScanner